شیعر

# خۆرنشینان

# بارانی وشە سوورەکان تەڕم دەکا!

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

٢٠١٩

پێناسەی کتێب

ناوی کتێب : خۆرنشینان

بارانی وشە سورەکان تەڕم دەکا !

ناوی نووسەر : عەبدوڵڵا سولەیمان (مەشخەڵ)

بابەت : شیعر

شوێنی چاپ: چوارچرا

نۆرەی چاپ : یەکەم

تیراژ : ( ١٠٠٠) دانە

لەبەڕێوەبرەایەتی گشتی کتێبخانە گشتەیکان ژمارەسپاردنی ( )
ساڵێ ٢٠١٩ی پێدراوە

**پێشکەشە بە:**

هەموو ئەو نووسەر و شاعیرە کرێکاریی و کۆمۆنیستانەی کە لە مێژووی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا بە وشەکانیان جەنگاون لەپێناو ئازادی و یەکسانی و ودادپەروەری کۆمەڵایەتی و سۆشیالیزم.

هەروەها بۆ تۆ ئەی ئەوەی دوو سەدەیە لەسەر کۆشکی ئومێدەوە

دەڕوانیتە پێدەشتاییەکانی تێکۆشان

دوو سەدەیە شەوە تارەکان ڕاو دەنێی

دوو سەدەیە بە ئەوینی خۆرەتاوەوە خەریکی بۆنکردنی گوڵەباخەکانی ژیانی

ئەی ئەوەی تۆ منیت و منیش تۆم

هەردووکمان ڕێبوارین

من کۆڵەکەم بۆ قەڵای خەبات

تۆش سەنگەری بۆم

## گزنگ تەنیایە وەک شاعیر

ژنێک بە گوناهی نووستن لەگەڵ تریفەی مانگ
بە گوناهی بینینی خەون
بە گوناهی نامۆبوون لە نیشتمانی پێکەنیندا
لە گەڕەکەکە چاو کزەکەمان ئەندێشەی بە باوەشەوەیە و
هەموو ڕۆژێ نیو کیلۆ حەسرەت ئەکڕێ
پەژارەیش بۆ سبەینان
ئەم ژنە عەمەلمەندەیە،
لە هۆدەیەکی حەوشەکەی زەردەپەڕدا کرێچییە
ئەم ژنە ناوی "گزنگ"ە زۆر کەمدووە و زۆر بە دەگمەن دێتە دەرێ
جار بە جارێ لەبەر هەتاو نیمدەرەیەک لە تەنیایی ڕائەخات و
خۆی و ئەندێشەکەی و بەسەرهاتێکی مەنگ
کە کەس نازانێ چی ئەڵێن و چی ئەکەن، دەداتە خۆری تەنیایی
گزنگ پێش ئەوەی لەگەڵ تەنیایی زەماوەند کات، کورتە چیرۆکی
ئەنووسی
زۆر حەزی لە خوێندنەوەی لایەنە ڕووناکەکانی تاریکی بوو
چرای ژووره تاریکەکەی ئەم خانمە تریفەییە شەو تاوەکو بەیان
داگیرساوە
ئەڵێن چەند جارێک زێوانی خەڵوەتگاکانی غەریبی

بۆ گرتنی دەستنوێژی بەیانیان گزنگی بینیوە

بێدارە و خەریکی خوێندنەوەی هەتاوە

زێوانەکە چەندجار وتوویەتی بەم چاوانەی خۆم بینیومە شەوێک گزنگ

هەر بەتاقی تەنیا چۆتە سەربان و مانگ بۆی دابەزیوەتە خوارێ

زێوانەکە سوێندی بەگۆڕی شەرابی ناو گۆزەکانی عومری خۆی

خواردووە

مانگ دەستی لە ملی گزنگ ئاڵاندووە

گزنگ ئەو شەوانەی خەون بە سەفەر و ئینجانە شکاوەکانی خۆرەتاوەوە

ئەبینێ

بۆ ڕۆژی دووایی وەکو شێت خەیاڵ لە باوەش ئەنێ و

ئەچێتە سەر گۆڕستانی خەونەکان و تا ئەتوانێ

دەموچاو و قژی ئەڕنێ.

گزنگ بەردەوام ڕەشپۆشە و بێ مێوانە

بەڵام ئەوەی دووجار ئەو سێبەرەی گزنگی دوواندبێ

ئەزانێ بۆ گوڵە دزراوەکانی ژین عاشقە و بۆتە دێوانە

*

گزنگ تەنیایە وەک شاعیر

تەنها لەگەڵ ترسا ئەنوێ

پایز ئەکا بە نیشتمان

چیرۆکنووسێکی گەڕۆکە و بێدەنگی و خەم ئەینووسنەوە

چاوی هەتاو ئەڕێژێت و

قژی سەفەر دائەهێنێ

گریانی بەکوڵ و سەرگوزشتەی پیربوون بەدیار تەنیایی ئەیهۆننەوە

گزنگ زوو زوو خۆر ئەنێرێ بۆسەر کۆڵانە ڕێشنەکە و

ئێوارانیش لەپەنجەرەی گومانەوە ئەڕوانێتە ڕێبوارەکانی دوودڵی.

تێبینی : گزنگ لەتەسکەرەکەی کە تەمێکی چڕی هەناسەیەتی شوناسی بەمجۆرەیە

ناو : گزنگ کچی ڕەشەبا و زریان هێلێکی بەسەردا هێنراوە و نووسراوە گزنگێکی ونبوو لە نووتەکی شەودا

شوێنی لەدایکبوون : ناخی گڕ

ساڵی لەداکبوون : حەرەس قەومییەکە

ئایین : بە ئەسڵ زەردەشتی

باری شارستانی : بە یاسا کەم عەقڵ و لەڕووی بایلۆژییەوە مرۆڤێکی بێ کەموکوڕ.

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٤٤ی ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## لەودیوی زەریاکانەوە ژیان بێڕەنگە وەک عاشق

لەودیوی زەریاکانەوە
کەس دڵۆپە بارانێک ناگۆڕێتەوە بە بیابانێک
کچ لەگەڵ سەفەر ناچێتە ژوان
تەنیایی جگە لەچەند بەدبەختێک بەرۆکی کەسیتر ناگرێت
غوربەت کەس نانووسێتەوە
ژیان هەمووی چیرۆکێکە و هەموو ڕۆژێک تەواو ئەبێ و
دیسان دەست پێدەکاتەوە.

لەم دیوی زەریاکانەوە
کەس خەمی بێ بن بوونی کچی نییە
پیرەکان بەدیار دامەوە دانانیشن
کەس سوێند بەتەڵاق ناخوات
کەس فەرتەنەی بووک و خەسووی نەبینیوە
کەس بە موبایل کچان وەڕس ناکات.

لەودیوی زەریاکانەوە
بەهاکان یەکسانن بەهیچ
بەخانوویەکی دەبل ڤالیۆم
بەچەند بەردێکی حەلان و وەنەوشەیەک
جوانییەکان لەنێو دەفتەردا دزێو دزێو دەردەکەون.

لەم دیوی زەریاکانەوە
دار ئەستێرە ئەگرێت و
لەسەفەری جاویدانەی شەپۆڵیشدا با هاودەمی خۆی دەردەخا
ئێواران مانگ دادەبەزێتە لای دەریا و
تا درەنگانێک هەقایەتی نەخشە شێواوەکانی بۆ ئەگێڕێتەوە
هەقایەتی ڕووخانی بورجی بابل و
تووڕەبوونەکانی فیرعەون
سەرگوزشتەی تەختی جەمشید و هەڵواسینی وێنەکێشەکانی بەردەم جەنگیزخان و
کوێربوونەوەی کانییەکانی سەر ڕێگای ئیمپراتۆری مەزن.

لەم دیوی زەریاکانەوە
فەلسەفەکان بەبێدەنگی دێن و دەڕۆن
خوا کچەکانی خۆی دەدا بە شیعر و مۆسیقا و شانۆ
تاریکی خۆی لەڕووناکی تواندۆتەوە
کەنار دەریا ئەڤینی ڕووتیی لێ ئەڕژێ
پارکەکانیش بوونە بەجێگای نمایشی ماچی عاشقە شەیداکان.

لەودیوی زەریاکانەوە
شەڕ بەیانیان خەڵک لەخەو هەڵدەستێنێ
فەتوا لەبەردەم قوتابخانەکان خۆی مەڵاس ئەدا

فیدائی سوور و ڕەش دێن و سەرقەپاغی ڕۆژەكان هەڵئەدەنەوە

گوللە ئەنێن بە وشە و كتێب

كچان ڕۆژە تەنیاكانی عومری تەنیایان ئەژمێرن

مەكسییەكانی ئومێدیان تا نیوە چۆک هەڵئەكەن و گسكی جۆگەی

وەحشەت ئەدەن

هەندێجاریش سێ چارەكیی وەڕسییان لەپێدایە و لەچكێكی خەفەتیش

لەسەر

لەبەردەرگا خۆڵی فەنابوون ئەڕێژن

سۆندەی خەمیان بەدەستەوە و باغەكانی نەهامەتی پێ ئاو ئەدەن.

لەودیوی زەریاكانەوە

ژنان مەمكیان ون كردووە

منداڵان هەر بەمنداڵی پیر ئەبن و

تراژیدیا لەبەردەمماڵەكان كەنارەی مەرگ لێئەدا

حیزب نانی خەڵک ئەدا

عەقڵ لەنێو فەتوایەكی چرچۆلۆچدا نیوە مەرگە

حوكم حوكمی قەرەقووشە.

لەم دیوی زەریاكانەوە

مرۆڤ هەر بۆ ئەمڕۆ دەژێت

كەس پرسیارە بێماناكان ناوروژێنێ.

لەودیوی زەریاکانەوە
مرۆڤ بۆ ئەویتر دەژێت
تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ شاراوە نین
خەڵک کون و کەلەبەری دیوی پەنهانی ژیانی ئینسانەکان ئاگادارە.

لەمدیوی زەریاکانەوە
مرۆڤ خۆیەتی و هیچی تر.

لەودیوی زەریاکانەوە
مرۆڤ هەموو شتێکە تەنها خۆی نەبێ.

لەم دیوی دەریاکانەوە
ژیان پەیکەرێکە و مرۆڤیش پەیکەرتاش.

لەودیوی زەریاکانەوە
مرۆڤ گەنمە و ژیانیش ئاش

کانوونی یەکەمی ٢٠١١ – کانوونی دووەمی ٢٠١٢

## وەرە و نەجیبزادانە لەدەرگای خەیاڵ بدە

-١-

شپرزەم و هەرچەند دەکەم خۆمم بۆ کۆناکرێتەوە
پارچەکانم بەسەر یەکەوە شیعرێکی جوان ناهێنن
دوو شوقەلە و تاقێک لە یەئس
سەعاتێک لەبەفر و
وێنەیەک لە جقجقەکانی حەسرەتم پێیە
چەند ئەستەمە قسەکردن بە زمانی باخچە و
ڕەدوو کەوتنی سێبەری کۆلارەکانی نیوەشەو
بازدان بەسەر خەونە سڕبووەکانی قۆزاخە پاڵ پێچراوەکانی فڕین
من لەدەنگی هاوارە بێدەنگەکانی شەوە سەرمابردووەکانا بەئاگا دێم
کتێبەکانی هەراشبوون بۆ سەفەرە ڕیش بۆزەکان
ئەنێمە نێو بوخچە تەنکەکانی ئومێد
بەشەقامی ئاسمانەکانی فڕینا
پیاسە ئەکەم لەگەڵ وەهمە بێباڵەکانی نەورەسی خۆشەویستی ئەفسانەکان
ئەبم بەئۆدیب و ئەمرم
لەگەڵ سیزیف چەند شەقاوێک لەولای پردی نامورادی
ئەگەم بە ئیبلیس و دەفڕم
شوینپێی مانگەشەو ون دەکەم

هەتا لەنێو چرایەکدا دەبم بەلالەزاری گڕ

ئەبم بەکێڵگەی ڕووناکی بەتاڤگەی خۆر

بەکەند و چۆمی بزربوون

ئەبم بە عیسایەک پڕاوپڕ لەتاوان

مەغریبانێک لەکن نیگایەکی ژاکاو

بەئاراستەی هەتاو ئەچم ببم بە خۆبەخشێکی

تەڕوبەلی لێوڕێژ لە وتنی سرووتە بێڕەنگەکان

مەغریبانێک ئەبم بەدار ئەناناس و

چروتێک لە جوغزی ئەو کەلێنانەی کەناوم ناون بانیژە، پێئەکەم و

بەپێی خاوسی ئەتڵەسێک لە خەون و شێتی ئەڵئەگرم و

سێبەسێ تەڵاقی شیعر و

ڕاوەماسی دەشتی قەراجی ئەم دڵەم ئەدەم

دەستی سێبەر بەسێبەری وشە ئەگرم

بەسەر پشتی کەشتی کتێب ناو لەخۆم دەنێم ئەفسانە.

مەغریبانێک دوای لەتێفکرین تەواو بوون

چەند شەقاوێک لەولای بیرە ئومێدێکی وشک بۆوە

دەم دەنێم بە گۆمی عەدەم و نامە ئەنێرم بۆ ژیان

هەیهو...هەیهوو من لەمەغریبان گوێ لە زیکری عەشق ناگرم

لەپەنجەرەی غوربەتەوە خۆم لێ ئەبێ بەچۆلەکە و

بە سەمایەکی کوژراوی ژێر دارخورمایەک لە گوناه

بەئاوێنەیەک لە ڕووتی

-٢-

ئەی پەڕە سپییەکانی گوڵی گفت

ئەی شازادەی مەملەکەتە وێرانبووەکانی دوای جەنگ

ئەی مەئیوس لە من

چەندجار هاتی و بەپای پەتی خۆت هەڵئەسووە

مەرقەدی دڵی خامۆشم

چەندجار پەڕۆی گومانت بەستۆتە کێڵی بیرکردنەوە

سێ بەردی خڕت لە بێباوەڕی و دڵشکان و نائومێدی

لەسەر یەکتر دادەنا و مرازت بۆ خەونەکانت دەگرتەوە

چەندجار هاتی و زریانێک لەپارانەوەت نا بەگژما

ڕۆژێ ئەستێرەت بەدیاری بۆ داگرتم

جارێکیتر کانییەکت نابووە ناو دەست.

-٣-

گەر هاتییەوە؛ لەدوای ئەو هەموو بەتاڵ بوون و خاڵی بوونەوەیەی عەشق
نەجیبزادانە لەدەرگای دڵم بدە
نەجیبزادانە باوەشم بۆ بگرەوە
ئەی پەری سپیتر لە گومان
ئەی گەڵای خەون
ئەی وەسوەسەی هەلابەهەلا بووی شیعر
تۆ نەجیبزادانە بۆم وەرە و
منیش دەرگاکانت بۆ دەخەمە سەر پشت
تۆ نەجیبزادانە وەرە
من هەورت بۆ ڕادەخەم و
تروسکاییت پێدا دەدەم
تۆ نەجیبزادانە وەرە
منیش دەتسپێرم بە شیعر
بەڕەشەبای وشە و
بەگەردەلوولی ئەندێشە
بەجۆگەی سۆز
بەتوولەڕێی ماڵئاوایی
ئەتسپێرم بە شنەی شەماڵی فێنک
بەسۆزی دەروێشانەی شمشاڵ
تۆ نەجیبزادانە وەرە و من ئەتسپێرم

بەو دەریایانەی مەلە نازانن

بەو باڵندانەی فێری فڕین نەبوون

بەهەتاوی سەرمابردوو

بەڕۆژی تاریک

بەخانمێک لەدەرەوەی ژن بوونی خۆی

تۆ نەجیبزادانە وەرە و لەدونیای خەیاڵم بدە

منیش بیابانی خەیاڵ ئەکەم بەفیردەوسی لەززەت

تۆ نەجیبزادانە وەرە و لەدەرگای خەیاڵ بدە

منیش لەنێو ئەو خەیاڵە ئەبم بەتۆ.

٤ ی ئایاری ٢٠١٢

تێبینی : ئەم شیعرە لە میهرەجانی شیعری کوردیی لە کوردستانی گەورە خوێندرایەوە کەلە ڕۆژانی ٧ و ٨ و ٩ ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ لە شارۆچکەی ڕانیە ساز کرا و لە کتێبی میهرەجانیشدا چاپکراوە.

## بەوێدا تێپەڕیم

بەوێدا تێپەڕێم
بەتەنیشت خۆلێک کێشانەوەی پەنجەرەیەک
لەژێر نسێی تابلۆیەکی قڕوقپدا
بەلێواری جۆگەلەیەک لەبارینی ئەستێرەدا
تێپەڕیم بەناو هاوارێک کە خەریکی لاواندنەوەی خامۆشی بوو
لەپەنای کتێبێکی بەرچەقۆدراودا گوێم هەڵخست
لەرزهێنەر بوو ئەو ئاوازانەی بۆ ماڵئاوایی دەژەنران
گومانبڕ بوو کاتێ ژیلەمۆکوژەکانمان دەبینی بەیەک پێوە
بەسەر سەهۆڵی ئاگرا دەپەڕینەوە
لەبەردەم گۆزەیەک شەراب
بەلای نامەیەکی پێشتر خوێنراودا کە ورد ورد پەنجەی چرپەی لە شروبی
ترس دەنا و
دەیخستە ناو دەمی پێشهاتەکانی ژیانەوە
گوندێک غایەلەم هاتە ڕێگا و
ئۆقیانووسێک لە پەرۆشیم دایە بەر خۆر
بەڕوخسەتی گێڵگەیەکی باران نەدیوو
پەنجەرەی زیندانێکی قایم کراو و
سەروڕیشی بۆیەکراوی مەغریبێکی تازەهەڵچوو
تێپەڕیم و قاوەیەکی لەناو سەرما حەشاردراوم هاتە پێش و

دەیویست لەگەڵ لێوەکانما سینی و زەرفی متمانە بکات(*)
خەونی گەڵا و فرمێسکی ڕژاوی ماسی بکات بەخەنەی ناو لەپی کچێک لە هەور
دەیوست فێڵ لە چاوی وشە و
لەبینینی وێنەی ژین و
لەگومانی شیعر بکات
بەوێدا تێپەریم
بەلای ئەو کانیانەی خەون بە مۆدێرنەوە دەبینن
بە کن ئەو ئەستێرانەی خاڵین لە ڕەنگ
پڕن لە هێڵێ نەبینراوی خەونی گەیشتن بە مرۆڤ
بەلای دارێک کە گرێبەستی لەگەڵ منداڵی وەهمدا کردووە
تا ساڵ دوانزەی مانگ جۆلانەی بۆ هەڵبەستێ
لەپاڵ دیواری گەراجێکدا تێپەریم
کەدەنگی نواندن و نیشاندانی فلیمەکانی ژیانی لێوە ئەهات
کەسەر کەسەر بەسەرهاتی ڕووخانی خۆی دەگێراوە
تێپەڕیم بەناو شاردا
بەکۆڵانەکانی سەما
بەبەردەم شانۆکانی بوون
بەلای سووچی هەقیقەتدا بەخێرایی هەنگاوم نا
خۆمم بینی بووم بە گۆلاو
بووم بە دەریاچەی پێشبڕکێی و حندرحۆپی ڕاموسان و (**)
ماچکردنی وێنەکانی تەنیایی خۆم
تونێلەکانم تێپەڕاند

بەلای شمشێرەکانی خەمدا تێپەڕیم
بەلای بروسکەی گریان و
بەلای تروسکەی ئومێد و
بەناو ناخی خۆم تێپەریم
خۆمم بینی لەخۆم ئەچووم
بی دەمامک ڕووخسارم هەر لەخۆم ئەچوو
شیعرم هەر لەڕووخسام دەچوو
خۆشم هەر لەشیعرەکانم و
هەر هەمووشمان لەئازاری مرۆڤ دەچووین.
بەوێدا تێپەڕیم
بەر لە هەڵاتنی خۆری ڕابردوو
بەر لە بارینی کۆچی تاراوگە
بەر لە کرانەوەی دەرگاکانی دۆزەخی ژیان
بەر لە سووتانی خەون بەوێدا تێپەریم
هەر تەنها بەوێدا تێپەڕیم

تشرینی یەکەمی ٢٠١٢

(*) سینی و زەرف یارییەکی بەربڵاو ناسراوە و لە دەڤەری کەرکووک لەمانگی ڕەمەزان دەکرێ.

(**) حندرحۆپ : بازبازێنو جرت و فرت

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٣٦ ی ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## ئەوان لەپەنای ژینەوە وەک گوڵەباخ سوور دەچنەوە

ئەو زۆر خەمی توند و قیت هێشتنەوەی مەمکەکانییەتی
زۆریش ڕقی لە بەستنی ستیانە
ئەو دەیەوێت مەمکەکانی فریو نەدا و
تەنها بیکاتە دەم شیعر و بە ڕۆنی شەراب بیشێڵێ
ئەو جوانی خۆی نایە نێو زەرفێکەوە و دای بە ڕەشەبای نەهامەتی
زوو زوو بەبۆنی شەڕەکان سەرخۆش دەبوو
لەسەر چەقی ڕێگاکاندا هەموو ڕۆژێ بە چەپکە گوڵێکەوە دەوەستا
تا پێشوازی لە پیاوی خەونەکانی کا.

***

سەربازەکان هەموو خۆیان دەشاردەوە
لەپەنای بوتڵی ترس و پێکی شێتی
دەچوونە کونی لوولەی چەکەکانیان و لەوێوە دەبوونە فیشەک
دەچوونە نێو خودەی سەریان و دەبوون بەسەر بۆ دوا ئەدگاری ئومێدیان
نەدەخەوتن نەوەک هەڵنەسنەوە
سەربازەکان مەرگ هەڵی نەبژاردن
ئەوان لەپەنای ژینەوە چاوەڕوانی کەژاوەی مەرگیان دەکرد
ڕیز ڕیز لاشەی ئینسانەکان لەخوێنی سوور هەڵکیشرابوون
وەک گوڵەباخ سوور دەچوونەوە تا مردن

***

ئەو زوو زوو خەونی دەبینی بە کۆتایی جەنگ
بە ئاهەنگی سەرکەوتن و سەمای عاشقانە لەگەڵ خۆشەویستەکەی
دەیویست باڕە چۆڵەکانی شار سەرمەستی لێوە سوورەکان و
پێکەنینە قەدیفەییەکانی بن
ئەو ویڵی باوەشێکی گەرم و ڕاموسانێکی سەرشێتانە بوو.
دەیویست بە تەنوورە زۆر کورت و پێڵاوە پاژنە بەرزەکەیەوە
ببێت بە بەشێک لە یادەوەری عاشقەکەی
ئەو دەیویست بەناو پارکەکانی خۆشبەختیدا گوزەر بکا
نەک دەست لە چەنە و لەسەر پەیژەی چاوەڕوانی
پیربوون زەفەری پێ ببا.

***

سەنگەرەکان بێزوویان بە ژیان دەکرد
هەموو لەناو خوێندا ببوون بە هیمۆگلۆبینی ئومێد
بەدڵی بێ دڵەوە تەماشای لاشە بەسەریەک کەوتووەکانیان دەکرد
دەیان بینی خەون لەوێ نێژراوە
نامەی دڵدارەکان بوونەتە باڵندە و دەفڕن
وێنەی دەستگیرانەکان ڕەش و سپیتییان لەدەست داوە.

***

ئەو لەگەڵ هەر بۆمبایەکدا دڵی دادەخورپا
نزای دەکرد خۆشەویستە خودە لەسەرەکەی بگەڕێتەوە
ئەگەر هیچ باغێکیش نەمابێ
لە کەناری ڕووبارێکدا حیکایەتی دووری خۆیان بۆ یەکتری بگێڕنەوە.
ئەو باسی ترس و سەفەری ئەبەدی سەربازەکانی بۆ بکا و
ئەمیش ئەو خەونە سوورەی بۆ بگێڕێتەوە کە لە دووری ئەو بینیویەتی

***

ئەوان ترس هاڕینی و مەرگ تەفروتووناى کردن
لەپەنای مەرگیشەوە پێدەکەنین بە ژیان
بە دێرە تەواونەکراوەکانی شیعرەکان
بە خەیاڵە پەرتەکانی هونەرمەندە هێڵ نەناسەکانی شار و
کتێبە سووکەکانی سەر ڕەفەکانی پشت سەری فەرماندەیەک
پێدەکەنین بە دەنگی گیزەی فیشەک و
هاڕەی تۆپ و گرمەی تەقینەوە خوێناوییەکان
ئەوان شێت بوون بۆیە پێدەکەنین
بەدەم پێکەنینەوە وەک گوڵەباخ سوور دەچوونەوە.

***

ئەوان هەرگیز نەهاتنەوە

کەس نەیزانی حیکایەتی تەواوبوونیان

کەس نەیزانی چۆن بوون بە تەم

چۆن بوون بە هەڵم

چۆن بوون بە خوێن

چۆن بوون  بە مەرگ

ئەمیش کەس نەیزانی ئێوارانێک چۆن گۆمەکەی قەراغ ماڵیان بوو بە دوا ماڵی هەناسەی

کەس نەیزانی خەونە سوورەکانی چی بوون

ئەوە نەبێ لە کورتەنامەیەکدا نووسیبووی

دەیانبینم ئەوان دەبینم سوور دەچنەوە

لەباوەشی مردندا سوور سوور دەچنەوە.

٢ ی نیسانی ٢٠١٢ئاسمانی ئۆقیانووسی ئەتلەسی

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## من بەشی خۆم ناکەم

من بەشی خۆم ناکەم
چجای بتوانم ببمە هەور و
سێبەرەکانی عەشق و
هەناسەکانی کتێب و
مۆمدانی یادەوەرییەک بشارمەوە
چۆن بەپێستی وشکەوەبووی خەونەکانم
تەپڵی ئیمان
کەواو سەڵتەی نائومێدی و
سوخمەی وەهم و
بەلەمی دەنگ و
قەپێلکە شەوێکی زڕ و
هەتاوێکی ڕەش و تاریک
جەوەڵێک لە بیرکردنەوە ئەدەم بەگرێک لە بینین

*

من بەشی خۆم ناکەم

چۆن بەدڵێک دوو ئومێد و

بەوشەیەک چەند قەسیدە و

بەشەوێکیش چەندین هەتاو بگرمەخۆ

*

من بەشی خۆم ناکەم

چونکە من و دەریا ئاوکوف نین(*)

ئەو بێ ئیزنی من خۆی دەکا بەکێڵگەکانی خەون

من و دەریا شیعری هاوبەش دەنووسین و

گۆرانی دەڵێین و دەچین دەبین بەپەڕتووکی غەدر

زوڵم دەکەین لە دڵۆپ و لەشەپۆڵ و لە لم و لەڕوح

عەسران دەڕۆین لە باخچەی گڵکەندی جاران (**)

گوڵێکی ساڵی هەشتاکان بۆن دەکەین و

بەدەنگی حەمەی کەمالی خۆ مەست دەکەین(***)

*

من بەشی خۆم ناکەم لەوەش بەگومانم بتوانم بۆنی خۆم بکەم

بەگومانم بتوانم خۆم لەئامێز نێم

بتوانم خۆم ببەم بۆ سینەمای ژیان

ببمە ئەکتەر

بچمە سەر داردولکەی تەمەن(****)

خۆم بنێرمە بەر دەرگای مەدرەسەکان و

چاو لەکچانی شەنگ داگرم

من بەشی خۆم ناکەم ئیتر چۆن ببم بە خاوەنی دڵ

کێ بەرم بۆ پیاسەی عەسرانی ڕابردوو

وێنەکانی داهاتووم ئێستا چی لێبکەم

تەمموزی ٢٠١٢

(*)ئاوکوف ؛ ڕێک، بەقەدەر، هاوسەنگ، هاوشان.

(**)باخچەی گڵکەند : باخچەیەکە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر کە جێگای ژوان و کۆبوونەوەی عاشقان بوو.

(***)حەمەی کەمالی : بێژەری بەناوبانگی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران بوو.

(****)داردولکە : دارلاستیک

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٣٦ی ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## کتێبی سەفەر

غەریب غەریب بە جادەکانی ڕۆژگارا ئەهاتمەخوار
تەنها گوێم لە دەنگی تۆ بوو
هەر گوڵێکم بۆن ئەکرد هەر بۆنی تۆ بوو
بەنەغمەی هەر پایزێکدا ئەچوومەوە
هەر شەپۆڵێکم ئەبینی
هەر سێبەرێک لەسایەیا سەرخەوێکم شکاندبێ
لەژێر هەر هەورێکی تەڕدا گۆرانیم بۆ تۆ وتبێ
هەر خەونێکم بینیبێ  و هەر ماچێکیشم کردبێ
تۆ لاپەڕەی کتێبی ئەم سەفەرەم هەڵبدەوە
لەغەیری ماچ بە فیڕۆدان
لە غەیری بە تاڵکردنەوەی خەونەکانی منداڵیم و
لە غەیری وێنەکێشانی پاسارییە مردووەکان چیتری تێدایە.
کتێبی سەفەری تەمەن پڕاوپڕە لە چیرۆک و ئەفسانە باڵ بەستراوەکان
پڕە لە گۆرانی دیل و
حەزی جوانەمەرگ و ئەندێشەی سەربڕاو
ئێوە پووزی شەرواڵەکانتان هەڵبکەن با تەڕ نەبن
وەختێ لە چەمی گومانا ئەپەڕنەوە
دەستتان نەچێتە دڕانی وێنەکانی منداڵیتان و

بەرد نەگرن لە مەلەکانی نائومێدی

چەند سەیرە سەیر، من تێناگەم چی لەکتێبی سەفەرم بە جێماوە

جگە لەشیعرێکی کورتی ناتەواو و پریاسکەیەک لە خۆشەویستی تۆ نەبێ

تۆش کەینێ دێی هۆنراوەی عەشقم بۆ بخوێنیتەوە

دەوەرە ئازیزم وەرە با لەژێر چرای خامۆشی بەختەوەریت

پێکێ لە شەرابی تاڵی هەقیقەت بخۆینەوە

با لە دەوری ئەستێرەکان سەما بکەین

با بە سەرخۆشی لە دەرگای سەرابەوە بچینە نێو گوڵزارەکانی خەیاڵ

وەرە فێرم بکە چۆن لە ژێر بارانا منداڵی خۆم بدۆزمەوە

فێرم بکە چۆن بچمەوە ناو ڕابردوو

چۆن لە بیابانا باوەش بە ئاودا بکەم

تیشک چۆن بگرم و سێبەر بە تەرازووی وەهم کێشانە بکەم

فێرم بکە چۆن لە پایزان سەفەر کەم

چ پێکەنینێک بخەمە ناو ئەلبوومەکانی ئازار

لاپەڕەکانی کتێبی تۆ ناسین چۆن هەڵدەمەوە

چلۆن بچم لەسەر گردێک لەتەم هاوار بکەم

ئەی کتێبی سەفەر با جاویدانە بگرین

با بگرین ئەی کتێب

با بگرین.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٠

## مەنفا جوان جوان خۆی بادەدا وەختێ بەشەقامی ژیان تێدەپەڕێ

مەنفا...
ئەی گردێک لە ئێش و بیابانێک لە تەڵخ
ئەی زوومی چاوی هەڵوەرینی کامیرای عومر
ئەی ڕەنگڕێژی لە تراویلکە هەڵکێشراو
ئەی سەمفۆنیای پیریی بە ویقار و تەمەن
ئەی ئاماژە
بۆ نیگەرانی دڵەخورپێی کچ و کوڕە دەزگیراندارەکانی وەتەن
ئەوانەی بە ناکامی دەمرن بەر لەوەی بگەن بە هەرێمە سەوزەکانی ماچ
ئەوانەی سەر لەدوویان دەنرێ و
دەخرێنە ئەودیوو سنوورە باوەکانی ژیان
بۆ نیگەرانی دەستلەملانێی عاشقەکانی و ترست هەیە نەگەن بە یەک
ئەی ئەوە نییە لە دوانەوە بوون بەیەک
سوێند ئەخۆن بە سەیرانگاکانی وەکاشە و ئۆمەرمەندان(*)
بەبۆسەکانی جەبەل بۆر(**)
سوێند دەخۆن بە نەزاکەتی شێتەکان و
منداڵانی لە خشتەبراوی سەیرانەکانی منداڵی
ئەی مەنفا...
ئەی گوڵەبەڕۆژە ڕوو لەهەتاوەکەی نیشتمان

ئەی ئەسپە باڵدارەکەی خەون

ئەی دوورگەکەی ئەودیو گومان

تۆ لە کوێدا دەستی نامۆییت گرتم و بە باخچەکانی غوربەتا

پیاسەی مەرگی ئەبەدیتان کرد.

چی وای لێکردی لەژێر بارانی ڕەنگاوڕەنگی خەوندا

بەدیار تەرمی زەمەنەوە لەگەڵ مندا لەپرسەی ئاو دابنیشی

سێبەرەکان لەبەر هەتاو هەڵبخەین و

ڕەدووی نائومێدی بکەوین

ئێواران گۆڤەند بگێڕین و

سبەینانیش شیعر بڵێین بۆ ئەبەدییەت

مەنفا...ئەی دووکەڵی پێچکەرەوەی سەرزەمینی سارد و خەمناک

ئەی بایەقووشی سەر خەیاڵی بەختەوەری

پەناهەندەی سەر ڕووبەری شووشەی سەفەر

مەنفا...ئەی فەرشی رەنگاوڕەنگ لە گەڵای هەڵوەریو

ئەی گۆرانییە غەمناکەکەی دووری و تەنیایی

ئەی سروودی حوزن و دڵۆپەبارانی دڵنەوایی

ئەی مەنفا...

ئەی کانیاوە لێخنەکەی پڕ لە تەنیایی و تاریکی

ئەی زوڵمەتی وەحشەتی ڕوحکوژ

ئەی بێستانە بێبەرەکەی داهێنان و شیعر

من لە کوێ ئاوێزانبوونی روح و شیعر

ڕوح و ڕووناکی
دڵ و پێکەنین ببینم.
من لە کوێدا قەرسیلی وشکەوەبووی بەهاری درەنگکەوتووت
بکەم بە دەم کوانووی ساردەوەبووی ئومێد
من لە کوێدا سەفەرەکانی عومر ڕیز بەند بکەم
سەفەری کانگۆڵکێ..سەفەری چوون بۆ قوتابخانە..سەفەری ماڵ جێهێشتن و تاراوگە
چەند لە نائومێدیدا دەست بە کزبوونی چاوانی عیشقم دەکەم
چەند لەگەڵ هەڵکردنی ڕەشەباکانی خۆڵەمێش
من نیگارەکانی منداڵیم لەپەلوپۆ دەکەون و
لەسەر چۆکان هەر لەوێدا
لەنێو لمدا ..لەنێو تابلۆ دەتوێنەوە.
من گۆزەکانی خەیاڵم لەگەڵ سپیدە وشکەکان ئاوێتە دەکرد و ئینجا دەمشکاندن
من ڕەوڕەوەکانی پیریم بەدڵشکاوییەوە فڕێ دەدایە نێو عەمبارەکانی غوربەت
ئاوازەکان لێم دەبوونە فڕۆکەی قاقەز و
نیشتمانی خەونەکانمیان بۆردومان دەکرد
دەبوون بە با و قژی کچی تازە شیعرێکیان دەئاڵۆسکان
دەبوون بە شووشەی پەنجەرە و
من فلیمی هەموو تەمەنم تێدا دەبینی

یانیش دەبوون بە فڕفڕۆکەی خەیاڵ و
خولیان دەخوارد هەتا دەبوون بە ڕەوە کارمامزێکی بناری قەندیل
بەدارستانێک لە وەهم
بەپێشانگایەک لەتابلۆی جینۆسایدی ڕەنگەکان و
شێوە و قەبارە و دەنگ و جووڵە و ڕاکێشان
ئاماژەکان لێم دەبوونە پەرەمێزێکی هیسکردوو
دەبوون بە چاویلکەی غوبار
بەپەنجەرەی دووکەڵی ڕەش
ئەی مەنفا چیتر دەستی شەقامەکان مەگرە
تازە دەریا خۆی لە ناخی جەنگەکان ڕواندووە
ئەی مەنفا لە خەو و
بیرکردنەوە و ژیان بێیتە دەرێ یان
ئێمە لەتۆ و لەناخی تۆین تاکو ئەبەد

تشرینی یەکەمی ٢٠١٢

(*) وەکاشە و ئۆمەرمەردان ناوی دوو مەزارگەن لە ناوچەی ساڵەیی و شیوەسووری بنار خاڵخالانی کەرکووک
(**) جەبەل بۆر ناوی ناوچەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک.

## سێوێک لەباخەڵی شیعردا

ئەو سێوانە مەدەرە من بیدە بە تەمەن
بیدە بەو لێوانەی کەتامی شەرابی سێویان نەکردووە
بیدە بەو کیژانەی کەسێوی حەز لەباخەڵیان کرمێ بووە
بیدە بە خەون
خەونی گەیشتن بە سێوەکانی ئومێد و
تاسەکانی نووستن لەگەڵ شەراب

*

ئەو سێوانەی بەنیازی بیاندەیتە من  شیلەی عەشقی پیا بڕژێنە
لەنیگاکانی جوانیدا هەڵێیان کێشە هەتا بۆنی ئادەم ئەگرن
بیانبەرە بەر هەتاوی لەسەرمادا وشکەوەبوو
ئەو سێوانە من دەگرن و منیش لەسێودا دەخنکێم
لەگەڵ "با"دا نووستم و هەورم بوو
لەگەڵ تاراوگە نووستم و غوربەتم بوو
لەگەڵ سێو نووستم و خەردەلم بوو
شەکرەسێوەکانی عەشق چاوەڕی ناکەن پێبگەن و ببن بەشلکە ڕازی نهێنی
ماج بەئۆقرە لێبراوییەوە سێوێکی مێخەکرێژ ئەنێتە باخەڵی و
شەوە سوورەکانی خنکاو لەشەرابیش لەغروری شیعردا ئەبن بەتەڵەزگە و
بێئومیدی دەگرن

من لەنێو دارستانێک لە سێو و بۆن لەگەڵ خۆمدا شەرابی سێو ئەخۆمەوە

شیعرێکم دێ و ماویە و ستیان دائەکەنێ و خۆی لەشەراب هەڵئەکێشێ

پەرداخێ دێ و شیعرم ئەنێ بەلێویەوە تا ئارەقەی سێو دەردەدا

منیش کتێبێک لە مەززە و

کۆلانێک لە سەرخۆش بوون و

باخچەیەک لە ڕووتبوونەوە ئەنێمە بەردەمی شیعر و

کانییەک لە چاوبڕکێکانی دوو دڵی و

بەلەمێک لە وڕێنەکانی وەرین و

جووتێ مەمکی کوترێکی بێناسنامە ئەدەم بەپەرداخێک وەهم

ئەو سێوانە بخەرە ناو سەبەتەیەک لە خەیاڵ و بیدەرە دەست کچۆڵەیەک

ئەو خەونانە بخەرە سەر سینی فڕینی چۆلەکە

ئەو حەزانە بئاخنە ناو گۆزەی درزبردووی دڵێک

من خۆم دڵم لایەکی شیعرە و لایەکی شەراب

من خۆم شیعرم لایەکی خەونە و لایەکی خەیاڵ

من شەرابم لایەکی سێوە و لایەکی مەستی

من خەیاڵم لایەکی فرینە و لایەکی دەریا

من خەونم لایەک کچە و لایەک باخچە

من سێوم لایەک تۆیت و لایەک خۆتیت

ئەو سێوانە بنێرەوە بۆ سەر دارەکانی تەمەن

بیدەرەوە بە گردەکانی هەرزەییم

بیبەرەوە بۆ کۆشی منداڵێک لە تەم

*

بیخەرەوە ناو بەرانپیلی موحیبەت
بیکەرەوە ناو باوەشی ڕۆژەکانی بێ شەرابیم
لەبەردەم مەستیمی دانێ تا مەست ئەبێ
تا سەرخۆش ئەبێ بە شەرابی تەنیایی
تا پڕ ئەبێ لە عەتری بوون
لەبۆنی بوون
لەبۆنی سێو
ئەو سێوانە مەدەرە من بیدە بە تەمەن
بیدە بەو لێوانەی کەتامی شەرابی سێویان نەکردووە
بیدە بەو کیژانەی کەسێوی حەز لەباخەڵیان کرمێ بووە
بیدە بە خەون
خەونی گەیشتن بە سێوەکانی ئومێد و
تاسەکانی نووستن لەگەڵ شەراب

# دواجار ئەچمەوە لای ڕووتیی

بەڕووتیی بەشەقامەکانی خەیاڵا پیاسە ئەکەم
دواجار ئەچمەوە لای ڕووتیی
ڕووتیی ئەمباتەوە لای خۆی
یەک یەک جلی یەئس و غوربەتم لەبەر دائەکەنێ
لەتەنیشت خۆیەوەم دائەنێ
منیش لەجەستەی ئەڕوانم و زەوقی ڕووتییم هەڵئەسێ
لەڕووتیی ئەو خۆم ئەبینم بوومە بە ئاوێنەیەک و
کچانی ڕووت سەیرم ئەکەن
لەخۆشما ڕووتیی هەر بەڕووتیی ئەبینم
لەڕووتییا مەمکی ژنان وەکو گڵۆپ دائەگیرسێن
دەست ئەبەم بۆ قژی ڕووتیی جگە لە چەپکە تیشکێکی جێماوی خۆر
چی دیم لەگەڵ دەستدا نایێ
کەدەست لەجەستەی ڕووتیی دەدەم دەستم دەچێتە ناو جەستە و
دڵیشی دێتە ناو لەپم
ڕووتیی ڕووتتر دێتە بەرچاو تەنانەت لەودیوی جەستەی،
پەردەی پەنجەرە و ستیان و لاپتۆپەکەم لێوە دیارە

وا ئەزانم خەون ئەبینم

دێت و خۆیم لێ ئەئاڵێنێ و ڕووتی دێتە ناو لەشمەوە

منیش تێر ئەبم لەڕووتیی

*

وەرزی ڕووتیی وەرزی بەریەککەوتنی حەزە و جەستەیە

وەرزی ڕووخانی دیواری ئەندێشەیە و بەربەستەکانی خەیاڵە

لەو وەرزەیا باران ڕووتە و

هەتاو رووتە و

شیعر ڕووتە و

منیش ڕووت

*

شەقامەکانی ڕووتیی پڕ لەئاوێنەن

هیچ کەس هێندەی من نەچۆتە بەردەم ئاوێنەی ڕووتیی

کەچی ڕووتییم  تازە دەڵێی بالق بووە و

هەموو ڕۆژێک خەونی نوێ نوێ دەبینیت و

خۆی لێ دەبێت بە سەوداسەر

*

پەقرەنجێک ڕووتییم بدەنێ

با غوسڵی جل لەبەرکردنم لە لەش دەرکەم

*

لەڕووتیدا ئەتوانم بە خەیاڵ بفڕم

مەیلی کەنیشکەکانی ببەم بۆ لای خۆم

لەتەنیشت جادەکان گۆرانی بڵێم و

شیعر بە ڕووتی بسپێرم

سەما لەڕووتی هەڵکێشم

تێنووێتی کانی بە ئاوی ڕووتی بشکێنم و

خۆشم بچمەوە لای ڕووتی

تشرینی دووەمی ٢٠١٢

## پیاوێک لە ئەفسانە

پیاوە پیرەکەی ناو دەریا
دەستەکانی کردبوو بە سەوڵ و
جەستەشی بەبەلەم
پۆل پۆل خەونی ڕەنگاوڕەنگی
بۆ کەنارەکانی جوانی دەپەڕاندەوە
سەرکەش بوو سەرکەش
گوێی نەدەدا بە شەپۆڵ و باو و بۆران
نەدەترسا بمرێ
کەمن ئەوانەی ترسی مردن لەدڵیاندا نییە
کەمن ئەوانەی باکیان نییە لەکوێ ئەمرن
پیاوە پیرەکە دەیویست خەونەکان بپەڕێنێتەوە
ئەوسا چی دەبێ با ببێ
پیاوەکە لەناوەڕاست دەریا تەمێک بردی
بە پایانێک دوایین پەردەی ژیانی دادرایەوە

*

وەختێ قرشێکی ئیرەیی لەتوپەتی کرد
پیاوە ئەفسانەییەکە بوو بە مارماسی
نا بوو بە نەهەنگ
بوو بەهەتاوی دەریایی و
ژێر ئۆقیانووسی خەیاڵی درەوشانەوە
پیاوەکە ئێستاش هەر ماوە و لەناو شیعرێکدا ئێواران پیاسە ئەکا
لەکەنارێک لەگەڵ کچە خەیاڵێکی جوان خۆی دەداتە بەر خۆری هاوین
کە دەشخەوێت
دێت لەناو ئەم وڕێنەیە چاو لێک ئەنێ
پیاوە ئەفسانەییەکە مرد بەڵام ماوە
خەونەکانیش لە سڕەدان تا لە دوورگەی خەیاڵی جوانی دا بمرن
نەک سەرزەمینێکی تاریک
پیاوە مرد بەڵام ئێستاکەش زیندووە!

٢٠١٢-١٢-٢٣

## کچە پرچ درێژەکەی مایکۆفسکی

شیعرم نووسی
ویستم بیدەم بەهاوڕێیەک
تەماشام کرد
لەتەنیایی کوشندەدا نیمە هاوڕێ
بۆیە بەنامورادییەوە شیعرم برد و
ئێستاش نەمدایەوە ئاوڕێ

*

ویستم بۆ کچێکی نەشمیل بیخوێنمەوە
وەکو "نینا" پرچ کورتەکەی سابت ڕەحمان(*)
کە قردێلەی ئەستێرەی لەپرچی دەداو
خەونی دەکرد بە چەکوش و داس
وەک کچە ڕووتەکەی نەزار(**)
نەستیانی لەبەردایە و نەژێرکراس

*

ویستم بیدەمە دەست کەرکووک
کەچی ئەویش لەشەوێکی مەلوول دەچوو
مانگی زویر تاسەی بردبێ
لەگۆمێکی خنکاو ئەچوو
باروووت هەناسەی گرتبێ

*

دامە دەستی وشە و وتم
با نەبم وڕ و کاس و گێژ
ئەم گۆرانییەم بدەرە دەست
کرێکاری بانگەواز بێژ

یانزەی کانوونی دووەمی ٢٠١٣

(*) مەبەست ڕۆمانی (نینا) یە کە سابت ڕەحمان نووسیویەتی.
(*مەبەست نەزار قەبانی شاعیرە.

## پیاوە گەورەکان

پیاوە گەورەکان بە کونی دەرزی باریکدا دێن و دەچن
ئەنگوستیلەی نقێمیان لەپەنجەدایە
کەرشیان هەیە و
حەز لە بۆنی پارە ئەکەن
لە نێو خۆشیان زۆر بە جوانی لە فیتی یەکتر تێئەگەن
پیاوە گەورەکان نەخۆشن بەڵام کەسیان سەردانی پزیشک ناکەن
حەزیان لێیە لای فاڵچییەک ناو لەپیان بۆ تەماشا کرێ
پیاوە گەورەکان زۆر برسین
یەکی یەک دوو سیمکارتی قاچاخیان هەیە
حەزیان لە سەفەر کردن و ڕامووسانی کچی گەنجە
ئەوپیاوانە سەرقاڵن و کاتیان نییە بخوێننەوە
کاتیان نییە وەڵامی مۆبایلەکانیان بدەنەوە
ئەوە فەیسبووک هەر مەپرسە... دێن هەر بۆ چەند لایکێک و
گفتوگۆیەک لەگەڵ ژنێک، یان بەزمانی ئەوان
"زەعیفە" یەک بێننە دوان
ئەو پیاوانە یەکتر بە ڕاوچی ناو ئەبەن
ئەو پیاوانە قاتیان لەبەرە و
هەتا بڵێی چڵێسن
سەر و سمێڵیان بە بۆیە شاردۆتەوە

چاوپێکەوتن و دیداری میدیاکانیان زۆر پێخۆشە
ئەو پیاوانە باڵا بەرزن لەهەمان کاتیشدا گرگن
خوێندەوارن بەڵام لە خوێندنەوە ناگەن
ئەو پیاوانە بەجفرە یەکتر ئەدوێنن
پڕ نهێنین
زمانیان وەک شووشە لووسە
ئەو پیاوانە لە سەربانان ناخەون و
ناچنە کتێبخانەی گشتی
ئەوان ناوی ڕێستورانت و یانەکانیان گشت لەبەرە
ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرز و کیلۆمەتر سفر نەبێ لێی ناخوڕن
ئەو پیاوانە هەموو ژیانیان درۆیە
چونکە کەسێ پێیان ناڵێ
بەری چاوتان دوو برۆیە.
ئەو پیاوانە
لەبەردەم "جنس اللطیف"دا هەتا بڵێی خاکین، خاکی
وەلێ ڕوو بە خەڵکی سادە و ستەم لێکراو
پڕاوپڕن لە خیانەت و
لێوانلێون لە ناپاکی

ئازاری ٢٠١٣

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## لەژێر لێزمە خەیاڵ دەیبرد بەڕێوە

لەژێر لێزمەیەک لە بارانی شێت
هەنگاوەکانی خاو و لەسەرخۆ
پشتی چەماوەی کردبۆوە چەتر
بە هاوڕێیەتی گۆچان و خەیاڵ
ورد ورد وشکێتی لەلەش دەرئەچوو
بیری چووبۆوە کە ئێستا پیرە و ناتوانێ ڕێ بکات
ئەو لە ڕابردوو
لەناو تەمێکی یادەوەریدا
لەگەڵ کەپلەکەی لە ژێر باراندا پیاسەیان ئەکرد
خۆشەویستییان تێکەڵی خەون و هەناسە ئەکرد
باسی ژوان و
یەکەمین ماچ و
یەکەمین شەوی پێکەوە نووستن
یەکەمین نیگا
ئینجا بە قاقا لە گەڵای وەریو ورد ئەبوونەوە
لە ئێوارانی ساماڵی شاریش
مانگیان ئەکردە شاهید بەسەر یەک
خۆیان بە تریفە دەپۆشی

لەسەر قەد داری تەمەن ناو و

بەرواری یەکەم یەکتر ناسینیان ئەنووسی

*

ناتەوێ خەیاڵ بەجێت بهێڵێ و بەتاقی تەنیا بمێنیتەوە

هەر گۆجانەکەت بەجێی نەهێشتووی

دڵدارەکەت و

شەوە جوانەکان

سەفەرەکان و جریوەی باڵندە گشت جێیان هێشتی

تەنیا ماویەوە هەتاکو مەست بی بە فێنکایی شەو

بۆنی تەنیایی و

گڤەی و هاژەی با

بە لەرینەوەی داری تەمەن و

مۆسیقای دوا هەناسە

مەهێڵە خەیاڵ تەنیا جێت بێڵێ.

ماڵئاوا نەکەی لە خەمی چەماوەی ناوقەد گوشراوا

ماڵئاوا نەکەی لەداری فڕیو

لە شکستی ئومێد،

لە خەونێکی فریو خواردوو

لە بەردێک کەخەریکی تاشینی پەیکەری سەفەرە

لە هەتاوێکی ڕەشداگەڕاو

لە خونچەیەکی پیر

ماڵئاوا نەکەی لەسێبەری ڕووت

لە چاویلکە تەڵخەکانی سەر ڕوومەتی ڕۆژگار

نەکەی دەستی باران بەردەی و

بڕۆیتە ژێر سەمای غەمگینانەی شیعر

تۆ لە ئێستا هەر خەیاڵ و شیعر و باران نامەکانت دەخوێننەوە

هەر کەناری دەریای تەنیایی ژیانتە قژی چەرمووت دادەهێنێ

نەکەی واز لە خەیاڵ بێنی

نەکەی زویر بی لە ڕابردوو

نەکەی ..نەکەی

شوباتی ٢٠١٣

## تامی فەنا

بە نزای گوڵەوە کەوتمە شوێن تۆرانی با
بەترسەوە ئەمپرسی بوەستە با دڕکەتێلی شەو نیگاکانت زامدار نەکا
بەدەم ڕێوە با فیکەی ترسی لێئەدا و
منیش پەنجەکانی دەستم لەڕاڕاییدا دەتەقان
چەند دوودڵ بووم نەمدەتوانی ببم بەدەربەندێک لە دەنگ
نیگەران بووم خۆمم بەپەرتی سپاردە چوونە نێو جوغزی سەما
تا وەک زۆربا خۆم بنێرمە بەر تاقە تاقانە چۆڵەکەی تاقی سپارتۆ
سەیرە ستایشی سێبەر ئەکەم کەچی بەیاسای هەتاو سزا دەدرێم
لەگەڵ گەڵا ئەخۆمەوە، بەحوکمی دار هەڵئەواسرێم
سەفەر ئەکەم ئەدرێمە بەر نەقیزەی ڕێ
گەر کتێبیش بخوێنمەوە. هەر بەوشە چوار مێخەی بیرم دەکێشرێ
خۆم دەنێمە نێو دڵۆپە ئارەقەیەک
دەبم بە مۆلیکیۆلی بوون
دەچمە سەرووی تیشکەکان و خوێنی شین و زەرد و سەوز و پرتەقاڵی
ئەبەخشمە نەخۆشەکانی پەلکە زێڕینە

*

حەوسەڵەی ژیانم نەماوە گوڵم بۆچی نەچینە قەراغ مردن
بۆ مەلەیەک نەکەین لەدەریاچەی وەهم
ئاخر پێشبینم دەکرد لەگەڵ کردنەوەی دەرگای دۆزەخدا
فریشتەیەک خۆی بە کاروانی حۆرییەکاندا بتەقێنێتەوە
نەمدەتوانی بڕوا بەوە بێنم دەمرم
کەمن دوو ڕۆژ تامی چێژی ژینم نەکردووە
حەوسەڵەم نەماوە گیانە وەرە سواری بەلەمی فەنا بین
بە بەدەم سەوڵی بیرکردنەوە لێدانەوە
بۆ هەر جێگایەک بچم
نمەکی بوون بچێتە کەلێن و قوژبنی سەفەرمەوە
کەنیگا دەبڕمە هێلانەی سەر دار هەنارێک
ناوێرم تەماشای فڕینی کۆترەکانی خۆشەویستی بکەم
کەدەچمە قەراغ ئۆقیانووس
لەسینگ و مەمکی کچانی ئەم وڵاتە ڕانامێنم
کە لە دەرگای شیعر دەدەم
بەمن بێ ڕۆژی دەیان جار نمەکی ئەوماڵە بکەم
بێئەوەی نمەک حەرام بم

*

من چی لەتامی ژیان بکەم
کە فەنا چاوی لەچاوم بڕیبێ
چی لە عەشق بکەم
کە دابڕان لەسەر کۆڵانی ژیان چاوەڕوانم بکات
چی لە شیعر بکەم
کە کەس نەبێ بۆنی وشە و تامی هەستی ڕستە بکات
چی لە خۆر بکەم
کە تاریکی لەژێر باڵی خۆی حەشاری بدا
چی لە بوون کەم کە تامی فەنا و بۆنی فەنا بداتەوە.

تەمووزی ٢٠١٣

## مەرگ بوەستە..جارێ سەرقاڵی ژیانم

سێبەرەت دەبینم کە بە تەنیشتمدا ڕەت دەبێ
دوو سێ وەرزێکت لەدەست بەردەبێتەوە
کۆخەیەک دەکەی وەک ئاگادارم بکەیتەوە
وەک ئەوەی مێوانێکی ناوەختم بیت
منیش بەردەم بژاردنی هێشوەکانی ژیانەوە
ئاوڕێک دەدەمەوە و بزەیەکم بۆ دەکەی
تەماشایەکی سەعاتی مەچەکت دەکەی
وەکو بڵێی درەنگە و کاتمان نەماوە
بە هێماوە دەڵێم دە تۆ پەلە مەکە
لەو چەند چرکەیەی چاوەڕێی
تەماشای وێنەی لەجام گیراوی گەنجیم دەکەی کەلەسەر مێزی تەمەنم دامناوە
لەبەردەم کتێبەکانمدا ئیستێک دەکەی
دەست دەبەی بۆ کتێبی "دایک" و پێمدەڵێی " دووجارم خوێندۆتەوە"(*)
هەردوو دەستی ڕاست و چەپت دەخەیتە پشتەوە و ئینجا سەیری بنمیچەکە دەکەی
دەتەوێ شتێ بڵێیت و دەنگیش ناکەی
منیش لەناو وێنەکانی ئەلبوومەکەم. وێنەیەکی خێزانی

حەیرانێکی حەسەن حەیران(**)

چڵێ نێرگز و دوا کۆشیعرم هەڵدەگرم

ملپێچەکەم لەمل دەکەم

خێرا خێرا ماچی ڕۆژەکانم دەکەم

شیعرەکانم دەخوێنمەوە

بۆنی منداڵیم دەکەم و

لەباوەشی نێرگز سەری ماندووم دەکەمە سەر سینەی وەفا و (***)

سەرخەوێکی بۆ دەشکێنم

دواتر دەبینم بەدیارمەوە وەستاوی و

دەڵێی" دەی..درەنگ کەوتین"

ئەوسا هەردوو لەبەردەم دەرگای فەنادا فەرموو فەرموو لەیەک دەکەین

سەرجەم تەمەنم دەبێتە تەنها سەعاتێک و

زەنگی تەواوبوون لێدەدا

لەتاواندا وەختە شێت بم..دەقیژێنم تا دەتوانم

لاچۆ ڕزموون..کەی ئێستا کاتی مردنە

جارێ سەرقاڵی ژیانم.

(*) ڕۆمانی دایک نووسینی مەکسیم گۆرگی.

(**)حەسەن حەیران ، حەیرانبێژێکی ناوچەی هەولێرە.

(**) نێرگز هاوژینمە.

## جوان گوێم لێیە..غەریبێک لە دەرگام دەدات

غەریبێک لە دەرگام دەدات
بێ گوێ دانە ژمارەی هەناسەکان و
ژماردنی بۆنی گوڵە شەوبۆکان و
ڕنینەوەی لاسکە دەنگی قەسیدەیەک
بە فەرامۆشییەکەوە دەرگای خەونێکم واز دەکەم
دوکەڵێک لە وشە جامی چاویلکەی چاوم تەڵخ دەکات و
فەرموو لە گلێنەی ڕووتی ماچێ دەکەم
پەیتا پەیتا خۆم هەڵدەسووم لە غوباری چربوونەوە و
لە تەمی بزەیەک دەبم بە گوێسوانە بۆ بۆنێکی قەرزکردوو
هەی داد غەریبێک لە دەرگای شیعرم دەدات و
منیش کلیلی بەختەوەریم فڕێ داوەتە ناو ڕووباری خەیاڵەوە
تازە بە جام خەریکم ڕووباری چاوەڕوانی وشک بکەم
چەند بەستەزمانە ئەم دڵەی من
چەند گوناهە شاعیر بوون و
چەند ئەستەمە دڵێک لە وشە بنێژی

*

تازە پاش چی..؟ دوای سەربڕینی دڵەکان
من دڵۆپە بارانەکانم بۆ کۆ ناکرێتەوە
بە سواری پاسکیلی تەنیایی
کۆڵانەکانی ئەم ئاسمانە هەورئاژنەم پێ تەی ناکرێ
چ قەلەندەرم برادەر چ قەلەندەر
من و با ئاشت بووینەتەوە
ئەو دێ و یەخەی کراسێکی لە غوربەت هەڵکێشراوم دەباتە دواوە
کەی لەگەڵ سەفەر دانووم کولاوە؟
وا دوورگەکانی عەدەم خەریکی کەرنەڤاڵی پێشوازیمن
غەریبێک لە دەرگام دەدات
من دەیناسم و دەزانم لەسەر مێوانداری شەوێک
وەختێ بە قاچاخ سەرخۆش بووم
بە ناسنامەی تەزویرەوە خۆم کرد بە دالانی فریشتەکانی خەو
دەمدا بە دادگای دۆزەخ و
هەتا هەتا فریشەتم لێ دەتۆرینێ
لەسەر وێنەیەکی دڕاوی حەزرەتی مەرگ
خوام لێ زوییر دەکا

*

غەریبێک لە دەرگام دەدات
ئەو دەمناسێ و من نائاشنا بە زایەڵەی دەنگ و ڕەنگی
گوڵێکی ڕەش لە فیردەوسی وڕێنەیەکەوە دێنێ

بەلەمێک لە وەهم دەداتە دەم زەریای بێدادییەوە

دار عەسایەک لە ئاگری بەدەستەوە

دەنگی دەڵێ گوناهە سووتاوەکانی نێو دۆزەخە

ناوی سیانیم دەپرسێ و هەر بە ئاگر سەحێک لەبەردەم ناوەکەم دەدا و

دەڵێ

تۆ چۆن دەڵێی خودا لەناخی خۆم دایە

چۆ دەڵێ خودا ژیانە

ئەی نابینی خوا لەبەردەم دەریای ئاگر چاوەروانتە.

غەریبێک لە دەرگام دەدات

دەڵێ وەرە با کچێک بکەین بە ناوبژیوانی خۆمان

قاسپەی کەوەکانی غەدر هەڵبگرینەوە

وەرە با دەست بە ژماردنی درەختەکانی مردن بکەین

فەنا زیز کەین

بە قەیاغی نائومێدییەوە زێی عەدەم ببڕین

سکاڵا لەسەر خۆرە ڕەشەکان تۆمار کەین

لەبەردەم بارەگای سوڵتانی گەورە بەبۆیە بنووسین بەهەشت بۆ کرێ!

گۆر بە قەرز و باخچەش بۆ وشکبوونەوە

چ سەفەرێکی جاویدانەیە..ناشتنی هەموو ئەم نەمامە سووتاوانە

لەبابیانی خۆڵەمێشی بوون

بانگم مەکە..چیدی وەڵام نادەمەوە

چیدی دەرگا ناکەمەوە

لەدووم مەیێ..من سبەینان قلینجانی لەگەڵ خۆر و خودا دەکەم
بە قانوونی حەشر دەبێ سەری فریشتەکان ببڕێ
بگەرێوە..ئای خودا گیان بگەڕێوە
ئاخر پشتکردن لە عاشق نەهامەتی بە شوێنەوەیە
دەستی کۆترەکان بەرمەدە
ئەم هەرێمە خەریکە پڕ دەبێ لە ئەستێرەی کوژراو
لە پەڕەسێلکەی سەربڕاو
ئەم هەرێمە تەنیایی بەخۆوە نابینێ
بگەڕێوە..من دەزانم دڵت نایە ژنە کوژراوەکان
لەبەردەم دۆزەخ فڕێ دەی
دڵت نایە کۆمارێک لە دڵنەوایی بسووتێنی.

*

غەریبێک لە دەرگام دەدات
بڕیام داوە ئەو دەرگایەی بەڕوودا نەکەمەوە
تا نەبینم خوا خاچەکەی فڕێ دەدا و
لە نەفخی سوور دەنووسێ ژن کوشتن بەسە!!!

سەرەتای ٢٠١٤

## من چیتر دەست بە بنچکەگیای ژیانەوە ناگرم

چش با تۆفانی غوربەت بمبات و لە تەنیایی بخنکێم
چ باکم بە ڕۆژە کالیپتۆزییەکانی عومر نییە
ئەوە نییە لەبەردەم حەشاماتی مەرگ
بێباک لەوەی دەگەم یان نا
زەمبیلەی فەنام بە کۆڵەوەیە و
کوچە بە کوچە تیشکی ڕژاوی سەرشان و ملی هەموو تەمەنم دەگێڕم و
بانگ دەکەم بانگ
بانگی عجوبی زەمەن و ڕۆژگارەکان
بانگی خەونی سەعلوکیکی سەرشێت
چەند ئاسوودە بووم وەختێ پاسارییەکان بە خوڕ دەبارین
منیش گیرفانی منداڵیم پڕ دەکرد لە جریوە
دەستم دەنایە سەر چاوم و خۆمم بەرز دەکردەوە و
لەسەر نووکی پێکانم ڕادەوەستام
دەمەوێ خۆم بم
وەختێ کەنارییەکانی تەنیایم دەخوێنن
دەمەوێ خۆم دانی غوربەتیان بۆ هەڵڕێژم و
لەقەفەسی تاراوگە ئازادیان بکەم
نامەوێ هیچ دەستێک دەست بەسەری شیعرمدا دابینێ

دەمەوێ خۆم بم و هیچیتر

با کەس لە بری من نەچێتە سەر کۆلانەکانی نووسین و

وشە بداتە دەم باوە

من دەمەوێ خۆم بم و بەس

هەر خۆم بە تەنها

نە لە کەس بچم و نە کەس لە من بچێ

نامەوێ ببمە ئەکتەری هیچ شانۆگەرییەکی لەخۆم نەچوو

ئەمەوێ خۆم بم هەر بەهەمان هەستکردن بە خۆشی

وەختی لەژێر باراندا ڕێ دەکەم

نامەوێ بە گەمژەیی ئەو پارەدارانەی کە پێیوایە

لەگەڵ قسە هەڵبژڕکاوەکانی ددانەکانی دەردەکەون، پێبکەنم

نامەوێ ئاشنای ماسک بم

چۆن نەمناسیوە و نامەوێ بیناسم.

من چیتر دەست بە بنچکەگیای تەمەنەوە ناگرم

با هێدی هێدی لەگەڵ تەپوتۆزی مەرگا بنیشمە سەر ڕوخساری ڕەنگ و

ڕوخساری ژیان

٢٠١٤

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٥٧٥ ی ساڵی ٢٠١٤ بڵاو

بۆتەوە.

## فەرزەندەیەک ناخی کردووم بە دەلاقەی حەزەکانی

فەرزەندەیەک لە ناخمدا
پێدەکەنێ بە هەیبەت و بەتەمەنی تێکشکاوم
نە زۆر شەرمنە و نە سەلار
هەموو ڕۆژێک وێنەکانی بچووکی خۆی و
ئەفسانەکانی ترسم پێ نیشان ئەدات
ساتەوەختێک پێدەکەنێ و
هەندێجاریش هەر بۆ خۆشی پەنچەی ناوەڕاستی دەستیم پیشان ئەدات

*

فەرزەندەیەک لەناخمدا گەورەیە بە ئەندازەی پیریم
پیرە بە قەدەر منداڵیم
زمانی ئەفسانە دەزانێ و
پاڵەوانی چیرۆکەکانی تەنیایی و ترس و شەرمە
ئەم منداڵە..شوێن پێی تەمەنم هەڵدەگرێ و ونم ناکات
لە شوێنە گشتییەکانی شار پیریم تەریق دەکاتەوە
لە ڕۆمان و بەسەرهاتی ڕۆژەکانم دائەبڕێ
لەنێو ئاپوورەی وەهمدا سەما دەکات
ئەم منداڵە..هەر کەزانی خەیاڵم خەریکە بفڕێ
لێم دەبێتە قەفەسێک و باڵندەی ڕوحم دیل دەکات

توانای هەیە سەراب لە خۆیدا هەڵبگرێ و

لەشەواندا خەونی ڕەنگاوڕەنگ ببینێ

لە قاوەخانەی غوربەتتدا چاوەڕوانی قەدەر بکات

ئەم فەرزەندە جگەرەکێشێکە عەییار

بن سمێڵ و دانەکانی زەرد دەچنەوە

لەحەژمەتی هەڵمژینی نیکۆتینی پەشیمانیی

ئەم منداڵە نەدەچێتە قوتابخانە و نە شاعیرە

کەچی شیعری جوان دەنووسێ

زۆرجار لەبەردەم پیریمدا دەستەسڕی خۆشەویستی دەگرێتە دەم

کۆخەیەک و دوان دەکات و

لەشوناسی غوربەتی شیعرم دەپرسێ

*

فەرزەندەیەک لەناخمدا نە ئەلکهول ئەخواتەوە و

نە لە هیچ باڕێک بینراوە

کەچی هەمیشە سەرخۆشە بە ترس و خەم و ڕاچڵەکین

شێتەکان دەبات بۆ مێژووی ئاوەژوو بووی ئەم دەڤەرە

مەستەکانیش بەرەو باغەکانی ئەوین

*

فەرزەندەیەک لە ناخمدا خەریکی گەمەی ژیانە

وێنە تەماوییەکانی خۆم

نامە شپرزەکانی با

دەئاخنێتە کونەگوێ و کونەلووتی جەستەی خەیاڵ

بە گۆچانی بیرەوەری چەند شەقاوێک لەولای خەونەوە دەوەستێت و

هێدی هێدی ڕەنگەکانی ژیان ئەبا

دڵی بە پەنجەرە و حەوشەی هیچ شیعرێکم داناکەوێ

دێت لە ناخما لیستی حەز و خۆزگەکانی تاوتوێ دەکا

ناخم ئێستا بۆتە نیشتمانی ئەو و

ئەویش بۆتە ئێوارەیەک لە ئومێدی پێچڕاو بە تەم

٢٠١٤

## کتێبی بەفری شین

بەفر هەناسەی قورس بووە و
بەسەر پەیژەی گزنگەوە
دەڕوانێتە ئاونگەکانی جوانیی و
جاویدانە مێژوویەکە سەما دەکا
لەمبەری زەمەنیشەوە سینگی بۆتە گۆڕەپانی هەورەکان و
بەسەر کەژاوەی ئاوەوە پێشبڕکێ لە خەما دەکا
جۆگەلەکانی تاریکی دەنێتە سەر نەخشەی ئومێد
ناخی بەفر ئەڵێی پرسەی ئازیزێکە و قەترانییە.
کتێبێکە پەڕەکانی لەزەمزەمییەتی خەیاڵە و
وشەکانی سپین وەکو ماچە کورتەکانی کۆتر
لەدەلاقەی خەونێکی پڕ لەتەمومژ
گۆرانییەکانی چۆلەکە و کۆچی سەفەر ئەنووسێت و
پڕە لەخەون.
پڕە لەمۆمی سەرەڕۆ
تەژییە لە چرای فێڵباز
لێوانلێوە لە حیکایەتە مەزنەکانی خواوەندەکان
لە تاریکی دوای خۆرئاوابوون دەدوێت و سینگی پڕ لە ئەستێرەیە
پڕ لە ڕوحە،پڕ لە ماڵئاوایی و سەفەرە.

لە بینایی بەفری شیندا،دەریا کەسکە
هاوار بێدەنگ بێدەنگ دەڕژێتە سەر گەڵای تەمەن
خۆر نوستووە،و باخچەکانیش گوڵ و گەڵای گڕ دەردەکەن
بەفری شین بێکۆتاییە و خاڵییە لە منداڵی و
لەسەفەر و گەمەکانی دوای ڕژانی ئەستێرەکان
لەدڵی وی خودا و شەیتان قۆڵی یەکتر بادەدەن و سەخت دەجەنگن
فریشتەکانیش ئێواران لەباڕێکی لاچەپی سەر ڕێگای بەهەشت
خەریکی سەفا و ئاهەنگن.

٢٠٠٨

# من کۆمەڵێ ژمارەم

من چیم.. گۆشت و ئێسک و خوێنم

بیری عیشق و

کانی هەست و

ئاسمانی جوانی نوێنم

بیرکردنەوە و خەیاڵ ئەمبەن بۆ گەشتی دوور

پەرجووی ژیان

ئەمنەخشێنێ بە ڕەنگی سوور

ڕەنگی پێستم ڕەش بێ

سپی یا گەنمڕەنگ

ئۆقر ناگرم

لە لێواری جیهانێکی کپ و بێدەنگ

کانگایەکم لە یادەوەری و ڕابردوو

ڕووبارێکم لە داهاتوو

داری ئومێدم شۆڕەبی ڕێی ژیانە

کوانووی خۆزگەم

ژیلەمۆکەی دڵ و گیانە

ئەمێستاکە لەم کیشوەری ئاسوودەیی و

سەرزەمینی بەختەوەرییە

ئا لەم قەشەنگترین شارە

منی مرۆڤ بووم بە ژمارە

لە مۆڵەتی شوفێریدا

لە سەرکار و

قوتابخانە

لە بیمەی کۆمەڵایەتیدا

لە ناو بانق و

نەخۆشخانە

من خۆم نیم و

ژمارەیەک لە جیاتی من دەڕوات و دێ

وەک سێبەر جوێ نابێتەوە

هەنگاو بە هەنگاو پێ بە پێ

لەم کیشوەری خەم و خەونە

خاڵیم لە خەڵک

خاڵیم لە ژین

ژیان تێکچڕژاو وەک تەونە

لەم سەرزەمینە غەددارە

دیلی کاتم

شەو و ڕۆژم غارەغارە

لەم هەورستانی تاراوگە

چرکە چرکەی هەناسەکانم تۆمارە

بووم بە جەبری باڵای شار و

بووم بە کۆمەڵێ ژمارە

٢١ی نیسانی ٢٠١٥

تێبینی : ئەم شیعرە لە بڵاوکراوەی نسێ ژمارە ١٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ بڵاو کراوەتەوە.

## فەنائنامەی خۆشەویستی

پێدەچێت زنجیرەی کوفرەکانم هێندە درێژ بوبێتەوە
تا خوا بەو شێوەیە پێی لێهەڵکەوێت و
منیش ناچار بەدۆزەخ کرێم و شەرابی خوێن لە نێو پەرداخی دوکەڵ و خۆڵەمێشا بنۆشم
من بادەی تەنیاییم لە تەنیاییدا هەڵدەدەم
لەمێژە لە چاوەڕوانی کۆڕی دەستەی یارانم و
کەسێک نەهات گوێ لە چیرۆکێکم بگرێت
تەنیایی من وەک تەنیایی عاشق نییە
تەنیایی من وەک تەنیایی خودا نییە
من لە خۆمدا دابڕاوم و هەموو ڕۆژێک هەر بەتەنیا
دەبمە باڵندەی گۆرانی و لەسەر داری خەونێک دەنیشمەوە
هەر بەتەنیا خۆم و گردۆڵکە ڕووتەنەکانی هیوا لەسەر چینچکان لەسەر ڕێگا دادەنێشین
جگەرەیەک دەکێشین و هەتا خۆرنسشین چاوەڕوانی دەخۆینەوە
نەهەورێک دێت چایەکمان لا بخواتەوە و
نە کچێکیش پرسیاری عاشقەکەی دەکات
ئێوارانیش دەچینەوە لای پیرە گڕ و
گوێ لە بەسەرهاتەکانی خۆشەویستی ئاگر ئەگرین

دوایین نامەیەکی سک تێر ئەخوێنینەوە

" کە ڕۆیشتی لەڕیی دلۆپە بارانێکەوە سۆراغمان کردی

لەڕێی ئێوارە بەسامەکانەوە ویستمان بزانین چویتەتە کوێ

دەچووینە بەردەم "با" تا بۆنی هەناسەت بکەین"

من نەڕۆیشتووم،ئەوەتانێ لەنێو دوکەڵی برسێتی

جەستەم بێژنگم خەریکە دەدەنە دەست خەونکوژەکانی تیرۆر

دڵی کون کونم دەبەنە لای بیابانی قەدەر و

ئاتەتولایەک گوللەبەندی چارەنووسی بۆ کردووم و وا بە شانی

چەپمەوەیە

من نەڕۆیشتووم کەچی خەریکن لە ئەنادۆڵ ژوورێکم بەکرێ بۆ دەگرن

لەبەغداوە هاتوون بمبەن بۆ باوەشی جام و سەفای نوگرەسەلمان

من نەڕۆیشتووم هێشتاش دەزگیرانی خۆرم

هێشتاش لەنێو سەرابی چاوەڕوانیدا ئەستێرەکانی خۆشەویستی ئەژمێرم

ئەرخەوانێک نەهات بەدەم تاسەمەوە

دار گێلاسێک ئێوارانێک نەهاتە لام

من نەڕۆیشتووم ئەوە ئێوەن بەجێم دێڵن

ئەوە ئێوەن دەمکەنە دیاری ئەنقەرە و شام و تاران

*

من دڵێکم بە بێ خوێن و خۆریکم بە بێ هەڵهاتن
خوێنم بۆتە شەرابی سەر مێزەکانی یانە سەرخۆشەکانی بوون
من ڕووناکی چاوەکانم بۆتە پەنجەرە و بانیژەی چاوەڕوانی
من نەڕۆیشتووم هەتا هەورێک مابێت چاوەڕوانیم بکات
هەتا گزنگێک تۆرابێ، هەتا شەماڵێک باوەشم پێدا نەکات
هەتا منداڵی غوربەتم
لەسەر دڵم ئاوارەبووی تاراوگەمدا پێنەکەنێ
من ناڕۆم و نەرۆیشتووم و بوونی عیشقم هەر دەمێنێ.

٢٠٠٨

ڤانکۆڤەر- کەنەدا

## من و براکەم

چەند سادەیە براکەم
بە منداڵی دڵی شکاندووم و
بە گەورەیی دەیویست ئاشتم بکاتەوە
ئەو نەیدەزانی دڵی شکاو زۆری دەوێ تا وەکو خۆی لێدێتەوە
براکەم سادە بوو وەک بیرکردنەوەکانی
وەک ژەمە خواردنەکانی
ئەو هەرگیز لە هەفتەیەکدا
دووجار لەسەر یەک گۆشتی لەسەر پڵاو برنج نەخواردووە
کە دەیبینیم منداڵ دەبۆوە
دەیوت حەزم لە ڕێواسە
دایکم گیری خواردبوو بە دەستییەوە
بۆ کڕینی پرتەقاڵ دەینارد
بە عەلاگەیەک لیمۆی شیرینەوە دەهاتەوە
چوو بوو تایت بکڕێ
کیسە خوێیەکی هێنابۆوە
ئەم برایەم چەند گوناهە
ڕقی لە شەقام و کۆڵان دەبۆوە
بە منداڵی شەوارەیان بۆ نەگرتبوو

دایکم دەڵێ بە چاو چووە و

چەند جاریشم بردۆتە سەر مەرقەدەکەی ئۆمەرمەردان

دایکم لە براکەم گوناهتر

کەچی هەردووکیان بەزەییان پێم دەهاتەوە

دەیان وت شیعر لە خشتەی بردووی

کتێب ئەفسوونت لێ دەکا

دەنا ئەو هەموو وڕێنەیە و

قسە هەلەق و مەلەقانە لە کوێوە دێنی

دایکم دەیوت کتێب نەبوایە

هەرگیز نەدەبوویە ئەم سەرشێتەی

ناوت لە خۆت ناوە عاشق

ئاخر وشە هەندێجار ماڵێک ڕووناک دەکاتەوە و

هەندێ جاری تریش ماڵێک کاول دەکا

چەند سادە بوو دایکم کە دەدوا

بێ ئەوەی پەرجووی کتێب ببینێ

ڕوخساری مانگ و مەرگی دەناسی

هەر ئەویش بوو براکەمی بە ساوایی

لە خەوی قووڵ جێهێشتبوو

کاتێ گەڕابۆوە ماڵ

بینیبووی مەلۆتکەکەی وا بەسەر باڵی پاسارییەکانی حەوشەوەیە

خەریکن لەگەڵ خۆیاندا دەیفڕێنن بە ئاسماندا

بیرم نایە براکەم چەند ئەندازەیی قسەی دەکرد

بەڵام دەزانم بە جومعەی دەوت جوعمە و

بە دەعوەتی دەوت دەوعەت

براکەم بە ئەنقەست بەلوعەی دەشکاند و

تا بزانێ باوکم چۆن توورە دەبێ

بە گاڵتەوە بە مێشکوژەکە پلاستیکیەکەیماڵەوە

خوشکەکانمی هەراسان دەکرد

لە جەژنەکانیش

لە پشتەوە سواری پاسکیلی دەکردم

چ گوناه بووە براکەم

لە منداڵی مەحکووم بوو تا ببێ بە پیاو

ببێ بە لێپرسراو و سەرکردەی ماڵ

ببێ بە ڕابەری دایک و خوشکەکانم

براکەم لە ژیانەوە فێر نەبوو

ژیان لە براکەمەوە فێر بوو بوو قومارکردن لەسەر عەشق

وەک یاریکردن وایە بە ئاگر

براکەم بەو گوناه و نەزانییەی خۆیەوە خۆی لێکردبووم بە مامۆستا

ڕۆژانە وانەکانی ترس و لێدانی بۆ شی دەکردمەوە

دەبوایە هەموو ڕۆژێک سێجار بڵێم ڕقم لە وەرزشە و

ڕوخساری ترس ماچ دەکەم

براکەم تا مابوو

خەندەیەکم بە سەر لێوییەوە نەبینی

ئاخر وایە سەرکردە نابێ پێبکەنێ

کە مردیش بەرانپیلێ گریانی

لەبەر هەتاو هەڵخستبوو تا وشک بێتەوە

براکەم گوناە بوو گوناە

ئەو بە گوناهی لە دایک بوو و

بە گوناهیش مرد

منیش جارجار سەر لە گۆڕەکەی دەدەم

گوڵێک لە وشە جێدێڵم

بۆ شەو دێتە خەونم و دەڵێ ئەو وشانە بە کەڵکی چی دێن

تۆ بۆ بە کتێب ئیزعاجم دەکەی

براکەم بوو بە سەراب و یەکجار ون بوو و نەمدیتەوە

منیش ئیتر لای گۆڕەکەی ئارام ئارام

دوایین لاپەڕەکانی کتێبی ژین هەڵدەدەمەوە.

٥ ی ئایاری ٢٠١٥

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## لەناو مانای ژیان

بۆ ئەو ئینسانەی کە بووە قوربانی پیادەکردنی ئازادی خۆی

من لە داخی خەمەکانی نیشتمان و
گوڵە دزراوەکانی بوون خۆم مەست ئەکرد
لە نەبوونی تروسکایی ئومێدی گەش بە ڕزگاری
خۆم پەست ئەکرد
نەتان ئەزانی منی لاو
چۆن لەناو تاریکیی ژیان بینم ناوە بە فەناوە
وەڕس وەڕس بە پەیژەی ڕۆژ هەڵئەزنام
نەتان ئەزانی من ئەچووم هەموو ڕۆژێ
گزنگی ناو تابلۆیەکتان بۆ بێنمەوە
ڕوحی وشکی ناو جەستەی خۆم بژێنمەوە
دەستی جۆگەلەیەک بگرم بەرەو رووبار
وەک شنەبا دەستم بۆ سینەی ئاسمان و
مەمکی تریفەی مانگ ئەبرد
ئەچووم لەگەڵ سێبەرەکان باسی عەشقی خۆرم ئەکرد

*

چەند سادە بوون دەستتان کە بە خوێنم سوور بوو

ویژادانەکانتان لە کوێ بوون

ئەی هەست و سۆزتان

دڵی بەردتان بۆ کوێ چوون

ئێوە هاواری بێدەنگی منتان نەبیست

نیگای جوانی و تکای بەسۆی منتان نەویست

*

چۆنتان توانی ڕقم بەسەر ببارێنن

چ جورئەتێک وای لێکردن ڕوحم بسپێرن بە مردن

ئاخر من ئێوەم خۆش ئەویست!!!!!

ئێوە منتان نەکوشت ..نا..نا..

خۆتان کوشت و

عەشقتان کوشت

ئومێدتان کوشت

خەونتان کوشت

ئێوە منتان نەکوشت..نا..نا..

ژیانتان کوشت ژیان

ئەی ژیان کوژینە!!!

ئەو چرکەیەی دوایین هەناسەم تێدا دا

ئەموست بڵێم" دەتخوا مەمکوژە باوکە" جووڵەم نەما

بووم بە چرایەکی کوژاوە

بە ڕوحێکی لەتوپەتکراو

بە گۆرانییەکی وردوخاش

بووم بە پارچەیەک لە مردن

بووم بە لەتێک لە نەبوون و

قاژێکی گەورە لە سەفەر

تازە تەواو

لەناو مانا ژیان بۆ ئێوە چی لێما

تازە تەواو

ڕوح و عەشق و خەونم ڕۆیی و

لاشە و شەرم و تاوان جێما!!

حوزەیرانی ٢٠١٥

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## ویڵبوون

لەنێوان خەون و ئەندێشە دەستی منداڵیم لێبەربوو
ئەو لەنێو کۆڵانەکانی یادەوەری سەرگەردان بوو
منیش لەبارەکانی خەم مەست دەبووم بە ئۆقرەکانی غوربەتەوە.
کێ منداڵی منی دیوە؟
کاتێ بەلای تەلارەکانی تاراوگە پیاسە دەکا
خۆی لێ دەبێ بە ئەفسانە و پاڵەوانە مەچەک ئەوستوورەکانی نێو
حیکایەتە تەماوییەکان
منی تەنیاش پەنجەرەکان لەبەرچاوم بچووک و بچووکتر دەبنەوە
قەلەڕەشەکان دەخوێنن
باڵندەکان بەبێزارییەوە لە شەقەی باڵ دەدەن
دەریاچەکەش بە دڵتەنگییەوە ڕاکشاوە و
جەستەی خۆی داوەتە بەرخۆر
ئەمە چ جوانییەکە ڕەنگەکان ببینی بخنکێن
زەردەخەنەکان ماڵئاوایی لە دەموچاوەکان بکەن
هەتاو بە کزی خەریک بێ ئاسمان دەکێشێتە نێو تاریکیی

*

منالێک هەیە لە ناوما پێدەکەنێ بە هەیبەت و بە تەمەنی تێکشکاوم

شەرمن سەلار هەموو ڕۆژێک وێنەکانی منالی خۆی و

ئەفسانەکانی ترسم پێ نیشان ئەدا

گەورەیە بەقەدەر پیریم

پیرە بەقەدەر منالیم

لە زمانی جەنگەکان و ئاوارەبوون تێدەگات و

پالەوانی چیرۆکەکانی تەنیایی و ترس و شەرمە

ئەم منالە شوێن پێی تەمەنم هەڵدەگرێ لە جێگا گشتییەکاندا ونم دەکات

لە پیاسەکانی ئێوارەم دائەبڕێ و

لەپایزاندا لەنێو ئاپوورەی گەڵا وەریوەکاندا بەسزای تەریقبوونەوەم

دەگەێنێ

ئەم منالە هەر کە زانی خەیالم خەریکە بفڕێ

دەمنێتە نێو قەفەسێک و بالندەی ڕوحم دەکوژێ

ئەم منالە توانای هەیە سەراب لە خۆیدا هەڵگرێ و

لە شەواندا خەونی ڕەنگاوڕەنگ ببێنێ

لەقاوەخانەکانیشدا چاوەڕوانی قەدەرە لێڵەکان بکات

ئەم منالە جگەرێکێشێکە عەیار

بن سمێڵ و دانەکانی زەرد دەچنەوە لە حەژمەتی هەڵمژینی نیکۆتین و

توتنە بۆنخۆشەکانی خەم

ئەم منالە نە دەچێتە قوتابخانە و نە شاعیرە

کەچی شیعری گەورە گەورە دەنووسێت و

زۆر جار لەبەردەم پیریمدا

بە دەستەسڕی خۆشەویستی ئارەقەی لاجانگی گەنجێتی خۆی دەسڕێ

نە تەکیلە ئەخواتەوە و نەتریاکی بێکەسیی کاری تێ دەکا

کە چی هەمیشە سەرخۆشە بەڕاچلەکین و بەترس

ئەو سەرخۆشەکانی شارەکەم بە قەتارە دەبات بەرەو کێڵگەکانی فەنابوون

ئەو شێتەکانی نێو مەچکۆ و شەعب دەبات بەرەو مێژووە بێ دەست و

پێیەکانی غەدر

مناڵێک لەناوما خەریکی گەمەیە ئەو وێنە تەماوییەکەی خۆم و

نامە شپرزەکانی بام دەئاخنیتە کونەگوێ و کونەلووتی جەستەی غوربەت.

ونبوونی مناڵەکەی ناخم زەنگی لە شەقەی باڵدان و

هەڵفڕینی باڵندەکانی ئارامی و

سەرەتای وەرزی نغرۆبوون و

ئاشنابوونە بە دووکەڵی ئەوین و مەرگ

کۆدی لێکدابرانە لە خۆشەویستی و یادەوەری

دووبارە هێنانەوەی جفرەکانی نەهامەتی و غوربەتە

جوانەمەرگ کردنی جوانییە لەنێو دزێوی و

کوشتنی ڕەنگەکانە لە جەهەنەمی خۆڵەمێش

ڕمانی ئاسمان و تەپینی قەڵای هەورە یاخییەکانە

گێڕانەوەی داستانە کۆنەکانی مێژووە
لە شەوە هەتاهەتاییەکانی ژیان
من وێڵی دووی منداڵیم و ئەویش بەپڕتاو لێم هەڵدێ
من دەستم بە یادەوەری و
ئەو شەق هەڵدەدا لە مێژوو
مێژووی وێڵبوون بەدووی خۆی و سووتانی هیواکانی من.

کانوونی دووەمی ٢٠١٥

## لەدوا هەناسەدا وتی

بۆ شیلان ئەو خونچەیەی بەهۆی ڕەتکردنەوەی
کۆنەخوازییەوە بوو بە خۆراکی مەرگ

ئێ چی دەبوو لەبری فیشەکەکانی غەدر و ستەم
بە چەپکێ گوڵ
بە دڵی پڕ ئومێدەوە
بۆ پێشوازی بەهاری نوێ بچوومایە
لەجیاتی ترس و هەڕەشەی کوشتن و مەرگ
مێوانی خەنەبەندان و
بووکی قەفەسی زێڕین و
مەستی ماچی ڕوومەتێکی ئاڵ بوومایە
ئاخر بۆچی وەک مەل پێکرام
بۆچی خوێنم ڕژا بۆچی
هەر لەبەرئەی پێموتن
قەت مل نادەم بە کۆنەخوازی و ملکەچی.

ئازاری ٢٠١٦

## گۆڕانی کەش و هەوا

باڵندەکان یەکە یەکە کۆچ دەکەن و
گیانلەبەرەکان لەبەردەم تیغی گۆڕانێکن گەورە
لەبەردەم ئەژدیهای مەرگن
تیاچوونی لەسەرەخۆی سروشت
کۆپی خانە و
بە ڕۆبۆتکردنی ژیان
سەرجەم وجودیان پێکاوە و سەمفۆنیایەکی بێدەنگن

*

چەند بێدەربەستین ئێمەی مرۆڤ
بێ گوێدانە ژیانی ملیۆنان ئاژەڵ
ملیۆنان باڵندە و ئینسان
هەموو ڕۆژێ دەچینەوە بەگژ جوانی و
دوای کورتە بیرکردنەوەیەک تێهەڵدەچینەوە دیسان

*

ئینسانەکان یەکە یەکە دێنە مردن

ژیان خواستی زۆر لەسەرە

دە ئەی بۆچی بۆ چاوچنۆکی تەماحی سەرمایەدار

ئەو جوانییەمان وەک جلێکی تەسک لەبەرە

*

ئێمە دەژین بێبیرکردنەوە لە نەوەکانی داهاتوو

پێمان وایە ئێمە هەر خۆمان داهاتووین

چەند دڵرەقین

لەسەر تیاچوونی سروشت و گیانلەبەرانی سەر ڕووی زەوی راهاتووین.

ئازاری ٢٠١٦

## مامەحەمە

لوقمەپیاوێک لەدەرەوەی چەقی وشە و شیعر و قوتابخانە و کتێب
نامۆ بە ڕۆژنامە و نووسین
بەڵام شاعیری بێدەنگی و دەرچووی زانکۆی تەنیایی بوو
شیعرەکانی لەسەر تەم و
لەسەر پەلکەزێڕینە و سەراب دەنووسی
ئاونگی عەشقی دەنایە دەم کۆرپەکانی چارەنووس
لەژێر بەرداشی زەمانا ببوو بە ئارد
کەچی هێشتا هەر تۆکمەیی لێ دەچۆرا
لە دووتوێی ئەفسانەکاندا ببوە یاخت و
ببووە پردی سەر جۆگەلە و
ئاسمانی سەر هەتاوە خامۆشەکەی بوون
جنێوە شیرینەکانی لەهەنگوینی سادەیی و دڵپاکی و وڕاسگتۆیی
وەردابوون
لە زەماوەندی هەتاودا و لەپرسەی شەوە نووتەکان
لەسەر ڕێی چڵەئاواتێ هەڵدەکورما و
پشتی دەدایە دیواری مەینەتی و دەستەنگی و ئازار
هێشتا گەنج بوو دەستی گۆچانی دەگرت و بەرەو پیربوون هەنگاوی نا
هەموو ڕۆژێ سینییەک لە شەبەنگەماچ

تەبەقەیەک پڕ لە پەلکەزێڕینەی عەشقی هەڵدەگرت و
بژێوی خۆی و تەنیایی دابین دەکرد
چیرۆکەکانی پاڵ هەنسک،
لاوکەکانی لووتکەی حەسرەت بۆ مندالانی بزێوی شار دەوت و
لەبەردەم مزگەوتی خولیا
ڕێک لە تەنیشت دوکانی تەمەنفرۆش و خەونفرۆشی بازاڕە بچکۆلەکەدا
بە بێدەنگی و لە دڵەوەش بە هاوارێکی ئێجگار بەرز
بانگی بەختەوەری دەدا بەگوێی ڕێبوارانی وڕ و کاسی ڕێ لێونبووی گوزەرەکە
ئاسمانی دەکرد بە مۆڵگەی بەگژاچوون
تووڕە تووڕە..ڕەوە ڕەوە هەوری نەعرەتەی دەیگرماند
لێزمەی ڕق و زریانی بەنەفرەتکردن ژین و قەدەری دەیباراند
ئەویش چەتری بانگەوازی بەدەستەوە و
هێواش هێواش بەگردەکەی نائومێدی سەردەکەوت و
پشکۆی شیعر
ژیلەمۆی خەم
خۆڵەمێشی بێزاری و ژانی دەنایە سەر مەقەڵەی ژین
هەر بە خۆی و سینی و تەبەقەی عەشقییەوە
گۆشتی وشە و کەبابی خەمی دەبرژاند
بۆ ئێوارەش خۆی و سوپایەک لە ڕەشبینی و بێهیوایی بەرەوماڵ دەبوونەوە

لەسەر سەکۆی تەمەنێکی پڕ لە وێنە ئالووسییەکانی قەدەردا
ڕوو لە گڕی باوەگوڕگوڕ دانی خۆزگەی دەدایە بیبیسووەکانی خەون و خەیاڵ
دواتر خۆشی چەشنی باڵندەی تاسێندراو
چەشنی وشەی ڕاپسکاوی نێو دەفتەرێک
دەچووە باوەشی هەتاو و
لەنێو خەونێکی قوللابی دەبووە پاشای وڵاتی میزۆپۆتەیمیا
دەبوو بە مانگ
بە خۆرەتاو
بەئاوازی گۆرانی کچە قەرەجەکانی سەر ستەیجی نەهامەتی
دەبوو بە خەنەبەندان و دەبوو بە شایی بۆ نۆبووک
دەبووەوە گڕ بە ئەفسانەکەی نێو قەڵا و لێوار چەمی خاسەی کەرکووک.

ئازاری ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٦٦٠ ی ساڵی ٢٠١٦ بڵاو بۆتەوە.

## نەوەکەشم لە ئێستاوە کرێکاری چاوەڕوانییەتی

ئەگەر لەگەڵ باران داکەم
ڕوح دەنێمەوە بەرگیانی جۆگەلەیەک
وشکەخاکی کرێکارێک تێراو دەکەم
لەگەڵ بادا وەکو سروەی ئێوارانێک
فێنک فێنک ئارەقەی دوای ڕەنج و کاری کرێکار وشک دەکەمەوە
دەبم بە ژێی دەنگی ئومێد
بۆ قوڕگی پڕ لە هاواری کرێکارێکی ناڕازی
لەبەهاران دەبم بە گوڵ
لە شەوانی هاوینیش ئەستێرە
بۆ چاوە ماندووەکانی کرێکار دادەگرمە نێو
ئینجانەکانی خەون و ئاسمانەکانی تێفکرین
لەخەونیشدا من هەمیشە کرێکارم
لەگەڵ تێپەڕبوونی زیاتری هەر چرکەیەک لە زەمەن
زیاتر غەرقی کرێکاربوونم دەبم
چ قەدەرێکە من باوکم کرێکار بوو
خۆیشم هەروا کرێکارم و
نەوەکەشم لە ئێستاوە کرێکاری چاوەڕوانییەتی.

ئازاری ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە کاریگەری ئسلوبی سابیر هاکای شاعیری کرێکارانی ئێرانی بەسەرەوەیە.

## هەردوو یەکین و یەکیش نین

پێشکەشە بە من و بە ئەو

من ئێستا لە خۆمی دوو سەدە لەمەوبەر
لەخۆمی جاران و
سادەیی ڕابردووم جیاوازم، وەک یەک نین
بەڵام هەر نۆشاوی ڕێبازی مارکسە
هەڵوەدا وەک تینوو دەینێمە سەرمەوە بە یەکبین.
من ئێستا جوایەزتر دەڕوانمە خەبات و
بەڵام وەک دووسەدە لەمەوبەر پەیگیرم
من ئێستاش ڕێک وەکو دوو سەدە لەمەوبەر
بەخەم و ستەم و مەینەتی و کۆیلەتی دەرگیرم.
ڕێگاکەم هەر هەمان ڕێگاکەی جارانە
لەوەرزی خەباتما هەر هەور و هەر لێزمە و بارانە
لە ئاسۆی تێکۆشان من تەنها هەر خۆرێک دەبینم
هەر تەنها هەتاوە جوانەکەی ئازادی ڕووناکی دەنێتە نێو مشتم
یەکڕیزی و یەک جەستەی خەباتم
سەنگەری پتەوە و قەڵایە بۆ پشتم.

❊

ئێستاکەم بەجەستە تۆزقاڵێک سەرحاڵتر

بە بیریش ئاڵۆزتر ماندووتر

خەریکم چواردەوی بەئاگر تەنراوم

دەنێمە نێو دەفری ئیرادەی شێلگیرم

نەترس دەناسم

نە شەکەت،

نە گومان

پشت ئەستوور بە وانە و ئەزموونی مێژوومان

بەچاوی تەڕترم لەجاران خەمەکان دەبینم

هەر بۆیە بێ وەستان بوومەتە بڵێسە و

پەلاشی ستەم و بێمافی دەسووتێنم

زنجیری کۆیلەتی ژیانم دەتوێنم.

❊

من ئێستا و خۆمی بەر دوو سەدە پێش ئەمڕۆ هەر یەکین

یەک هەنگاو

یەک باوەڕ

هەردووکمان فیشەکی یەک جەنگین

یەک گڕین بۆ سووتان

یەک هاوار بۆ ڕووخان

تەماحی ئەوپەڕی قازانج و سەرمایە زنجیری پێ و دەستە

یەک ئاوات ڕزگاری ئینسان و

جیهانی یەکسانی سەر زەوی

بۆ من و بۆ ئەوی دوو سەدە لەمەوبەر ئومێد و مەبەستە.

ئازاری ٢٠١٦

## سێ دەنگ و ژنێک

چ جوانییەکی تێدا بەرجەستە بۆتەوە
پەرییەکە ساڵ دوانزەی مانگ
لەباوەش بێ ئۆخەی ناکەی
دەنگی یەکەم

*

ئەم جوانە دە کاتژمێر کاری کردووە و
پەلەیەتی بچێتەوە ماڵ
هاوسەرەکەی و منداڵە یەک ساڵانەکەی چاوەڕێین
دەنگی دووەم

*

ئەم ژنە جوانە نە جەستەی خۆی دەبینێ و
نە هۆشی لای ڕێبوارانە
بیرکردنەوەی لای خێزان و لەلای کارە
خێزانێک تەژی لە وەفا و
کاریش مارە.
دەنگی سێیەم

نیسانی ٢٠١٦

## چاوەڕوانی

لەوەتەی چاوم بە دونیا هەڵهێناوە
تاڵەتروسکەی ڕووناکیم نەبینیوە
جگە لە خەم و تاریکیی
جگە لە دەرد و مەینەتی
گوێشم لێبوو بابەی نەخۆشی نێو جێگام بە دایەی وت:
ئاخ هەزار ئاخ ئەم جگەرکۆشە ئازیزەم
ئاخۆ چ داهاتوویەکی ڕەش
چ ڕۆژگارێکی قەترانی وەک نێچیر چاوەڕوانییەتی

نیسانی ٢٠١٦

## تەرم

سواڵکەرێکی بچکۆلانەی
نە لە مانای ژیان دەگەی
نەتامی خۆشیت چەشتووە
خەمی ڕۆژ نەبێ ئەی ئازیز
تۆ خۆت خەمت جێهێشتووە.
دەبێ ئینسانییەت لەبەردەم پەیکەری تۆ نەیگرێ شەرم
ئاخر گەورەم هیچ دوور نییە
شەوێ شەقام ببێ بە گۆڕ
تۆش تیایدا ببی بە تەرم.

نیسانی ٢٠١٦

## فیرعەونی هەزارەی سێ

ئەمن بە نووستوو ئەژمێرێم لێ چاوەکانم کراوەن
وەک بێدارێک دەژیم دەخۆم دێم و دەچم
لەبەردەم یاسای جەنگەڵی ئەم ژیانە
وەک کۆیلەیەک سەرکز گوێڕایەڵ ملکەچم
بیانەوێ دەمدەن بەشەڕ
دەمکەن بە لەمپەر بۆ ئاسوودەیی خۆیان
من بێبەهام منی عەقڵ لەخشتەبراو
ئەگەر نەبمە مایەی خێروخۆشی بۆیان
من ئیرادەی ڕزگاربوونم ڕفێنراوە
شکۆی ئینسانیم هەرڕۆژە هەزارانجار شکێنراوە
لە دیدی وی من زۆر کەمترم لەنیوە
لای فیرعەونی هەزارەی سێ
دەستەپاچەم بێئیرادەم هێشتا لەکوێمە چیم دیوە
بەبەرچاوم مافی ڕەوام دەکرێ پێشێل
فیرعەونەکەم بێباکانە مێگەل ئاسا لێم دەخوڕێ
وەک نەزان گەمژە وەکو گێل
چی خۆشییە چی ئاسوودەیی و خەندەیە
ڕەوایە بۆ فیرعەون و بۆ بنەماڵە

بۆ منی بەناو نووستووی کۆیلەش

هەر بەدبەختی و هەر ئازار و ناڵەناڵە

من کارگەر و بەرهەمهێنەر فیرعەونەکەم زڕ و پووک ناو

من دەبێ گوێ لەمست بم و

ئەویش سەرقاڵی تەڵە و داو

ئەو لەمێژوو بەسەد ئاوی دڕندەیی ڕوحی پیسی شووشتۆتەوە

جێی ئەسەفە ناڕێکخراوی و ناتەبایی ڕیزەکانمە

لەم دۆخە نادڵخوازەدا ئاوا منی هێشتۆتەوە.

زەمەنی فیرعەونی سەرمایە دەمێکە بەسەرچووە

ئەوڕۆژە دێ بەهەشتەکەی خۆی بۆ بکەم بە گۆڕی تار بە گۆڕی تەنگ

دونیا ڕازاوەتر بکەم

ژیانیش دڵگیر و قەشەنگ

نیسانی ٢٠١٦

## دەستگێڕ

کە دەستگێڕ بووم
بە منداڵی نۆکی خەم و
پاقلەی دەرد و
کرێمستی ژان و ئازار
هەناری حەسرەت و خۆگە و
شەککەراتی نائومێدی و
گوڵەبەڕۆژەی مەینەتیم فرۆشتووە
بە ددانی منداڵی خۆم
وردە ئێسکی دەستکورتی و هەژاری و بێمافی ژیانم کرۆشتووە
بەمنداڵی منی دەستگێڕ خەونم هەبووە گەورەتر لە تەمەنی خۆم
بە منداڵی ڕۆژەکانی تەمەنم چرکە دوای چرکە
دەسووتان و دەتوانەوە هەروەکو مۆم
من ئێستا چیتر منداڵ نیم
بە دەستگێڕی بگرم دەستی بابە و دایە
ئەمڕۆکە کێوێک لە ئومێد
دەریایەک لە تووڕەبوون و
تا چاو بڕکا دەشتاییەک لە بەرخوردانم لەدڵی
شیعر و شانۆ و نووسین دایە.

من ئێستاکە لەسەر تەبەقەی نووسینم

وشەی ئومێد بە شۆڕش و

سروودی خەبات لە دژی چەوسانەوەی بورژوازی

دەگەیەنمە ماڵ بە ماڵی زەحمەتکێش و کرێکاری ئەم دنیایە

گۆمی نووسینی ئێستاکەم لێ بڕوانی

مرواری ئازادی ئینسان

گەوهەری یەکسانی ژین و دادپەروەری لەبنایە.

منی دەستگێڕ بەمنداڵی منداڵیم تێکشکا و لەژێر قورسایی کار چەمامەوە

ئەو ساتانەی منداڵانی هاوتەمەنم دەچوونە خەو

من لەژوانی پەیداکردنی دوو دینار دەمامەوە.

گەلێجار شەرم دەیژاکاند ڕوخساری زۆر جوان و گەشم

چارم نەبوو چوون دەمزانی لەهەموو نازو نیعمەتی منداڵانەی خۆم

بێبەشم.

کە ڕاست و چەپی خۆم ناسی بۆ دەربازبوون لەو دۆزەخەی تێیدابووم

من

تەنها ڕێگا ئاشنابوون بوو بە مارکس و سۆشیالیزم و

بینینی سەرمایەیە وەک دووژمن.

نیسانی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## ئەز دخازم

ئەز دخازم جوانی و سروشت
گەردوون و ناخی ئینسان و
ململانێی هەق و ناهەق بەرجەستەکەم
پڕاوپڕ گەردوونی شیعر
پڕ لە نەغمە و پر لە گۆرانی و بەستەکەم
ئەز دخازم لەکوێ پەتی زوڵم هەبێ
ئەز مەقەست بم
لەهەر کوێیەک نەخوێندەواری و هەژاریی و مەینەتی ودەرد هەناسە دەن
ئەز لەوێدا هەم پەیام و هەم مەبەست بم
ئەز دخازم سێبەر بم بۆ چاوی ماندووی زەحمەتکێشێ
خەندەیەک بم بۆ سەرلێوی کرێکارێ
ئەز دخازم گڕ لە خۆم و وشە و شیعرەکان بەردەم و
ببمە چرای شەوی تارێ
ئەز دخازم شەڕ ئاژاوەیی و کوشتار
ماڵوێرانی و مەرگ و ئیعدام نەبێ بوونیان
ئەز دخازم دەقەکانم وەکو بەردەست

دەست لەسەر سنگ ڕاوەستا بن

لەڕێی ئازادی ئینسان و هاتووچوونیان

ئەز دخازم گۆرانی بۆ سۆشیالیزم

بۆ یەکسانی و دادپەروەری پڕ بە گەرووی تینووم بچڕم

بەویستی خۆم لە ئاسمانی سەرفرازی

وەک مەلێکی ئازاد بفڕم.

نیسانی ٢٠١٦

## مەرگی شیعر

من شاعیر نیم

گەر شیعرم نەتوانێ ئاهی منداڵێکی بۆیاغچی بێنیتە بەرچاو

خەیاڵم نەتوانی سنووری دیمەنی ناڕەحەتی پەناهەندە ببڕی بەتاو

سیحری جوانی دەنگ هەڵبڕین لەدێرەکانیا نەنوێنێ

خونچەی بەهاری ئازادی وێنا نەکا و

وشەکانی هەتیوێکی بێ دایک و باوک نەدوێنێ

ئەگەر عەشق نەبێ بە خوێن بۆ دەماری دێرەکانی

دەم نەنێتە کۆڕێ خەبات

بۆ فەوتانی جیهانی ستەم و ژان و تێرەکانی

لەگەڵ خەونی زیندانییەک نەبێ بەباڵندە و نەفڕێ

پڕ بەپڕی گەرووی نووسین هاوار نەکا و

بەرگی ژان لەخۆ دانەدڕێ

لەگەڵ ژندا خەم هەڵنەگرێ و باری ستەم نەداتە شان

بۆ ساتێکیش دوا نەکەوێ لە خەبات و لە تێکۆشان

ئەگەر لەگەڵ ئینسانەکان پێنەکەنێ نێتە گرین

نەبێ بەهەتوانی دەرد و ئێش و برین

ئەوکات منی شاعیر عاشق

گەر نەتوانم شیعرێک بەباڵای خەباتی چینایەتی دابڕێژم

زۆر باشترە

شیعر بنێمە تابووت و بۆ هەتا هەتا بینێژم.

نیسانی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## ڕەتبوون

هەرکاتێ ئینسانێ ببینم مەینەتی لوولی ئەدا
دەیهاڕێ برسێتی و هەژاری
بووتە نێچیری تەماح و
غەرق بووی نێو دەریای نەداری
ڕاگوزەر ڕەت دەبم بەبەردەم پەنجەرەی هەستێکما
شیعرێکم بەپرتاو نیگاری بیرێکم دەکێشێ
ئەو شیعرەم جەنگاوەر ئاسایە و جگەرەی تێکۆشان
لەدژی حەسرەت و بێمافی ئینسانییەت دەکێشێ

نیسانی ٢٠١٦

# لار بوونەوە

کچێکی شەنگاڵ نەستی خۆی دەخوێنێتەوە

من ئەگەر چی چەند ڕۆژێکە لەسەر ئەو شاخە ڕووتەنە
بن گەوەڕێکم کردووە بە سەرپەنا
گەر ئومێدی ژین نەبووایە
دەبووم بە تۆز، هەڵمی فەنا
لەگەڵ ئەوەش لار نابمەوە و
گەر لە برسانا بشمرم ناچمە سەر چۆک بۆ لەتێ نانی کۆیلەتی
دەچم بەگژ ستەم و ئاوارەیی و جەنگ
گڕ بەردەدەم لە حەسرەت و لە مەینەتی
تووڕەیی لەخۆ دەپێچم
نەفرەت لە چەوسانەوەی ژین دەکەم بەئالا و بە بڕیار
لەمڕۆ بەدوا من دەجەنگم بۆ ئازادی
نەک وەک کاڵا چاوەڕوان بم لە بۆ کڕیار

٢٠١٤

## لە جەنگەوە

" شیعرێکی سەرپشتی وێنەیەکی بەجێماوی

تەنیشت تەرمی جەنگاوەرێک "

چ چارەنووسێکی تاڵە

لەوڕۆژەوەی لەدایکبووم

کەسێک سۆزی باوکایەتی پێنەبەخشیم

وشەی بابەم هەرگیز لەدەم نەهاتەدەر

کەس نەبوو پێی بلێم بابە

ئێستاش دوا هەناسە دەدەم

منداڵەکەم چەند ڕۆژی تر دێتە دونیا

ئەویش وەک من هیچ کەس سۆزی باوکایەتی پێنابەخشێت

چونکە منی سەرباز و باوک

وا دەسووتێم بە گڕبارانی دەبابە

نیسانی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری هانا ژمارە ١ی خوولی دووەم ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## من زیادەم

هەتا هێز لە ماسولکەما جمەی دەهات من ڕەنجمدا
هەتا ئازار لەشی کەنەفتی نەکردم بە نیشتمان
من نە شەقامم دەناسی و نە پارانەوە و سەرکزی
ئەمڕۆ هێزم لێبراوە پێیان وایە منی بەتەمەن زیادەم و
سەرمایەدار نە چارەسەرێکم دەکا و نە بیرم لێ دەکاتەوە جگە لە تاڵان و دزی
ئاخ هەزار ئاخ لە گەنجیمدا بێدەربەست بووم
نەمدەزانی کە پیر دەبم وام بەسەر دێ
دەنا ساتێ نەدەوەستام تێدەکۆشام بۆ ئازاد و بۆ یەکسانی
بۆ ئەو خەونەی کە ئێستا دڵنیام بەدی دێ

نیسانی ٢٠١٦

# گریان

گریان ڕووکردنە لە نەفخەکانی نەهامەتی
بەتاڵکردنەوەی خەمە پەنگخواردووەکانی نێو دڵە
دەرخستنی لاوازییە لەبەردەم ئاریشەکانی بوون
دەستگرتنی ئەندێشەیە بۆ ڕووبەرەکانی خۆونکردن و
چوونە دەرەوەی ململانێ ڕاستەقینەکان
تێهەڵچوونەوەی مرۆڤە لە دۆڕان
پشتکردنە لە ئاڵوگۆڕ و جەنگین
بێخەمبوونە لەبەردەم دواڕۆژ و سووکنایییە بە هەنووکە
کوشتنی خەون و ئومێدە کەڵەبووەکانە
ورد و خاشکردنی بڕوا و
سەمفۆنیای دەستەپاچەیی و خۆفریودانە
لەکوێ گریان هەبێ، هەنسک هەبێ
لەوێ غەدر بالا دەستە
ڕووبەڕووبوونەوەی غەدریش پشتکردنە لە گریان و
بەدەستەوەگرتنی چرای جەربەزەییە لە شەوەزەنگی زوڵم.

## ماڵی مەشخەڵ

ماڵم نزیک تەندووربانی غەریبییە
گەڵێ ڕۆژ دێم کولێرەی خەم، کولیچەی عەشق
لەگەڵ خانووە نزمەکانی قەراغی شار
بەهێلکەورۆنی مەینەتی و ستەم دەخۆم
لەجۆگەلەی لەبەررۆیشتووەکەی تێکۆشان
چاوی وشە و
دڵی شیعر و
ڕوخساری خەندەی ژین دەشۆم
هەور دەکەم بە قردێلەی سەری کچانی ئازادی و بەختەوەری
کتێب دەکەم بە پەنجەرە و
بەچاویلکەی چاوی جەنگاوەرانی ڕێگای یەکسانی
ماڵم نزیک بازگەیەکی ڕێگایەکی پڕ ڕێبوارە
پڕ ڕێبواری ئاڵا بەدەست
پڕ ڕێبواری دەم بە هاوار
پڕ منداڵانی دوای ماشێنی خەون کەوتوو
کە ڕۆژ نییە نەیەتە گوێ دەنگی ئاخێک
یان گریانی سینەی ژنێکی کۆست کەوتوو
لەنێو لاپەڕەی کتێبێکی بە تاسە دەبێ بە سەردێر و بە باس

ماڵم دەبێ بە گۆڕەپانی خەبات و ڕازاوە بە چەکوش و داس
لەنێو شیعری ستەمدیدە و تووڕە وەک خۆم مۆڵگەی خۆرە
کوانووی ئومێد
کانگای هیوا
سەرچاوەی ئاواتە ماڵم
سواری پشتی وشە دەبم و دەچمە نێو زریان و لێزمە
تۆفان ئاسا ستەم و مەینەتی ژیان ڕادەماڵم
ماڵم لە هەموو جێیەکە
لەهەر شوێنێ ئینسان پڕزەی لێبڕابێ
ئینسان بزەی لێ تۆرابێ
تاریکیی ژینی قووت دابێ
لەوێ ماڵم بەختەوەری و خەندە و خۆرە
ماڵی شیعرم
ماڵی عەشقم
قەڵای سەختی بەرەنگاری زوڵم و زۆرە.

نیسانی ٢٠١٦

# دەڵێم

ساڵەهایە بە دەریا دەڵێم
ناپاکییە پشتکردن لە بیابان و پێدەشتە کاکی بەکاکییەکەی تینوویێتی
ڕوو وەرگێڕان لە درەختەکانی خۆشەویستی
ئیرەیی بردنە بە لەرینەوە و سەما

عەیامێکە بەڕێگای تێکۆشان دەڵێم
فەرامۆشکردنی دووڕیانەکان و لانەکردنەوە لە ڕێبوارە ئاڵا بەدەستەکان
ئەوپەڕی بێئەمەکی و بێوەفاییە
دەست هەڵەدانی ئومێدیش خۆی لەخۆیدا
ونبوونی شوناسە لە تەما

لەوەتەی هەم هەژاری خۆی دامدەپۆشێ
نەهامەتی سەرین بووە و
حەسرەت دڵی بۆ ساتێکیش جێنەهێشتووم

بۆیە ڕووباری دەستەنگیم خووڕە دەکا لەنێو جۆگە و لەنێو چەما

سێ دەیەیە بەچینی کرێکار دەڵێم
نەچوونەوە سەر ڕێگای مارکس و
لەدڵدا داڵدەنەدانی مانیفێست خەمساردی و بەفیڕۆدانی تەمەن و مێژووە
بەهێزکردنی ماسوولکەکانی ژێردەستەیی و
پتەوکردنی زنجیرەکانی ژیانە لە مەینەتی و دەرد و خەما

نیسانی ٢٠١٦

# کۆشک

گۆرانی منداڵێکی ناو کوخێکی لە تەنەکە
دروستکراو

کۆشکی منی هەژار و ڕووت
نەمبینیوە دوو مانگ بەپێوە بوەستێ
دەڵێی لەگەڵ ڕەشەبادا گرەویانە
تا بزانن لە داغان و لەهەرەسدا کێ بۆی درێژ دەکا دەستێ
دەیان پەنجەرەی بچووکی لەهەناوە
لای وی نییە سەرما و گەرما
چەند غەدداره ئەم کۆشکەی من
خۆ دەزانێ هیچ جلێک نییە لەبەرما
مێرووله هەناسە بدا من گوێم لێیە
کۆشکی خەونم لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەک
بۆ داڕمان و بۆ هەرەس لەسەر پێیە
لەگەڵ ئەوەش ئەم کۆشکەی من پڕ لە گریان و هەنسکە
پڕلە زەردەخەنە و ئومێد
خاڵی لە پشوو و لەخەوە

ئاخر لە کوێ کۆشکێکی تر وەک ئەم کۆشکە دەدۆزنەوە
پڕ لە دووپشک پڕ لە مشک و پڕلە بۆنی قوڕ و بەرد و زیخ و چەوە
کە دەبارێ چەتری کون کونی کۆشکەکەم بەدڵی ئاوەوە دەنووسێ
بێئاگا لەوەی کە ڕوحم چۆن بەو لیتاوە دەخووسێ
لەم کۆشکەوە هەموو ڕۆژێ گوزەرانم تف ڕێژ دەکەم
خوا و دونیا و ئاسمان ناناسم
ئەمە خەڵاتی جیهانی سەرمایەیە
لەولاش ستەم پێدەکەنێ بە کەمدەستی و وڕیی و کاسم

نیسانی ٢٠١٦

# چرا

چرا جەللادێکی هیوابەخشە
تاریکیی هەلابەهەلا دەکاو ئومێدی ژیان دەبەخشێتەوە
بێ ویستی مرۆڤ نزیکترین هاوەڵی چاوە
لەگەڵ بینایی دوو ڕوحی یەک جەستەن
هەرچی چرای دڵە
لەم تاریکی زوڵمەتەی ژیانی ژێر چنگی بورژوازی
باوەڕی بەرزە بە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی
ئەو ڕێگەیەیە کە سەدە و نیوێکە مارکس نەخشەی کێشاوە
چ جوانە دڵی مرۆڤ ببێتە جێژوانی چرا
چەند جوانە چەند؟!

ئایاری ٢٠١٦

# شەقام نیشتمانی منە

من و نیشتمان وەک دوو عاشقە و ماشقە لە خۆشەویستییەکی قووڵ داین
هەڵناکەین بێ یەک پێکەوەین هەردەم
ئەو لە کوێ بێ دەنگم ڕێبوارێکی وێڵە و
هەر کە بانگ کا وام لەبەردەم
ئەو دەنگی من هاتوچۆی من سروودی من هاواری من
هەڵدەسوێ لەڕوخساری ڕەش داگەڕاوی
وێنەی من و ژیانی من دەنەخشینێ لەنێو لاپەڕەی پەڕاوی
شەقام دەڵێ جوانی من هەناسەی من بە تۆوەیە
تاموچێژ و جوانیم چییە
ئەگەر کەپڵێک بەسەر پشتی وجودمەوە
ڕاز و سکاڵای خۆ نەکەن
ئەگەر ڕێبواری شەکەتی دوای کارکردن
دانووی عەشقم لەبەردەم باڵندەکانی ئومێد و هیوا ڕۆ دەکەن

*

شەقام نیشتمانی منە

لەشەقامەوە فێر بوومە چۆن بچمەوە بەگژ تەورا

فێربوومە چۆن ببمە وانە بۆ ئەوانەی

کەبڕیارە بچن بە گژدەرد و جەورا

ئەگەر شەقام بڵێ نەخێر ژیان کاڵتر دەبێتەوە

هێزی کار و حوکمی شۆڕش ڕوو لە حەوا و

دەرد و ستەم بەرەو چاڵتر دەچێتەوە

شەقام بۆ من نیشتمانە

شەقام بۆ من دەزگیرانە

شەقام شەبەنگی هەتاوە و بۆ سەرمایەش موژدەدەری خۆر گیرانە

ئایاری ٢٠١٦

## لەشکرێک لە خۆم

بەسەر پشتی بێکارییەوە
بەشەقامەکانی ژیان دەڕۆم و دێم
دەرگاکانی کار دەکوتم
گوێ دەگرم لە ترپەی لاوازی دڵی ژین
لەبەر هەتاوی برسێتی لاواز و ڕەش دادەگەڕێم
سڵاو دەکەم لە هەژاریی و لە دەرد و مەینەتی و ستەم
نە یەکە نە دوان نە سەدان
لەسەر شۆستەی شەقامەکان
بۆ نێچیرێک هەڵکوڕماون و لە بۆسەدان
ورد دەبمەوە لە خەمەکان
لەپەنجەرەی چاوەڕوانی ئومێدەوە
دەڕوانمە سبەێنێیەک گیرۆدەی دەست بازاڕ نەبم
ڕۆژە خۆشەکان نەژمێردرێن بە پەنجەی دەست
هەر هاوارم لەتر دەدەم لە دیاردەکان
دەچمە بەردەم ئاوێنەی نەست
لەشکرێک لەخۆم دەبینم

سوپایەک لەخۆم دێنەپێش هەموو دەستیان لەناو دەستە

بۆ ڕاپەڕین

بۆ ژیانی بێ چەوسانەوە و زوڵم و زۆر

ڕادەماڵم هەرچی دیوار و بەربەستە

ئەنجنی کردووم بێکاری

شەق شەقی کردووم نەبوونی

بەڵام هەرگیز منی بێکار نابمە دەستەمۆی داماویی و

دەستەپاچەیی و زەبوونی.

ئایاری ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## دوومەڵ

ئایین پێمدەڵێ ناشوکوری نەکەم
ئەوەی کە هەمە چ باش یان خراپ نیعمەتی خوایە
تۆ چی لە جوانی و خۆشی ژین دەکەی
سەد ساڵیش بژیت مەرگی لەدوایە

*

ئایین دەیەوێ ستەم و غەدر
ببینم حوکمیان ئەبەدی و ئەزەل
تا لە ژیانم
ڕەنج بدەم برسی
لەبۆ چینێکی تەمبەڵ تەوەزەل

*

نەخێر ئەی پاشکۆ
دیفاعکەر لە زوڵم
ناوکی خورماکەی دەمتم لە بەڕکە(*)
تۆ فریودەری ڕوو لە چاڵی ڕەش
هەر گوێت لە ئاستی خەمی خەڵک کەڕکە

لەگەڵ دیاردەکان تۆش بە یەکجاری

دەنێینە گۆڕی شایان بە کارت

تاکو دەگەمە ئەو ساتە وەختە

هەر تێدەکۆشم

هەر کەسر و خوار و هەر لێژ بێ بارت(**)

ئایاری ٢٠١٦

(*)بەرک : گیرفان

(**)کەسر : نارێک و نەتەواو و دەستنەڕۆیشتوو

## سەرسام

یەکەمجار بینیم و دواییش بووین بە هاوسەر
ئێوارانێ پرسی بەچی من سەرسام بووی، ڕاست پێم بڵێ
لەبەرچاوت گوڵی نەبووم لەسەر چڵێ
وتم نەخێر؛ سەرسام نەبووم بەجەستەی پڕی نێو ماکسیت
لەڕاستیدا زۆر سەرسام بووم
بەتێڕوانینی مارکسیت

ئایاری ٢٠١٦

## یاسای بەرد

بۆ ئەو ژنانەی کە سەنگەسار دەکرێن

یاساکانی بەرد یاسای تاریکیی و جەهل و مردنن
منی ژن لەژێر چارەنووسیدا بەردباران دەکرێم
ئینسانێ نییە هاوار ببیستێ
ئاخۆ چ کەسێ گوێی لە گڕکانی ئەم ناخەم دەگرێ
کە ئێستا زەلیل داماو ملکەچە لەبەردەم ویستێ
حوکمی یاساکان حوکمی بەردباران بەتۆمەت ڕەوشت حوکمی جەنگەڵە
حوکمی دڕندە و دڵ بەردەکانی هۆش لەناو گەڵە
ئێ بۆ هەناسەم لێدەسێننەوە؟ ئاخر ژیانە باوەشی کردووم
لەگەڵ ئاوازی لەرینەوەی کات دەمهێنێ و دەمبا
هەی بە نەفرەت بێ ئەو حوکمەی کەوا
تەمەنی لاویم دەدا بەدەمبا
دوای من منداڵی سەرگەردانم چۆن لەنێو کۆڵانا یاریکەن لەگەڵ مناڵانیتر
ئەی دەبێ جەرگی شەقار شەقارم کاتێ برسی بێ
بڵێی سەرنەکا بە ماڵانیتر

من چ بەدبەختم قەدەری بوونم لە وڵاتێکە بە مۆدێرن نامۆ
دوور لە کراوە و دوور لە پێشکەوتن
وڵاتێک لەسەر بەرد بنیاد نرابێ
ئاسۆی چ خەون و چ ئومێدێکی دێتە دەرکەوتن
دەک بە نەفرەت بن ئێوەی بەرد پەرست هەزار شەرمەزار
بەردم پیاکێشن نەفرەتتان دەکەم
هەتاکو وشەم دێتە دەر لەزار.

ئایاری ٢٠١٦

## بۆن و چەشە

شەقام بۆنی زۆر زۆر تایبەت بە خۆی هەیە
هەر ئەوانە دەتوانن هەستی پێبکەن
کە دەمیان پڕ لە سروود و بانگەوازە
خەبات چەشەی پڕ لە واتا و پڕ لە مانای بەخۆی هەیە
ئەوانەی لێی بەهرەمەندن دڵیان لەگەڵ ئازادییە و
مۆتیڤی ژیانیان لێوڕێژ لە ئاوازە
وشەش بەرامەی زۆر تایبەت خۆی هەیە
هەر دەستڕەنگینەکانی دنیای نووسینی شۆڕشگێڕانەن لێزان لێزان دەیوەشێنن
تەنها و تەنها کرێکاران بەرامەکەی دەچننەوە و
دەزانن کە نرخ و بەهای بێهاوتایە
ئاسۆی ڕوونیش تەنها بیر و تەنها نیگای تۆ دەیبینن ئەی هاوڕێکەم
کە ڕزگاری گلێنەیە و هەموو خۆری سەرفرازیش لە چاوتایە.

ئایاری ٢٠١٦

## کۆنەفرۆش

هیچ ڕۆژ نییە لەسەر شەقامی دەستەنگیی
لەسەر کۆلانی هەژاریی دانەنیشم
چاوم لەڕێی ڕێبوارێ لەخۆم کلۆلتر
یان لە خۆم داماوتر نەبێ
خۆی بە کۆنە جل و بەرگی هەراجکراوی سەر مێزەکەم بکا پۆشتە
ساتێ نییە خەیاڵ نەمبا بەرەو باڵەخانەکانی ناوەندی شار
نەمبا بۆلای دەروازەی خۆش گوزەرانی وپێکی شادی هەڵنەدەم و
مەستەکانی قەراغ ڕووباری خۆشنوودیی نەڵێن نۆشتە
کۆنەفرۆشم چاکەت و شەڕواڵ و بۆینباغی کۆن ،
پێڵاو و قەمیس و بێجامە و جامانی
لیفکە و بەنەخوێن و پشتێن بۆ بژێوی و
تۆی ستەمکاریش هۆکاری بۆ سەرئێشە و تۆ تامانی
ڕۆژ تا ئێوارە مێوانی شۆستەی بەردەم هەراجخانەم
بۆ ڕزگاری لە ئازار و لە ژان و دەرد
پڕ بە بەرینی ئەم دونیا لنگەوقووچە بە تورەیی هەر هاوارمە
مەینەتی گوڵی سەر سفرەی ژیانمە و

خەم و خەفەت چێشتی پڵاو ساوارمە

بە چەند دینارێک ئێوارە درەنگ شەکەت دێمەوە ماڵ

لە ژووری تەنیا و سارد و سڕ خۆم و بوخچە و ڕۆژگار و ساڵ

چوونەوەم بۆ لای تاریکیی و شڕە فانۆس خەمە و پشک

ئەم مەینەتییە ماری کۆبرایە و ئەژدیها و ژەهری دووپشک

گەر دەنگی تەقە هاواری مناڵ یان میاواندنی پشیلەی لەخۆم برسیتر نەبێ

قەت ڕاست نابمەوە لەسەر ئەو جێیە

هێندە کەنەفتم لەخەوی قووڵی دوای ڕۆژگارێکی پڕ لە مەینەتی

بەدڵ حەز دەکەم ڕووەو ئاسۆی گەش ببڕم ئەو ڕێیە

هیچ چرکە نییە خەیاڵی ژینی لە ئێستا باشتر ختووکەی هەستی ژیانم نەدا

زۆر کەم شەو هەیە شیعر نەیەت و

تارای وشەی خۆی بەسەر ڕوخساری شەکەتم نەدا

هەر من و شیعر و هەژاریی و دەنگی پشیلەی برسی

لەم جیهانەمدا نیشانەی پرسیار لەسەر مانای بوون دانەنێین کەچی

لەمن پۆشتەتر، تێرتر، تیکسمڕاو ڕازین بە ژینی کۆیلە و ملکەچی

لەسەر ئەم شۆستە من تفی ڕۆژگار لەناو دەممدا دێنم و دەبەم

هەتاکو سیمای سەرکوت دەبینم

بەدڵی خۆم دەکەم تف بارانی ئەو

ئەوجا سەر لەسەر سەرینی ئۆخەی چاو دەچێتە خەو

کۆنە ئەفرۆشم بژێویم سەختە

دەرد و نەگبەتی و ستەم دەمناسن

دۆخی ژیانم بۆیان نەنگییە

نامۆ بە هەواڵ بە دەنگ و باسن

کۆنە دەفرۆشم بەڵام باوەڕی بەرز و نوێم پێیە

باوەڕی بەرزی ڕزگاری ئینسان لە کۆت و ستەم

بۆ ئایندەی نوێ پرشنگدار و جوان

ڕیشەکێش دەکەم دەرد و ژان و خەم

٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## حیکایەتی تەنیایی و من

چ خەممە تازە تەنیا بم یان نا
کە خۆر بۆ خۆی بەشێکی فراوانی جوگرافیای بیرکردنەوەی داگیرکردووم
کە شیعر پەیتاپەیتا لەسەر گوێسوانە بەچلوورەکەی ماڵی نووسینم
خەریکی باڵەفڕێ بێ
جاران تەنیاییم هەر لەخۆمدا دەبینییەوە..نەمدەزانی من خودی خۆم نەک
هەر تەنیا نیم
بگرە گەلێ هاوەڵە پیاسە و ژمارەیەک قەسیدەی دۆستم هەن
دونیایەک سەفەر و جیهانێک ڕامانم لەدەورن
لە ناخیشەوە پڕم لە جوانی و یادگاری ڕەنگاوڕەنگ
پڕم لە ئومێدی قژکورت و لە هیوا کەڵەگەتەکانی ڕێبواریم
بە ڕێگایەکدا ڕێدەکەم پڕە لە ڕێبواری ڕوومەت گێلاس ئاسا
بە سروودێک دێمە جۆش پڕە لە ڕیتمی داد و یەکسانی
خەمم نییە..تازە من و تەنیایی.. من و نائومێدی کوجا مەرحەبا
دەشێ ڕۆژێ هاوڕێکانم بینیبێتیانم لەسەر شەقامی تەنیایی ژیان
دەستی نائومێدیم لەدەست بووبێ و
دەشێ چەندجارێک کڵاوی خەمم لەبەردەم مردن لەسەر لادابێ و
بەوپەڕی بێتواناییەوە تەسلیم بووبیتم بە دیداری ڕەشی یەئس.

خەمم نییە ..هەر هەنگاوێک کە دەینێم سێبەری چەتری ئاڵایەکی سوور و کتێبێک لە بیروباوەڕم لەگەڵە.

دەست هەر بۆ گەڵایەک ئەبەم، درەختێک دەبێتە فریادڕەس

هانا بۆ هەر حەرفێک ئەبەم کتێبێک دەبێتە ڕابەر

دەبینم لە شەوە ڕتووش و تووشەکانی غەدرا بروسکە لەدایک دەبێ

لە هەورازەکانا دڵنیایی و

لەدۆخە کەسیرەبووەکانیشدا ئارامی دێتە بوون

لە ماتماتیکی لێکهەڵپێکرانەکاندا خێوەتێک نییە ناوی ماندووبوون بێ

قووڕگێک نییە نامۆ بە هاوار

بریسکانەوەی دوو چاوی زیت و وریا نییە چاویلکەی بەرژەوەندی لەچاو نەنێ

ئەوەتا ئەوانەی ڕقیان لە ڕووبار دەبێتەوە نغرۆی خنکانن

ئەوانەی لاکۆڵانەکانی عەشق دەگۆڕنەوە بە سەرخەوێکی پاڵ دێرە شیعرەکانیان

یان ئەوانەی دەبنە تەتەر لەنێوان گوڵ و بۆندا

لەنێوان شیعر و بەیاندا

پێی بزانن یان نا ڕێبوارگەلێکن کەوتوونەتە دیوی ناوەوەی جوگرافیای نیشتمانی هەست

لە تەنیاییترین کاتی تەنیاییدا تەنیا نەبووم

هیچ نەبووبێ تەنیاییم هەر لەگەڵ بووە
بڕواش لێم جوێ نەبۆتەوە
ناتوانم بیهێنمە بەرچاو تەنیایی موتلەق هەبووبێ
ئەوەی دەڵی تەنیام ئەوا لیستێک لە ژینگە
زنجیرەیەک لە سروشت و
ژمارەیەک لە غایەلە و خەون و خەیاڵی لەگەڵە.
ئیتر بۆ دەبی خەمم بێ جەنگاوەرێ زەمەنی بم
ڕۆژەکانی قاوەی تاڵی نەهامەتی بخۆنەوە.
باکم نییە و خەمی سەربردەکانی تەنیایی بە بائەدەم
تازە ئیتر تەنیایی و من.. من و تەنیایی کوجا مەرحەبا.

حوزەیرانی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

**ئاخ سروشت چەندە غەدداریت!**

دە هەستەوە تو جوانی جاری جارانت
تو وەفای خۆت
تو میهرەبانی و پڕ عەشقی ئێستا و ئەوسای جارانی خۆت
تو ئاسمان
تو یادگارییە شیرین و تاڵەکانی ڕۆژگارەکانمان
تو چاوی خۆت
تو ناوی خۆت
تو کەزیە ڕەش و سپییەکانی ئەوسا و ئێستای خۆت هەستەوە
بەس ئەمجارە هەناسەیەک بزەیەک ببەخشە بە دڵم
ئەوسا گەر گیانیشم دەرچێ
شادومان دەبم بە لاشەی مردووی ژێر گڵم.
دە هەستەوە... تۆ ژیانت هەڵسانەوە
ئێستا ژیان پەکی خستوویت
تۆ دەریایەک موحیببەت بووی
هەموو دونیا لەبەر سۆز و میهرەبانی خۆشی ویستوویت
دە ڕاست بەوە دەبا ئیتر جارێکی تر
بڕوانینە مێرگی ڕەنگاوڕەنگی ژیان
با بە نیگا تەماشای ئاسۆ و ئاسمان کەین

بەس ئەمجارە ڕاست بەرەوە
ئەوسا گیانمان پێشکەشی جوانی و ژیان کەین
دە هەستەوە چاوم کوێر بێت گوڕی جارانم نەماوە
هەر بە دەستێک لەو شۆستەیەت جیا کەمەوە
هەر بە شمشاڵەکەی جاران
شمشاڵی خۆشەویستی تۆ فووی عەشقی تۆی پیا کەمەوە
دە هەستەوە تو گەڵای پایزی وەریوی ژیانت
تۆ هەناسەی کۆترەکانی خەم و ڕەنجت
جارێکی تر هەر لەبەر ئەم دڵەی بەرگەی دووریت ناگرێت
دەستەکانتم بۆ درێژ کە ئێستا نیگام لەبەردەم هەیبەتی جوانیتا هەستاوە
ئەو بازووانەی کە ڕۆژگارێک تینی ژین بوون ئێستا بێهێزن مەلوولن
ویژدانی ئینسان مردووە و دڵم یەک پێ لەسەر ڕێگای هەناسەیەکتا وەستاوە
ئای سروشت چەندە غەدداریت بەم پیرییە ئیتر هانا بۆ کوێ بەرم
ئیتر لەمەولا چلۆن بتوانم بەرگی خەم دادڕم لەبەرم.

## هەتا

هەتا دەستی ژن لە دەستما نەبێ
هەتا ئەوینی ڕزگاری ئینسان
لەدێڕ و وشە و هەڵبەستما نەبێ
نەشەکێتەوە ئاڵای سوور بەسەر کۆشکی کتێبم
بۆ تاریکی ژین
نەبمە ڕووناکی و وەک چرا پێبم
هەتا ڕووباری باوەڕی مارکس بە هاژە نەیێ
نە تاڤگەی ئومێد دەڕژێتە دڵ و
نە گڕی خەبات
هەڵدەقرچێنێ ڕق و کینەیێ.

حوزەیرانی ٢٠١٦

## من ژیانم تەجاوزە

ئەو خانووەکەی بەردی حەلان و مەڕمەڕە
من لە خانووی تەجاوزم گیچەڵیش یەخەم بەرنادا
دەڵێن دەڕووخێنین خانووت
تۆ پیاوێکی هەژار و دەستکورت و تووڕەی
لەگەڵ کەس ناکوڵێ دانووت
منیش تەماشای خۆم ئەکەم
لە ماڵ و منداڵ دەڕوانم
بۆ ئەم دۆخە نالەبارەم پرسەدارم و
بۆ فریادڕەس چاوەڕوانم
هەندێ جاریش تووڕە دەبم
بەگژ دار و ئاسمان دەچم
دواجار هەر منی هەژارە لەبەردەم یاسا ملکەچم
یاسا تەنها هەر بۆ منە ئازادیم دەکا کۆت و بەند
ئەوانیش لەنێو قەسرەکان نەک گاڵتەیان بە یاسا دێ
حکومەت بۆیان شیرینترە لە شەکری قەند
من نەک خانوو، ژیانیشم تەجاوزە

پێیان وایە منی هەژار منی داماو بێکەڵک زیادەم
چونکە ئەوان لەنێو ئۆتۆمبێلی کیلۆمەتر سفرن و
منیش لەسەر ڕێی تاریکی ژیان پیادەم
بەڵام نزیکە و دوور نییە ئەو خەونەی بۆی ژیام و دەژیم
تا ڕزگار بم تا ئازاد بم لەو سیستەمەی بەندی کردووم
لەو زنجیرەی ڕوحی کردووم بە هێلانەی نەفرەت و قین
ئەوسا پڕ بە ویستی ئارەزووی ئینسانیم
شەرابی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی نۆش دەکەم یەک بین

تەمموزی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

# من کچێکی ڕۆژهەڵاتیم

من کچێکی گەنمڕەنگی ڕۆژهەڵاتییم
تاکو ئێستا لە باوەشی ئازادیدا
تاوێک خەوی ئاسوودەییم نەچۆتە چاو
ژیان زیندانێکە گەورە..باب و برا زیندانەوان
چۆن بچووڵێم دابونەریت
کلتووری خێڵ ڕێم پێ ئەگرن
" ئەو جلە چییە لەبەرت، بایەخدانت بە خۆت بێهۆ نییە، نەچییە بازاڕ،
ئێوارێ زۆر زوو وەرەوە."
ڕۆژەکانم شیشی زیندانی ژیانمن
من کچێکم حەز ئەکەم خۆم چیم پێخۆش بێ ئەوە بکەم
کەسێک نەڵێ ها بۆ کوێ چووی؟
کەسێک نەڵێ لەسەر شەقامە گشتییەکە
لەگەڵ کوڕێک پیاسەت دەکرد ئەوە تۆ بووی؟
من کچێکی خاوەن توانام
هیوام سینەی کوڕێکی یەکسانیخوازە
کوڕێک بێ تا ئەوپەڕ سنووری شێلگیریی و شۆڕشگێڕیی
تاکو دونیا لەچاوی مندا ببینێ
لە ئازارەکانم تێبگا

خەمەکانم بکا بە شیعر و قەسیدە
کوڕێک شەقی لەسەر ورگ و کەللەسەری خوشکی نەبێ
کوڕێک ئومێد لەسەر ئازادی و یەکسانی هەڵبچنێ
کوڕێک ڕێبواری شەقامی تێکۆشان بێ بۆ یەکسانی و سۆشیالیزم
لەباوەشی ئەو کوڕەدا
ڕەنگە باڵای خەونەکانم گەڵەکەت بن
لەو باوەشە لەوانەیە
مانا بدات ژنبوونی من.

*

من کچێکی گەنمڕەنگی ڕۆژهەڵاتییم
بۆنی هەڵاڵەی یاخیبوونم لە نەریت
ڕەنگی هەنگاوە تووڕەکان
وێنەی هەناسە تاساوەکانم دڵم
تابلۆی چاوی پڕ لە ئەسرینی قەتیسماو
هەموو کوڕێک سەرمەست ناکا
لای من هەتاو پەنجەرەی بەهاری سەوزە
هەنگی خەبات لە دەوری شیلەی ڕزگاری سەمایەتی
دڵم پڕاوپڕە لە ڕەنگ و لە جوانی و لە کانگای ئەوین
بە فیشەکی توانج و قسە و بێئاگایی
بە بوختان و درۆی کۆنەپەرستانی نێو گەمژەیی
مەمکوژن و کەسایەتیم تیرۆر مەکەن

من لەوانە زۆر پاکترم
بە ماسکی ئایین و چاویلکەی خێڵەوە
بە عەقڵی هەرە لەدوایان خۆیان ئاڵاندۆتە تەڵەکە و فێڵەوە

*

من کچێکی گەنمڕەنگم شەرەفی مێرد برا و باوکم لەناو گەڵە
بۆ کوێ بچم
سانسۆر ڕەقیب یان چاودێریکم لەگەڵە
گەر باسی یەکسانی بکەم
ئەگەر باسی هێز و قودرەتی ژن بکەم
مۆری مۆڕاڵ ژینی کۆیلەتیم داخ ئەکا

*

من کچێکی گەنمڕەنگم..ڕۆژهەڵاتییم.. بە دوو دەستان تێدەکۆشم
بە دەستێکم پرچی ڕەشی ئازادبوونم لە کۆیلەتی دائەهێنم
بەوی تریان بەشداری کارای ژین دەکەم
من کچێکی ڕۆژهەڵاتییم بەدوای سەنگەرێکدا وێڵم
بۆ مافەکانم بجەنگێ و خەونەکانم بێنێتە دی و ژیانم بگۆڕێ هەردەم
من ئەو کچە یاخیبووەم
کە دەمەوێ ئازادانە بژیم وەکو کچی سەردەم.

تەممووزی ٢٠١٦

## من و هاوار

کە من چەقۆی ستەم و زۆر لەسەر گەردنی ژینم بێ
چەوسانەوەی سەرمایەدار هەوێنی ڕق و قینم بێ
هەژاری بشم خنکێنێ وەدەنگ دێم و هاوار ئەکەم
ئیرادە با هەستێتەوە و یاخیبوون با پڕ بینم بێ

تەمموزی ٢٠١٦

## ئێوە چیبوون؟

بۆ پێنج ئەستێرە سوورەکەی خەباتی چینایەتی لە کوردستان، کە بە دەستی چەتەکانی مافیا-ڕەفتاری ناسیونالیزمی کورد کوژێنرانەوە."

ئێوە دەچوون لەنێو کوونە ڕەشەکانی ژیانەوە
ئەڵماسی ئاوات و
هەتاوی باوەڕتان دەردەهێنا و
دەتان دایە منداڵە پێخاوسەکانی نێو گەڕەکە قیڕنەکراوەکانی شار
دەچوون بزەتان دەبرد بۆ منداڵە عەللاگەفرۆشەکانی ناو بازاڕەکان
یانیش لەسەر فلکەکانی شار دەوەستان و
فرمێسکی کلێنسفرۆش و بنێشت فرۆشەکانتان دەسڕییەوە
ئێوە بوون دەچوون بەناو وشەکانی کتێبەکاندا دەگەڕان و
مۆمی شیعر و
دڵی پڕ لە جۆش و
عەشقی ئینسان و
بارانی ئومێدتان تێدا دەدۆزییەوە و
دەتان برد لەسەر گۆڕی گیانبەختکردووانتان دادەنا
ئێوە ئێواران دەبوون بە تریفەی ڕەنگاوڕەنگ و
لەدەوری قامەتی خێڵی بەشمەینەتان دەسووڕانەوە

حیکایەتی شەوەتوونەکانی ستەم و

حەسرەتی سەردابەکانی تەنیاییتان بۆ زەحمەتکێشان دەگێرایەوە

ئێوە لەودیو سنوورەکانی ترس و

لەودیو تەلبەندەکانی هەڕەشە و

لەودیو هێڵە سوورەکانی خێڵی نەهامەتهێنەری دەست سوور بە خوێنی ئازادی

لەوپەڕی مەیدانی بزمارێژکراوی دژایەتی و بەگژاهاتن

ئا لەودیو ئاسۆی هەموو بینینە ڕەشپۆشەکانی چاوەوە

دەبوون بە خۆر

هەموو ڕۆژێ بەسەر کەلی ژیانی کارگەرانەوە هەڵدەهاتن

دەبوون بە بارانی وزە و دەبارینە سەر جەستەی کەنەفتی ئەم ژیانە قوورسە

ئێوە دەبوون بە هیوا و ڕۆدەچوونە ناخی دڵە بیمارەکان

دەبوون بە عەشق و

ئێوارانیش دەبوون بە خۆشەویستییەک

بزەتان دەنایە سەر لێوی کچە غەمبارەکان

لەگەڵ سپێدەی ڕۆژی نوێش ئێوە دەبوون بەگڕ بۆ هەڵقرچاندنی ستەم

دەبوون بە دەنگی بانگەواز بۆ یەکسانی و سۆشیالیزم

دەبوون بە خوێن بۆ دەماری دڵی سبەینێیەکی نوێ

ئێوە ئێستا نەمردوون و هەموو ڕۆژێ یەکێ دوانتان لای سەهۆڵەکە وەستاون (*)

یاخود لە شەقامی باتە بەدەم پیاسە لەگەڵ ئاراس باسی مارکس بۆ

کرێکارانی نەسیج و ئەلبان دەکەن(**)

یان لە سمێڵ دەبن بە میوانی ئارام(***)

یانیش لە هەڵەبجە و هەورامان و پشدەر و گەرمیان

خەریکن لینین دەبەن بۆ یەک بە یەکی ماڵانی بازوو پۆلاینی ئەو دەڤەرانە

ئێستا ئێوە لە شەوانی ساماڵی هاوینی شاردا

پێنج ئەستێرەی ئاسمانی خەباتن

پێنج هەڵمەت بەری شکانی ستەمگەرن

پێنج دەریای تینوێتی بیابانی ئەوین و عەشق شکێنن

پێنج شاخی پڕ لە دەنگ و پڕ لە هاواری ئازادین

پێنج ڕەنگی پەلکەڕەنگینەی تێکۆشانن

پێنج برینی قەتماغ نەبەستووی جەستەی خەباتن

پێنج شیعری تەواونەکراوی قەسیدەی سەربەستین

ئێوەن زیندوو لەگەڵماندان

لە کۆڕماندان

لە نێو خەون و نێو دڵماندان

ئێوە ڕێنیشاندەری ڕێگان بۆیە هەردەم لە یادماندان.

تەمموزی ٢٠١٦

تێبینی :

(*) سەهۆڵەکە ناوی شەقامێکە لە شاری سلێمانی

(**)ئاراس : ئەرسەلام مەولود، خەباتگێڕی کۆمۆنیست و پێشمەرگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو کە لە خۆپیشاندانەکەی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ لەشەقامی باتە لە شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشی پارێزگای هەولێر درایە بەر دەستڕێژی گوللە و گیانی لەپێناو ئامانجی بەرزی ئینسانیی بەختکرد. هەروەها ئەلبان و نەسیج دوو کارگە بوون لە شاری هەولێر

(***)ئارام : نەزیر عومەر، کادری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و یەکێتیی بێکاران لە کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە دەڕفێرێ و پاشان تیرۆر دەکرێ.

تێبینی : ئەم شیعرە لە بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## کرێکارێک لە یادەوەری کوڕەکەی

باوکم کرێکاری شەریکەی نەوت بوو
هیچ ڕۆژ نەبوو بەسەربالّی خەمێکەوە نەچێتە سەفەری ئومێد
هیچ سات نەبوو دلّی لەنێو شەپۆلّی نەوت سەولّ لێنەدا
چەند سەیر بوو دەمبینی هەم سێبەرەکەی خۆی جێدەهێشت و
هەمیش هەلّی دەکوتایە سەر دەمامکە شکاوەکان
باوکم ئارەقەی کارکردن و شکۆمەندی دەرست و لەناخیشیدا جگە لە
ئومێد و خۆشەویستی
تەرمی جەنگ و مەرگی هەلّدەدایە کەنارەکانی تەسلیمبوون
باوکم تا مرد باسی سەفەری نەدەکرد
ڕەنگە بۆ دایکم هەندێک ڕۆمانسی بووبێ
رەنگە دلّی چووبێتە سەر گەلێ بووکی جوان و ژیکەلّەی دادپەروەری
بەلاّم دەستی دایکمی بەرنەدا
چ حیکمەتێک بوو باوکی من بەسەر شاخە بەرزەکانی تێکۆشانا
سەردەکەوت و
هەرگیز سەری دانەنەواند
چ شکۆیەکی جوان بوو منی لەسەر ئەوینی نەفرەت ڕاهێنا و تووند توونت
دەستی ئازادی گرت
باوکم تروسکەی گڕێک بوو

لەو ئاگرەی خەمی ژیانی دەسووتان

ئەو ژیا .. تا خۆی بنێتە نێو فارگۆنی شەمەندەفەری کەرنەڤاڵ

بۆ دوورگەکانی بێخەمی

بۆ باخچەکانی خۆشنوودی

بۆ کەناری ڕووبارەکانی یەکسانی

بۆ سەر سەکۆی دادپەروەری

ئەو ئێستاکەش گڕە بەڵام بە بێدەنگی و بە بێڕەنگی خەریکە خۆی دەسووتێنێ

لەو ڕۆژەوەی جێی هێشتوومە

هەر لەلامە و هەنگاوەکانی دەستەمۆی بێکەسیی نەبوون

ئەو لێرەیە ئەو خەندەیە

ئەو سووکنایی دڵ و گیانە

لەهەر کۆیەک هاوار بکەم

دەنگی ناخم دەنگی کرێکاری شەریکەی نەوتە و

هاواری بابە گیانە.

*

بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ

باوکم کرێکاری شەریکەی نەوت بوو

بوو بە حەسرەت ژیانی زستانێکی سۆپاکەی پڕ لە نەوت بێ

گیرفانێکی گەرموگوڕ پڕ لە پارە

ڕەنجی دەدا و ئارەقەی ڕشت

تێدەکۆشا ئاشنا بێ بە ڕێگاچارە

دەستەکانی خەباتی ئەم کرێکارەی کە باوکم بوو

بەسترابوونەوە بە زنجیری ئیسلامبوون و کوردبوونەوە

هەر بەم چاویلکە تەڵخەش بوو

ڕێی لە بیرکردنەوە و بینینی باوکم گرت

بۆ تێگەیشتن  وورد بوونەوە

باوکم کرێکار بوو تا مرد

بەداخەوە چی ئومێد و خەون و خۆزگە و هیوای هەبوو

لەگەڵ خۆیدا بۆ گۆڕی تاریک و تەنگ برد

باوکم ئەهلی خوێندن نەبوو

خەمی دەخوارد کە ناتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ

چ ئاواتێکی قەشەنگ بوو باوکم دەیویست

نێوان پەنجەکانی دەستی بکات بە مۆڵگای پێنووسێ

کاتێ کەمرد وایاین زانێ جەستەیەکی شەکەت لەکۆڵ ژیان بۆوە

ئاسوودەیی دەرگاکانی ژیان دەکوتێ

نەیانزانی ئەو مردووە هەموو ڕۆژێ

کانگای گڕە و بۆ خەڵکی چەوساوە دەسووتێ

تەممووزی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## تەرازوو

وەرنەوە خۆتان بکێشن
دەسەڵاتی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەی وڵاتی نەوت و دزی
ببینن چۆن کە ئازادی تێکچڕژاو و ئاڵۆسکاوە بسک و کەزی
خۆتان بکێشن بزانن چەندە سووکن
سەیری ناواخنی کرداری خۆتان بکەن
وەک گوێزی زڕ پووچ و پووکن
چەند بێبەهان ئێوەی دەسەڵاتی ناشرین
نیشتمانێک لە مرۆڤی شۆڕشگێڕ و خاوەن ئیرادەتان شکان
ئارەقەی جاشایەتیتان بۆ دەوڵەتانی دراوسێ هاتە تکان
بۆ جارێک سەرداناوێنن
سەیری تەرازووی باوەڕی ئینسان بکەن
ببینن سەقفەکانی نێو ماڵی ستەم و زوڵم و زۆر
پڕ لە تکەن
وەرنەوە خۆتان بکێشن
ئەردێسی من سەر شەقامێکی گشتییە

لەپاڵ بەرمیلێکی خاشاک چاوەڕوانم بێن خۆتان و شەرەفتان بکێشن

جارێ

چونکە لافاوی تووڕەییم وا سەردەکا

شەرعییەت و منەتی شاخ نەفرەت دەکەم

بۆ ئازادی و بۆ یەکسانی و دادپەروەری

تەنها شۆڕشی چەکداری دەبینم وەک ڕێگەچارێ

تەمموزی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## دەستەسڕی سواڵ

ڕۆژانێک من ئەو چاوکاڵ و نەشمیلە بووم
کوڕوکاڵی گەڕەک شەیدای بزە و خەندە و پێکەنینێکی لێوم بوون
وێڵی ناز و نەشئەی گەنجی و
ناسکی و جوانی نێوم بوون
ئێستا لە دوای تێپەڕینی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکانی نەهامەتی
لەسەر لێواری شۆستەیەک
دەستەسڕی خۆخواردنەوە و مەرگ و سواڵکردنم داناوە
دەڵێم ڕەنگە یەکێ لەو کوڕوکاڵانەی جاران قۆز و ئێستا پیرەمێردی
کەنەفت(گەر مابێتن) بێ تێپەڕێ و
کوڵمی وشە و
لێوی هەست و
چاوی تکا و
بۆنی خۆزگەم بناسێتەوە و بمبینێ
بۆ سوکنایی دڵی ژینم
دەستێ بە گیرفانیا بکا و یەک دوو هەزار
بۆ دەستەسڕی شکۆی شکاوم دەربینێ

تەمموزی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## پەیکەری خەون و حەسرەت

لەنێو تەڵاشی دوو بەردی کۆنکریت
چاوم چۆتە خەو
خەون بە یاری و نازی دایک و باوک
کتێب و پاسکیل جلی ڕەنگاوڕەنگ دەبینم جارجار
ئاخ لە دەست کورتی
وای لە هەژاری
دەنا دایک و باوک چلۆن دڵیان دێ
کار بە من بکەن گەر نەبن ناچار

*

وەختێ ئێواران دەڕۆمەوە ماڵ
چاوم لە دایک و باوکی کڵۆڵمە
بێنن بەسەرما ئەوینی دەستیان
ئەوانیش چاویان لە دەستی منە
چیم پەیدا کردووە بیخەمە مستیان
منیش دەمەوێ لە تیلەی چاو و نیگای نەرمیاندا بدەم پشوویەک
بۆن ە بەرامە و ماچ و قسەیان بۆ ڕۆژی پاشتر ببنە تێشوویەک
باوک دەبینم چاوانی پڕ لە یاقووتی ئەسرین
هەر بە نهێنی هەنسک دەدا دەگریێ بێدەنگ

منیش تووڕەتر لە هەمیشە دێم
پەیمانی لە خۆم گەورەتر دەدەم
دژ بە سەرمایە بەرپا بکەم جەنگ

*

من ئێستا کوڕی شەقامەکانم
دەزانم پارە و بژیوی خێزان چەندە زەحمەتە و
وەچنگ ناخرێ وا بە ئاسانی
وەختێکیش هەر زوو زەحمەتی ژیان دەمکوژێ و دەمرم
ئەوساکە دەڵێن ئەم کرێکارە منداڵەی شەقام
سەرما و برسێتی و حەسرەت تاسانی

ئابی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## چەند دێڕێک لە دوانامەی گیانبەختکردوو ئاراس

بۆ ئەرسەلان مەولود(ئاراس) گیان

بەختکردووی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم

هاوڕێکانم ببوورن لێم
کەوا ئێستا لێتان دوورم
ڕووبارێکم دەڕۆم دەڕۆم بێ سنوورم
لە سەرچاوەی شوورای کرێکارانەوە قوڵپ دەدەم
هەرچی زەوی وشک هەیە پاراو دەکەم
دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێمە نێو گەرووی وشکی پیرەمێردێ
بۆ سەرزاری کچێکی دڵ بریندایش
دەبمە سروودێ یان وێردێ
هاژە دەکەم بەنێو دۆڵ و چیاکانی نەهامەتی
کەڕ دەکەم گوێی سەرمایەدار
لە بنچکەوە هەڵدەکەنم داروپەردووی
ستەمکار و کۆیلەهێنەری پایەدار
هاورێکانم ئێستا گەرچی لێتان دوورم
دەستم ناگاتە نێو دەستتان
بەڵام گڕی مارکسیزم بۆ تاریکایی ڕوونی چاوە و

ترووسکێکم لە خۆرەتاوی مەبەستتان

شەوان بەنێو کوچە و کۆڵانی خەباتا دێم و دەچم

جگەرەی مەرگی زوویی خۆم دەکێشم و

دووکەڵەکەی دەدەم بە دەم بای مردنەوە

دەمەوێ ببمە کلیلی دەرگاکانی ئاوات و ئومێد کردنەوە

هاوڕێیانم لێم ببوورن دوورم لێتان

گەر نەشتوانم یەک بەیەکتان لەباوەش گرم

بەس دڵنیا بن ناخی دڵمە شوێن و جێتان

تەمووزی ١٩٩١ – تەمموزی ٢٠١٦

کوردستان - کەنەدا

تێبینی : ئەم شیعرە سەرەتاکەی(کۆپڵەی یەکەمی) لە نووسینی هاوڕێی شاعیر عارف کوردەیە و باقی شیعرەکە من تەواوم کردووە.

## نیگاکانی سەفەری شاعیرێک

یەکەم ساتی گەیشتنم بە شارەکەم
سرەی بەنزین
منداڵانی بنێشت و کلێنس فرۆشی سەر سووچ و چوار ڕیانەکان
عەرەبانە و هات و هاواری بەقاڵ و دەستگێرەکان
ژنانی ژێر قوورسایی ڕەشپۆشی و غەدر
خەڵکی بێکار
هەموو دەبنە ساتە مێوانی نیگاکان
دەبنە خەم و دڵم پڕ دەکەن لە هەنسک
چاوانیشم پڕ لە ئەسرین
هەر لە جامی تاکسییەکەوە بۆنی دووکەڵ
هۆڕینی بێهۆی ئوتۆمبێل
خۆڵ و تۆزی قەراغ جادە و کۆلانەکان
جنێوەکانی سایەقی خەتەکان و
منداڵانی بەنزین فرۆشی سەر شۆستەکان
مافی ژێر سفری مرۆڤ و
تیرۆری ئازادی بیروڕا و جیاوازی
خۆیان دەسوون لە ڕوخسار و سیمای شیعرم
هەرچی جارێ کە بۆ کوردستان بچمەوە
ئەوەی زۆر تێبینی دەکەم
ڕەنگی جادەکانە سوور تر

تەمەنی خەڵکەکەی کورت تر
هاوارەکان کز و غەمگین
ئاسۆی ڕاپەڕینیش دوور تر
کە دەچمەوە زەردەخەنەکان ناخیان پڕ لە گریانە
تاریکایی کۆنەخوازی
چەتری سەر سەری ژیانە
لەوێ ئەوەی بەهای نەبێ ڕوح و گیانە
کە دەچمەوە سەرنج دەدەم دڵی یەک بە یەکیان پرە
دەسەڵاتیش کەوتۆتە گیانی ئەو خەڵکە و
هەر دەڵێی گیانداری دڕە
هەوری حەسرەتی نێو دڵی ئومێدەکان خەست و چڕە
کە سەفەر دەستی ڕێم دەگرێ بۆ کوردستان
کەس نابینم دڵخواز ڕازی
ژیانی خەڵکی هەژار و ستەمدیدە
لای دەسەڵات بۆتە مایەی کایە و وازی
چی ناو دەنێی ئەم دەسەڵاتە نەگریسە
حکومەتی بنکە فراوانی خەڵک یا سەد لە سەد دیکتاتۆری بۆرژوازی.

ئابی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## خەونی دەستگێڕێک

زوو زوو خەون دەبێنێ
بە گەشت و سەیران و
ماڵێکی ئارام و خانوویەکی سادە و ڕێک
بە عەشق و بە مەستیی و
بە پیاڵە و بادە و پێک
بە پۆشتەیی و ئاسوودەیی و بە پێکەنین
بە ژیانێک پڕاوپڕ لە خۆشەویستی و
بە جیهانێک خاڵی لە ستەم و برین
هەر لە خەونیا دەبێ بە پاڵەوانی چیرۆکەکانی بەرگری و بەگژاچوونەوە
دەبێ بە گڕ بۆ ژیلەمۆی خەبات و زیندوو بوونەوە
کە بە ئاگاش دێتەوە داماوی برسی
خۆی دەبینێ هەر دەستگێڕە و
ژیانی هەر کولەمەرگییە و
تەنگ تەنگ خێراتر لێدەدا دڵی پڕ لە بیم و ترسی
لەتاوانا لەسووچێکی بەردەم هەیکەلەی ژیانا دەوەستێت و

بەچاوی نیمچە ڕوونەوە مشتی قووچاو بەڵام بەهێز

دەسریوێنێتە تووڕەیی و حەسرەت و خەم

هەتا گەرووی بواری دەدا هاوار دەکا چیتر نا بۆ سک هەڵگووشین

سفرە دەبێ ڕازاوە بێ و هەمەجۆر بێ خواردن و ژەم

باڵای بچووک بەڵام خەونەکانی جوان و گەورە و مەزن

دەیەوێ ژیان بگۆڕێ ببینێ خاڵی لە غەدر و

جومگەکانی دەسەڵاتیش دوور لە گەندەڵکار و دزن

ئابی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## من و هاوسەرەکەم

من و هاوسەر ساڵەهایە هەردوو لە خانوویەکدا دەژین
لەنێو سەفتەی ڕۆژگارەکان
ئێمە هەردوو وەک دوو شاخ و
دوو سەدای نێوان دوو کەژین
زۆر کەم ڕێک دەکەوێ هەردووک پێکەوە لە ڕۆژێک لە ماڵ بین
بۆ باڵندەی حەزی گەشت و سەیرانێکمان جووتێ باڵ بین
هەفتەی تەنها سبەینێیەک پێکەوە نان و چا دەخۆین
دوو ئێوارەش مێزێک کۆمان دەکاتەوە.
دەنا کار و تەنیایی ئەم تاراوگەیە
هەریەک بەرەو ڕێگای خۆمان دەباتەوە.
ئێمە هەردوو هەتا بڵێی خۆشەویست و
لە دڵی یەکتر شیرینین
هەردوو بۆ یەک ئامانج دەژین
هەردوو هەتوانی برینین
من و هاوسەر هەرگیز بێ یەکتر هەڵناکەین
دژ بە جەور و ستەم و غەدری سەرمایە بارانی ڕق و نەفرەتین
بەسەر کەلاوەی هاوکۆیلە و هاوچینەکانمان داناکەین
جارجار لە باوەش پارکێکدا
یان لە سەیرانگای غوربەتی شارە هەرە دوورەکەمان

دەتوێینەوە لەنێو دەریای خەندە و بزە
هەندێجاری تریش باڵای خەممان بۆ دیدەنی ئێوە
لەنێو قووڵایی تاریکیی ڕێک هەر دەڵێی چرای کزە
من و هاوسەر لە ژوورێکا شەوان مۆمی ڕق و کینە
دادەنێین لە بەردەم فوویەک
چ حیکمەتێکە نێوانمان
دوور بێ بە قەد تاڵە موویەک
من و هاوسەر خەمخۆری ژینگە و ئینسانییەت
دوو کۆیلەی کاری کرێگرتەی نیزامی ڕەشی سەرمایەین
دژ بەم جەهەنمەی ئێستاکە
پڕ لە دەستکەوت و لە مایەین
دوورین لە یەک.. نزیکین لێک .. هەردوو بووینەتە یەک جەستە
هەردوو کار و ئاوەڵناوی یەک فەرمانین لەنێو ڕستە
من و هاوسەر پێکەنین خەندەین بۆ لێوی
هەڵقرچاوی ئەم ژینە پڕ لە چەوسانەوە و لە دەردە
مەکۆی ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەم جەنگەڵەین
کە پڕە لە بگرە و بەردە

ئابی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## بێکاریی

ناردنەوە بەرەو ماڵ
لێسەندنەوەی پێکەنینە لەسەر خوانی خانەوادە
بارانی ئەسرینی چاوانی خانمێکە
کە دەستی منداڵەکەی گرتووە بەنێو بازاڕێکدا ڕێ دەکا
لە دایکبوونی هەڕەشەی خاوەن ماڵێکە
بێبەشبوونی قووتابییەکە لە پێداویستییەکانی خوێندن
ڕاگیرکردنی هەوری دەرد و مەینەتییە لە ئاسمانی ژیان
ئەنجن ئەنجنکردنی ڕوحی باوکێکە کە بێکاریی خراوەتە بەردەم
ئاوابوونی هەتاوەکانی سەفەر و گەشت و سەیرانە
ناردنەوە بۆ ماڵ داپۆشینی بالای ڕۆژگارە بە تاریکیی
کز بوونی خەون و
داخرانی دەرگاکانی ئومێدە بەڕووی ئاوێتەبوونی ڕەنگەکان
ناردنەوە بۆ ماڵ بارینی خۆڵەمێشە بەسەر تابلۆی حەسرەت
لە زنجیر هەڵکێشانی ڕوح و
دواجار نمایشی توانەوەی مرۆڤە لەسەرخۆ
بەسەر پنت بە پنتی زیندەگی.

ئابی ٢٠١٦

## جەمسەرەکانی ئەوین

هەرگیز بە ئەندازەی ئەمڕۆ
بەرهەمهێنەرانی ژیان بێ پشت و وا لاواز نەبوون
هەرگیز ئاوا لەسەر شانۆی تێکۆشانی چینایەتی
بێ سروود و ئاواز نەبوون
قەت بەوجۆرە خۆش باوەڕ و پشت لەیەک و لەخشتەی ژیان نەبراون
قەت بەم شێوە لە مەنگەنەی دووبەرەکیی نەدراون
بورژوازی پەلی ژیانی بڕیوە و
هێشتا جگە لە نەفرەت و لە بێزاری
لای کارگەر جێگای ستایشە
بۆ پاراستنی دەسەڵات و چەوسانەوە
خاوەن سوپا و هێزی حیزب و ئاسایشە
ئەوان دەیانەوێ شەقام تارای بێدەنگی بپۆشێ
سەرمایەدار بۆ کپبوونی دەنگی ناڕەزایی ژیان
بە گشت جۆرێ هەوڵ دەدا و تێدەکۆشێ

*

لەنێوان کار و سەرمایە
لەمابەینی کرێکار و بورژوازی
کێلگەیەک هەیە لە خەون

دەریاچەیەک هەیە لێوڕێژ لە خوشنوودی

باخچەیەک هەیە لە خۆزگە

ڕووبارێک هەیە لە ئەوین

گۆرەپانێک هەیە لە شەڕ و پێکدادان

شەقامێک هەیە لە سروود و گۆرانی

هۆشێک هەیە تەژی تەژی لە مەعریفە

مەرگ هەیە

برسێتی و قاتوقڕی و جەنگ هەیە

ئاوارەیی و کوشتن و تیرۆر

هەژاری و دەستەنگی هەیە

بەڵام لەهەمووی گرنگتر شۆڕش هەیە

ئومێد هەیە

سەرکەوتنی هەمیشەیی بەسەر ستەم و زوڵم هەیە

ئاسۆی نەمانی کۆیلەتی مرۆڤ لەبۆ مرۆڤ هەیە

تا ئەو ڕۆژە

تا گەیشتن بە دوا خەونی بەدیهاتوو

نا بۆ بێدەنگیی گەروە تاسێنراوەکان

نا بۆ لە خەڵتانی خوێن گەوزاندنی دڵە پڕ لە ئومێدەکان

نا بۆ مەرگ

بژی ژیان

تەمموزی ٢٠١٦

## پەخشانەشیعر

### ئومێدی سەر لاپەڕەیەک

بۆ بەکر عەلی ئەو قەڵەمەی کە بە دەستی چەتەیەکی کوردایەتی تیرۆر کرا

زوو زوو لە ئاوێنەی خەونێکمەوە خۆم دەبینی جیاواز و شتەکانیش جیاوازتر. ڕۆژەکان و خەمەکان و خەونەکان و شیعرەکان تاموچێژێکی تریان هەبوو. عەشق ڕەنگینتر و ئینسانیش مەخلوقێکی تر.
زوو زوو لەسەر لاپەڕەیەک لە ئومێد دەبووم بە شیعر، بەڵام شیعرێکی جیاواز. شیعرێک پڕ لە وشە و پڕ لە خۆر و پڕ لە شەقامی جوان و پڕ لە کچ و پڕ لە دەریا و پڕ لە پیاسە و پڕ لە جوانی و پڕ لە ژیان. خۆم بۆ خۆمم دەنووسی و هەر بۆ خۆشمم دەخوێندەوە.
زوو زوو لەژێر کاسکێتەکەمدا گۆرانیم دەوت، دڵداریم دەکرد، دەکۆشام و هاوارم دەکرد، دەگریام، پێدەکەنیم، دەبووم بە چۆلەکە و دەفڕیم، دەستە ناشرین و ڕوخسارە دزێوەکانی ژێر دەمامکەکانم نیشانی خەڵک دەدا.زوو زووش دەبووم بە باس و بە خەم، بە کوژراوی سەر مێزێکی خواردنەوە، بە ئاستەنگ لە ڕێی چەتەکان، بە گوناە لەسەر جەستەی  مافیاکان، بە دێوی ڕەش بۆ سەر ژیانی بۆرژواکان، بە گرەو لەسەر مەرگی خۆم.ئێستا کوژراوی غەدر و قوربانی دەست بەرژەوەندیم، وشەم بۆ هۆنراوە، شکۆم بۆ تێکۆشان، سیمبولم بۆ نەمری و گڕم بۆ ستەم و مەرگم بۆ ستەمکار،

ئەیلوولی ٢٠١٦

## باهۆزی ڕاپەڕین

ئەی باهۆزی دارمان و
داڕووخان و
ڕامالین و
بنیادنانەوەی کۆمەڵگە
ئەی ڕەشەبای تووڕەیی و ڕق با یەکگرین
با لەژێر ئاڵا سوورەکەی مارکس – لینین کۆببینەوە
با هەروەکو ڕووبارێکی سەربەرەو لێژ
بەرەو ناخی خەون و ڕاستی و ئومێدەکان شۆڕ بینەوە
با لەبەردەم پەیکەری ستەم و زۆری بۆرژوازی
ببین بە هەتاو بۆ ڕۆژی تاریکیی ژین
ببین بە موژدە بۆ دونیای دادپەروەری و سۆشیالیزم
دونیای بێ چین
ئەی زریانە تووڕەکەی ڕوو لە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕ
ئەی بەشمەینەتان

بەرهەمهێنەرانی ژیان

دەستفرۆشان

کاسبکاران

دوکانداران

مامۆستایان

خوێندکاران و

پزیشکان و

ئەدیبان و

هونەرمەندان

پیشەوەران

شوفێران و

کارگوزار و

کچان و ژنانی تووڕە و دڵشکاوی نێو کۆڵانەکانی ژیان

دەی هەستن و با لەژێر سایەی کارگەران

مشتی توند و قووچاومان ئاڕاستەی ڕووی چەوسانەوە کەین

لەژێر کوخی کۆیلەبوونمان بێینە دەرێ و

ئاڕاستەی ژین ڕوو لە خۆشی و سانەوە کەین

دەی با ببین بە لافاو و بێینە هەستان

با لە دژی بێحورمەتی و شکانی شکۆی ئینسانییەت بێینە دەستان

ئەی باهۆزی بەشمەینەتان

بەرهەمهێنەرانی ژیان..زۆر درەنگە بۆ یەکگرتن، یەکپارچەبون

یەک جەستەبوون، یەک دڵ و یەک بیروڕا بوون

با هەڵتەکێنین بناغەی ژینی کۆن ئاوس بە قەیران

با گشت جیهان بکەین بە هەمیشە بەهار

بۆ خۆشگوزەرانی و بۆ سەیران

با بێین و قۆڵ لە قۆڵ یەک نێین

بە ئیرادەی پۆڵایینی ئێمەی کارگەر

دونیایەکی شایان بە ئینسان بنیاد نێین

ئەیلوولی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## تەمەن و شیعر و تێکۆشان

ساڵان دێ و دەڕوا تەمەنی لاویم بۆ پیریی دەکشێ
ئوردووی ڕۆژگارم لەبەردەم سوپای فەنا و لەنێوچوون دەکا پاشەکشێ

گەر ئومێدەکان لەنێو ڕۆژانی تەمەن بێنیەدەر
ئەوەی دەمێنێ تەنها و هەر تەنها هەناسەی ساردە
ئەگەر تێکۆشان بۆ شکۆی ئینسان لەتەمەن دەرکەی
ژیان مانای خۆی لەدەست دەدات و ڕۆژگار دەبێتە ها بگرە و غاردە

زوو زوو خەم دەخۆم لەوەی ماسوولکەم تا دێ لاواز و
سەر و ڕیشیشم هەتا دێ بۆزتر
گشت ساڵێ دەبێ بڵێم ئاخ خۆزگەم بە جاری جاران
کە چەند بەهێز و خاوەن ئینێرژی و چەند جوان بووم قۆزتر

ئەگەر چی تەمەن پەنجا و دوو ساڵم، بەڵام سی ساڵە دەکەم تێکۆشان
دڵی پڕ هیوام بەڕێچکەی مارکس – لینین تێراوە و

بەمژدەی ڕۆژی دوایین ڕزگاری هاتۆتە جۆشان

سی ساڵە شیعرم سەنگەری لە خەم، لە چەوسانەوە و کۆیلەتی گرتووە
ئەوا سی ساڵە دەستم بۆ خەبات وەکو ئامرازی ڕزگاربوون بردووە

یەک ڕۆژ شک نابەم لەڕێگەی مارکس - لینین لام دابێ
یان دڵم ساردی تیا بووبێ جارێ
بۆیە هەمیشە بێ دریغ بوومە
لە هەنگاونان و لە ئەنجامدانی هەر ئیش و کارێ

ئای چەند خۆشحاڵم بۆ کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش
بە وشە و شیعر و کتێب دێمە دەست
بێ پێچ و پەنا بێ سەرلێشێوان دەخەمە بەردەست پەیام و مەبەست

مایەی سەربەرزی و جێی شانازیمە
کە شاعیرێکی چینی کرێکار و خەڵکی چەوساوەم
ئەمە مەدالیای سەرسنگی وشە و شیعر و کتێبمە

کە بۆ ڕووخانی سەرمایەداری
قەت هەدا نادەم هەرگیز نەساوەم

ئەیلوولی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## سەخت و دژوار

چەندە دژوارە ئێمەی ئینسان
لە زیرەکیی باڵاترین زیندەوەر بین
کەچی ئاواش بۆ گیان یەکتر
بۆ گیان زیندەوەرانی تر دڕندە بین
بۆ تەماح و چاوچنۆکی ئامادەین دونیا وێران کەین
کێڵگەی ژیان، بێ هەتاو و بێ باران کەین
یەک بکوژین..ژیان بخەینە بەر فەنا و مەترسێتی
ئەم جیهانە پڕ لە ناز و نیعمەتەی کەوا سروشت بۆی خوڵقاندووین
بسپێرین بە مەرگ و ئاوارەیی و برسێتی
هەموو گەردوون بشێوێنین یاساکانی سروشت تەگەرەی خەینە ڕێ
هەرچی بەهای بەنرخی توانا و زیرەکی خۆمان هەیە
لەبەرتەماح وەکو پێڵاو بکەینە پێ
چەندە سەختە ئێمەی مرۆڤ دژ بە مرۆڤ لە جەنگدابین
کەمایەتییەکی تەماڵ و تەوەزەلی سەر ئەم هەسارە دڵگیرە لەوپەڕی ئاسوودەیی بن
بە ملیۆنان ئینسانیش بژین وەک ئەوەی لە گۆڕی تاریک و تەنگدا بن
چەند ناڕەوایە شیعر و فەلسەفە و باوەڕە جوداکانی نێو فەرهەنگی مرۆڤایەتی

ئەم سەدە گەشە کردووە نەتوانن ببنە پەنجەرەی ژووری بێ هەتاوی ژیان
چەند شەرمئاوەرە کە پەلەپیتکەی تفەنگەکان
لە مرۆڤ بسێنیتەوە گیان
ئەی ئازادی ها لە کوێدای
ئەی کاروانی ئاشتیخوازی سەراپای جیهان لەخوێن هەڵکێشراو کوای لە
ڕێدای؟
ئەی موژدە گەورەکەی خەبات
ئەی هەناسە ئۆخاوییەکەی پڕ بە سینە
دەی کوای پەرجوویەک بنوێنە
کارەساتی مەرگ و شەڕ و ئاوارەیی ئینسانەکان ڕیشەکێش کە
داری داد و ئاشتی و ئازادی و یەکسانی بۆ هەتا هەتا بڕوێنە.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا
خوێنراوەتەوە.

## مەراقەکانی مایکڵ

بۆ (مایکڵ)ی هاوکارم کە لە پڕێکدا جێی هێشتم

مایکڵ زوو زوو دەچووە قوژبنی تێفکرین و جگەرەی غەمی دەکێشا
غایەلەی دەکرد بەوەی ڕۆژێک ئاسمانەکان ببڕێت و ببێ بە مووشەکێ لە عەشق
کە پێدەکەنی، کەنارییەکان بە بێ ڕوخسەت قەفەزەکانیان جێدەهێشت
بێئەوەی بیر لە فڕین بکەنەوە
کە تووڕە دەبوو تەرازووی میزاجی ژیان لاسەنگ دەبوو
وەک لاسەنگی ئەو چەوسانەوە نەگریسەی ئەمڕۆ یەخەی مرۆڤ ئەگرێ
مایکڵ بە مەراقەوە باسی وەسوەسەکانی خۆی بۆ باران دەکرد
دەیوت چ خۆشە لە جوغزی ژیانەوە بڕوانیتە کێلە قەبرەکانی غەدر
بڕوانیتە گۆمە وشکبووەکانی زوڵمەت
لە جوغزی جوانییەوە وێنە و نیگارەکانی سەر دیواری تەمەن بنەخشێنێ
مایکڵ حەسرەتە ڕەنگاوڕەنگەکانی وەکو پرچی درێژی کرۆبسکایا دەهۆنییەوە
دەیوت چ دەبێ ئەگەر ئینسان سەروەری عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی بێ
چ دەبێ ئاگری خۆزگە ستەم هەڵکروزێنێ
هەلاواردن تەنها لەنێو لاپەڕەکانی دیرۆکدا بخوێنییەوە

مایکڵ بەدەم جگەرە کێشانەوە هەموو شەممەیەک قاوەیەکی تاڵی تەنیایی لەگەڵم دەخواردەوە

دەیوت نۆشت بێ.. مەشخەڵ گیان.. قاوە تاڵەکەت نۆش بکە

پرسیارەکان دەوریان داوین و خەریکین دێینە خنکان

تا لە پەرێزی تێکۆشان وەک سەرخۆشەکانی ڕۆمانی دایکی گۆرگی نەبین بە ئەستێرە

نەبین بە دەنگ

تا ئاسۆ نەچەمێتەوە سەرچۆکان

هەتاو نەبێ بە ناسنامەی دڵی گیرفانی ڕێبوارەکانی سەوداسەری ئازادی

هەناسەکان نابینین بێن و خۆیان لە دەریاچەی ئۆخەی هەڵبکێشن

ئینسان نابینین لە پەت و زنجیر و کۆت ڕزگاری بێ

نابینین نا نابینین قەت هەتاو تاریکیی ڕاو بنێ

مایکڵ ئێستا لە پەنجەرەی تاریکییەوە دەڕوانێتە من و ئێوە

لەنێو گۆڕدا خۆی بە خەونەکانی دوێنێی دادەپۆشێ

جلی ئومێدی لەبەردا و پشوو درێژ چاوەڕوانە

چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی ئێمەیە لە سەردابەکانی ژیان

چاوەڕوانی بروسکەی هاوارە مەزنەکانی هێزی ستەمدەیدەیە چەخماخە بدات

چاوەڕوانە گەردوون جاویدانە لەبەردەم هانگاوەکانی ئینسان بکەوێتە سەما

مایکڵ ڕۆیی .. وەک چۆن ڕووبار دێت و دەڕوا

بەڵام دوای خۆی چەند شیعرێک و ئومێدێکی گەش و ڕووناک

پارکێک لەقسەی نەستەق و

ڕووبارێک لە پێکەنین و

دەوەنێکی لە یادەوەریی بە جێهێشت

ئێستا من دوای چوونی مایکڵ، لەهەمان سووچ جگەرەی غەم دەکێشم و

هەمان کاسکێتی ئومێد و خەونی مایکڵم لەسەردایە

هەر بە چاویلکەکەی مایکڵ دەڕوانمە کتێبەکان،

کتێبە سوور و گەشەکان وشەکانی وەک هیمۆگلۆبین سوور سوور

دەتکێنە خوێنمەوە

گەر ئیجازەی ئێوەی ئازیزیشم هەبێ شەممەی دادێ دەچمە سەر

گۆڕەکەی مایکڵ

ئەم شیعرەی وا دەیخوێننەوە، بە دەنگی بەرز

بە دڵی پڕ لە ئومێد و خەون و ئاوات بۆ مایکڵی دەخوێنمەوە.

کانوونی یەکەمی ٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری هانا ژمارە ٢ ی خوولی دووەم ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## لە نیگای وشەوە

لەسەر نیمدەرەیەک لەتووڕەیی دانیشتووم
کچی شیعرم سەری ناوەتە سەر رانم
تاڤگەی هەتاو تیشک ئاژنمان دەکات و
هەردوو لەنێو پرسیارەکانی بوون ونبووین
نە شەو دەچێ هەناسەی تێکەڵی ڕۆژ کا و
نەشیعریش دەست وشە دەگرێ
ئێمە هەردوو لەسێبەری وێنەکانی قەسیدەیەک
دەست بەشان و ملی خۆشەویستی دێنین
دەچین ماسی سەرفرازی ڕاو دەکەین و
بەگڕی ناخ دەیبرژێنین
گوێ لە هات و هاواری شەقام و
ناڵەناڵی گەڕەک و کۆلانەکانی نەهامەتی
بەئاڵای بەرزەوە وێنە دەگرین بۆ ئەلبوومی مێژوو
ناخی ڕەشی ستەم دەدەینە بەر نیگا
جیاوازییەکانی نێو ئینسان دەنێینە سەر سێکوچکەی گڕ
تامی تاریکیی دەنێینە دەمی غەدر و سزا و مردن
لەسەر دیواری هەژاری دەنووسین مەرگ بۆ برسێتی
بۆ ئێوارەش دەچینەوە گڵۆپەکانی دەرد و خەم پێدەکەین و

تاوێک لەبەردەم مێزێکی برسی وەک خۆمان لەتەنیایی و لە تەفرەقە و

دووبەرەکیی ڕادەمێنین

دەنۆڕینە میوەجاتی فڕێدراوی شەقامێکی بێناوونیشان

تەنها من و شیعر و کچی هەناسەسارد

بێکەس ونبوو لەڕێی شیعرێکی تازەوە

دەنگ و ڕوحمان دەنێرینە نێو گۆڤار و نێو سایت و فەیسبووکەکانی

لەنێوچوون

هەتا لەنێو کۆمێنت و لایکەکانی ڕۆژە نووستووەکان

تاکو لەنێو هەوری بێدەنگی سەر نوێڵی ڕۆژێکی نوێ

ڕۆژێک پڕ بێ لە هەتاو و خاڵی لە شەو

ڕۆژێک خاڵی لە تەنیایی و پڕ لە عەشق دەبین بە تۆزی یادەوەری

نیشتووی سەر کتێبێکی هار

بە گەردیلەی بەجێماوی سەر ڕوخساری خۆشەویستی

ئایاری ٢٠١٦

ڤانکۆڤەر – کەنەدا

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٤٨ ی سالی ٢٠١٨

بڵاوبۆتەوە.

## دەنکە مروارییەکەی شیعرم

گەلێ شوێنێت لەبۆ گەڕام

کۆڵانەکانی ئەو بەری بیرکردنەوە

سەکۆکانی ئەندێشەی پڕ لە نیگار و

پەنا و پەسیوی هەست و نەست

لە سەرەڕێی ڕێبوارەکانی ئازادی دەوەستام و

لێمدەپرسین کە تۆ لە کوێی؟

لەسەر شۆستەکانی هاوار بۆت وێل بووم وێڵ

دەرگاکانی بینینە ئەرخەوانییەکان نەما سەری پیا نەکێشم و

بە دەنگی بەرز بانگت نەکەم

گوێسوانەکانی خەون نەما ئەیان پشکنم و بە چۆلەکەکانی بڕوا نەڵێم لە کوێی؟

ژێر پێخەفی خەمە سنەوبەرییەکانی خۆمم سەیر کرد

ناو باوڵی حەزەکانی بەردەم هەتاوم نیگا دا

تاق بەتاقی ڕوانین نەما پەردەکانی گومانیان لەسەر لا نەدەم

بست بە بستی سەربانەکان

بەردەم حەوزی ئاه و ناڵەی کچانی شیعر و ڕۆمان و
ناو حەوشەکانی بێکەسیم بە تیلەی چاو وێنا دەکرد
نەمزانی لە کوێ و نەمبینیت
تا لە پڕا لەناو دێرەشیعرێکی تازەی ئەمساڵم
دیم وەک عاشق ڕاوەستاوی و شیرین شیرین پێدەکەنیت

٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## ئێمە و ئەوان

ئێمە تەمەن لە ڕۆژگارە نووتەکەکان بەسەر دەبەین
لەودیو دەلاقەی حەزەوە نیگاری هەتاو ئەبینین
لەبانیژەی توانەوەوە دڵۆپ دڵۆپ دەتکێینە نێو دەفری فەنا
دەبین بە فەرشی ئاوریشم و
ژیان بە پێی پەتی بەسەرماندا دەڕوا
دەبین بە دووربینی کات و
دەریای پڕ شەپۆڵی بڕوا
ئەوانیش سارد وەک بەستەڵەک لە پەنجەرەی ژوورە گەرمەکانی خەونیان
وەک ئەوەی نەبین سارد و سڕ
بێبەها لیمان دەڕوانن
چلێس چلێس بە دەستێکیان خەریکن گەنجی و تەمەنمان دەدوورنەوە و
بەوی تریان خەریکی ستەم ڕوانن.
ئێمە و ئەوان لەیەک ناچین
ئەوان دڵیان ڕەشە وەکو بنمیچی ماڵە هەژارێک
دڵی ئێمە ڕوون و سپی
ئێمە لەناو ژاوەژاو و جەنجاڵیدا ژیان بەرهەم دەهێنین
ئەوانیش ئالوودەی کپی
ماڵەکانیان چراخانە و دڵیان ڕەق و لیوانلێو لە خۆپەرستی
ماڵەکانی ئێمەش پڕن لە جوانی و لە خۆشەویستی
ئەوان دەنگمان دەخەنە درزی دیوار و گۆشەی شوقەلەتەکانی بێدەنگییەوە

ئەوان چاومان دەدەزن و دەریدێنن
زمانمان دەبڕن و لەشاشەی تیڤییەکانییەوە هاوسۆزیی دەردەبڕن
ئەوان دز و جەللاد و فریودەرانن
ئێمەش ژێرچەپۆکەی غەدرە بێماناکانی ئەوان
ئێمە پشوو درێژترین لە گەیشتن بە ئاواتەکان
بە دڵداری کردن لەگەڵ کچەکانی ئەو کۆلانانەی کە ئەوان هەرگیز پێیدا
ناڕۆن
ئێمە سەری خۆمان دەبڕین و شینیش بۆ شەهیدبوونمان دەگێڕین
منداڵەکانمان دەنێینە بەر چەقۆی جەللاد
فرمێسکی خۆشەویستییان بۆ دەبارێنین
ئێمە جگە لە جلوبەرگ و پێلاوەکانمان
خاوەنی هیچ شتێک نین نە ماڵ نە منداڵ
نە هاوسەر نەخاک نە سروشت
ئەوان سەفتە سەفتە ڕوحی وشکەوەبوومان دەگۆڕنەوە بە پارە
ئەوان نە دەگرین و نە ماندوون
تەمەنیان سێ هێندەی تەمەنی ئێمەیە
خاوەن هەموو شتێکیشن بە ئێمەشەوە.
ئەوان هێندە دەچنە بەر خۆر تا بڕێک فیتامین دی بۆ لەش وەرگرن
ئێمەش ڕەش داگەڕاین لەژێر چەتری هەتاوی داخ و گەرم
ئەوان بەفریان هەر بۆ شەڕەتۆپەڵە و بۆ وازی دەوێ
ئێمەش سەرما سڕمان دەکا و چاومان بێدار ناچتە خەوێ
ئەوان حەزیان لە شنەبا و خوڕەی ئاو و باغە ڕەنگاوڕەنگەکانە
ئێمەش خۆڵەمێشی کار و خۆشی ژیان ئەوان و
ژیانیشمان سووتەمەنی جەنگەکانە

ئێمە و ئەوان لەیەک ناچین
ئەوان دڵیان ڕەشە وەکو بنمیچیماڵە هەژارێک
دڵی ئێمە ڕوون و سپی
ئێمە لەناو ژاوەژاو و جەنجاڵیدا ژیان بەرهەم دەهێنین
ئەوانیش ئالوودەی کپی
ئەوان خەونەکانیان بلورییە و
لەپشت پەردە تەنکەکانی باوەڕەوە پەیتا پەیتا خەریکی ژماردنی
کەللەسەرەکان و
ئێسک و پرووسکی قوربانییننەکانن
بە تەنکەری زوڵم و غەدر  لیتر لیتر گاڵۆن گاڵۆن خەریکن خوێنی
تێکۆشانمان دەفرۆشن
بۆ گەیشتن بە ئاواتە ڕەشەکانیان کە توانەوە و مەرگمانە زۆر پەرۆشن
ئێمەش جارێ هەر موعتادی ژەهری ڕەشی ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازین
بۆیە وا دەست لە زنجیر و خەفە کراوە هاوار و دەنگ
ئێمەو  ئەوان لەیەک ناچین بۆیە نێوانمان پردێکە
پڕ لە هەرا و ئاشووب و جەنگ

٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

# ئەبستراکتی خەیاڵ

لە درزی پیتەکانی نەهامەتییەوە
پینە و پەڕۆکردنی ژیان و
قەداغکردنی بێجامەی نەهامەتی و
دوورینەوەی گیرفانە دڕاوەکانی وەهم دەبینم
پەنجە ناسکەکانی وشە دەبینم
لە گیرفانە کون کونەکەی (ڕامان)ەوە
ڕژدانە بەشوێن ئەو (٢٥٠) یەدا دەگەڕێ
تا بیکاتە دوا سەفەری شیرینی سەرزاری شیعر
ڕۆژانە بە باسی غەم و کەمدەرامەتییەوە
شەقامە و شەقام شاری ئومێد دەگەڕێم و ئەدرێسی تۆ نادۆزمەوە
لە شوفێر و دەستفرۆش و عەرەبانچی و منداڵانی سەر فلکەکان دەپرسم
تا دەمنێرنە لای کتێبێکی لەپاڵ دیواری ژێر سێبەرێک هەڵتروشکاو
مانیفێست و کۆخە و سینگی پڕ لە ئاخی دەمهەژێنێ
لێی دەپرسم هەتاو لە کوێ و
خەم بەرەو کوێ و
ئومێد لە کوێ و
ژیان لەچی حەشارداوە؟
کە دەمبینێ بە دیارییەوە ڕاوەستاوم
وەک گەنجێکی پڕ لە وزە و جۆش و باوەڕ
دەستم دەگرێ و دەمبا بۆ لای دەرگاکانی خۆشەویستی

دەڵێ زاری هیچ پێشبینی و
ڕوخساری هیچ گومانێکی لەڕولاواز و لەرزۆک
دیمەنی هیچ چیرۆکێکی کارەساتبار
قەت پێکەنین بە خۆیانەوە نابینن هەتاکو
لە درزی شەق و ستەمدا نەڕواننە باغەکانی پڕ لە گوڵی جوانیی و ئومێد
هەتا لووتکە و پێدەشت و یاڵ و دەوەنی نیشتمانە غەمگینە ناوی
هەسارەی زەوییە
هەتا شارە پڕ لە ژاوەژاوەکان و
کۆڵانە پڕ لە تەنیایی و بێدەنگەکان
نەبنە هاوار
هەتا ئینسان هەوری سوور و
بارانی سوور و
ئومێدی سوور و گوڵی سوور و
شییعری سووریان بە سەر سەردا نەیەتە خوار
نە ئازادی لە دەرگای ژیان دەدات و
نە زنجیرەکانیش دەمرن
نە ئاسۆ ڕوون دەچێتەوە و
نە منالانی هەژاریش
فرمێسکەکانی غەریبی و ئاوارەیی خۆیان دەسڕن.

ئازاری ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٧٤٥ی ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.

## کە جێت هێشتین

بۆ مەرگی مارکس

پرسەیەک هات خۆی کرد بەنێو نیشتمانی پڕ لە ئازار و سوێی ژیان
باڵندەکان بۆ ساتێک لە فڕین وەستان
هەناسەکان تاساو تاساو سییەکانیان جێدەهێشت و
تێکەڵ دەبوون بە بۆن و بەرامەی وشە و یادەوەرییە ڕەنگینەکانی ڕۆژانی پێکەوەبوونمان
لە قەراغ ڕووباری هەوڵ و تێکۆشان
غەم وەک هەورێکی ڕەش تاریک
سێبەری خستە سەر ڕۆژەکانی تەمەن
ماتەمی بوو بە پۆلە ئەستێرەی درەوشاوەی شەوەکانی چاوەڕوانی و
دەست گەیشتن بە هیواکان
کە جێت هێشتین شەقامەکان دەیان پرسی و
دەنگیان دەگەیشتە ئاسمان
کارگەکان لەنێو پاپۆڕەی کرێکاران کز کز بەدیار وێنەیەکی هەڵواسراوی تۆ دامابوون
ڕێگاکان ماتتر لە جاران لەژێر پێ و هەنگاوی ڕێبوارەکانیدا
دەیانڕوانییە ئەو ئاسۆیەی کە تۆ پەنجەی ئومێدت بۆ درێژ کردبوو

*

کە جێت هێشتین ڕیز ڕیز کرێکاران هاتن
بە بێدەنگی کڵاوەکانیان لەسەریان داگرت و
بەڕیزەوە لەبەردەم گۆڕستانەکە وەستان
لە پێشوازی  ئەو هەتاوەی کە تاریکایی قووت دەدا
ئەو ڕووبارەی گەرووی وشکی تێراو دەکرد
ئەو پێدەشتەی پڕ لە گوڵ لە گوڵزارەی جێی سەیرانگای کرێکار بوو
ئەو شنەیەی کە ئارەقەی لەشی ماندووی کۆیلەیەکی دەسڕییەوە
ئەو ئاسمانەی جێی شەقەی باڵی باڵندەی ئومێد و هیوا و ئاوات بوو
ئەو باوەڕەی پۆڵا ئاسا دیوارەکانی غەریبیی و تەنیایی و گۆشەگیریی تێکوپێک دەدا
ئەو دەستەی پڕ بوو لە خەون
ئەو چاوەی پڕ بوو لە ڕوانین
ئەو دڵەی پڕ بوو لە ئومێد
ئەو چرایەی پڕ بوو لە شەوق و لە شکۆ
کە جێت هێشتین ئیتر بووی بە خۆر بۆ ژیان
بۆ دەرد و زام بووی بە هەتوان
بووی بە ڕێگا بۆ گەیشتن بە ئاسۆ نزیک و دوورەکان
بووی بە شەبەق لەنێو دڵ و نێو باوەڕی
کرێکارە مەچەک تۆکمە و هەڵگری ئاڵا سوورەکان

ئازاری ٢٠١٧

## لە بەهارێکدا ڕۆیشتن

جارێکی تر بۆ برینی مەرگی

شاپوور و قابیل

بەر لە سەفەری یەکجاریی هیچ ڕۆژ نەبوو

نەبن بە خەندە و بزە بۆ سەر لێوی منداڵانی گەڕەکانی برسێتی

وەکو تیشکی هەتاو نەچنە هەناوی گشت ماڵێ مەحکوم بە تاریکیی و سێبەر

هەتا نەشبوون بە گۆرانی نەچوونە لای دیرۆکی نوێ

لە بەهارێکدا ڕۆیشتن گوڵ ڕەشپۆش بوو

خەزان چاوی بە فرمێسکی ئینسان ئەڕشت

شیعر لە نووسین یاخی بوو

شەقام لە خوێن

عیشق لە دڵ

گوڵ لە باخەوانەکانی ڕەنجەڕۆیی ژیان تۆرا.

کە لە بەهار کەوتنە ڕۆیشتن

ئەستێرەکان لە کۆڵانە دەیجوورەکانی ئاسمان وەکو سەرخۆش یەک یەک بەلادا ئەهاتن

کەسێک نەبوو دوا چیرۆکی ماڵئاوایی برینەکانی هەژاری و کوێرەوەری

ژێر کەپرەکانی بەدبەختی مرۆڤەکان بنووسێتەوە
کەسێک نەبوو دوایین خەندەی لێوەکانیان ببات بۆ گوڵ
دوایین ماچیان بداتە دەست دەزگیرانە ناکامەی ئەو دیو پەردەی
چاوەڕوانی
دوایین وتاریان بەرێتە بەر ماڵە برسییەکانی شار
لێیان گەڕێ جگەرەیەک لە خەمی قووڵ بۆ سوکنایی دڵی ناسکی ئاوارەکان
بکێشن و
ئینجا بچنە لای حەوزی پڕ لە مرواری هەقبێژی قەراغ بەستەکانی ئومێد و
هیوا و ئاوات
وەختێ ڕۆیشتن کە زۆر زوو بوو بۆ ئەو کۆچە
بارانێک لە وشەی سووری خۆشەویستی هاتە بارین
هەناسەکانی ناو سینگی عاشقەکانی ڕێی سووری دادپەروەی
تاساو تاساو ڕێک لەبەر پێی مەرگی ئەوان هاتنە چۆکان
ئەوان لە بەهارێک ڕۆیشتن هێشتا سەفەر خۆی نەهاویشتبووە سەر پشتی
کەشتی زوڵم و
بێ دڵەڕاوکێ لە دەریای ترس و بیم بپەڕێتەوە.
تازە خەندەکان بە کاڵی سەنگەریان لە لێو دەگرت و
تازە دڵەکان دەبوونە مێرگی جوانی و
تازە وشە سوورەکانی نێو هۆڵەکانی میدیا و گەل
تازە هاوارەکانی حامییەکە و گڵکەند
تازە بەکر عەلی و شیعر

فەرهاد فەرەج و خەبات و

ئومێد و شەقام و کتێب و حیزب و چەک

نە بوو بوون بە ماسییەکانی نێو دەریای غەدری جەهالەت

پەنجەرەکان فێر نەبووبوون دابخرێن و

دەرگاکان هەر لەسەر پشت بوون

تازە منیش شیعرم چاوی لە تاریکیی تاراوگە هەر هەڵئەگلۆفی و

نەیدەزانی لەپڕ لەودیو دەریاکانی غوربەتەوە بۆ هەمیشە

دەبین بە دوا یادگار و

دوا ماڵئاوایی دوو هاوڕێ

هەردوو لە بەهار ڕۆشتین

من بەرەو دوورگەکانی شیعر و تەنیایی و

ئەوانیش بۆ سەرمەدییەکی جاویدانەی عاشقبوون چوون.

نیسانی ٢٠١٧

وڵاتی باران و بەفر

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٧٠٩ ی ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## یەکی ئەیار لەنێوان من و گۆرگیدا

مەکسیم گۆرکی دەفتەرێکی بچووکی بەرباخەڵی هەبوو لەگەڵ قەڵەمێک کە هەمیشە لەگیرفانی ناوەوەی چاکەتەکەی دەئاخنین. لە پەڕەیەکی ئەو دەفتەرەدا کە مەکسیم گۆرکی چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی لۆناتشارسکی هاوڕێیدا نووسیبووی و کەوتبووە دەست دەستەی هەواڵگریی سۆڤیەت و لەم دواییانە لە ئەرشیفی دەستەی هەواڵگرییەوە دزەی کرد و بڵاو کرایەوە، ئەم دێرانەی لە خۆ گرتبوو :

وام دەزانی سامی دەریا گەورەترە لە تۆفان و زریانی بەفری سیبیریا
گڕی ئاگری گیانی کرێکارانی شیکاگۆ بە سامترە لە مەتەڵە
هەڵبەستراوەکانی خەبات.
مایکۆفسکی گوێی بگرتایە لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسمان دەبوو بە تابلۆی
پێکەوە گونجاندنی شیعر و گەردوون
دەترسام بچمە سەفەر و نەیەمەوە.
بچمە لای ڕۆژنامە دەرنەچووەکانی چاپخانە نهێنییەکان و چیرۆکێکم پێ
نەبێ بۆ بڵاوکردنەوە.
من سەرسامی دەستی (دایک) و پێکەنینەکانی (کرۆبسکایا)م کە هەمیشە بە
خەندەوە هاوڕێ لینینی لە ماندووبوون دەلاواندەوە.

من ئەوەم کە بە چەتری وشە دەچمە ژێر ڕەهێڵەی نووسین.

بە (ئەدەب) ەوە دەچمە گۆڕەپانی کار و مەراسیمی یەکی ئەیار.

من ئەوەم و هیچی تر نا.

(مەشخەڵ)یش دوو ڕۆژ پێش ئەیاری ٢٠١٧ لەکاتی کارکردن لەژێر کاریگەری ئەم دێرانەی کۆرگی ئەمەی خوارەوەی نووسی.

لە بیرم ناچی من ساڵ دوانزەی مانگ

لە دژی خەم و تاریکی و جەور

دڵم پڕ ئومێد زاریشم پڕ بانگ

ئەو کرێکارەم هەموو ئەیارێ

ئاواتی گەورەی سەرمایەداری دێنمە وەرین

هەموو ئەیارێ لە تێکۆشاندام

ڕیزم یەکخەم و ئۆخەی دەستکەوێ بکەمە سەرین

ئەو کرێکارەم شۆڕش بە بیر و بازوو و مەچەکی مژدەهێنەری من نەبێ

هەرگیز نایەتە ڕوودان

چۆن بەرژەوەندی من و سەرمایە

ڕێک وەک سپی و ڕەش وەک ئاگر و ئاو لە یەکتر جودان

هەروەک چۆن ئاگر سڵ لە لافاوی ئاو دەکاتەوە

هەروەک چۆن خێزان نیشتمان ئایین یان موڵکداری

ڕێگای ڕزگاری لە بیر کۆیلانی کار دەباتەوە

وەکو چۆن لەشکری بەفر و بەستەڵەک دێنە شکاندن لەئاست هەتاوا

ئاوش سەرمایە لەبەردەم هەوڵ و خەباتی کرێکار

ژان گرتوویەتی و سڕە لەتاوا

ئەو کرێکارەم خولْقاندووم دونیا

ڕزموونی ڕەشم لە چاو ستەم و

مەرگهێنەری سەروەتی ئەوم لە نێو بونیادی فەلسەفەی بونیا

ئەو کرێکارەم لە یەکی ئەیار یەک یەک نامیلکە یاساغەکانی ساڵانی جاران

دەردەهێنمەوە و دەیان خوێنمەوە

وشە بە وشەی ئەو نامیلکانە لەناو دڵمدا هەڵیان دەگرم و

ئینجاکە یەک بە یەک دەچنە خوێنمەوە

چی نیگەرانی و تەفرەقەم هەیە دەنێمە لاوە

بەرەو ئازادی ملی ڕێ دەگرم

نەک لەناو مزگەوت گێژ و بێ ئاگا سەر بلەقێنم بەدەم وتاری فەقێ و

مەلاوە

لە یەکی ئەیار لەگەڵ هاودەم و منداڵەکانمان خۆ دەگۆڕین و دەچینە گەڕەک

یاخود لە پارکێک دەگێرین ئاهەنگ

بە کەیف و شادی باس لە هاودڵی و هاوخەمی دەکەین

بۆ دونیای یەکسان دەکەین هەمئاهەنگ

ئەو کرێکارەم نەک هەر بە تەنها لەیەکی ئەیار

بەڵکو گشت ڕۆژێ چاوم پڕ تیشک و

لێوم بە خەندە و زارم پڕ وشە و دڵ پڕ لە ژینم

بۆ ژیانێکی شایستە بە خۆم

ئۆقرە لێ براو

بەڵام بۆرژوا دوو دەستی ڕەشی ناوەتە بینم

تازە هەتاوی ژیانی ئێمە بەبێژنگی خەم تەفرەقە و درۆ ناگیرێت بەری

بەڵام سەرمایە بیری دیل گرتووین بەرەو ئاواتە مەزنەکەی ئینسان

ڕێیەکی سەخت و پڕ لە هەڵدێری ناوەتە بەری

نیسانی ٢٠١٧

## نووسینی سەر تابلۆیەک

مەشخەڵ دەربارەی

شیعری خۆی ئەدوێ
من بە ڕەگی خۆم چوومەتە خوارێ
جگە لە خاکی نەرم و بە پیتی خەمی ئینسانییەت
دەزانم لەسەر هیچ خاکێکی تر نەڕواوم و ناڕوێم
بە هیچ ئاوازێک ناکەومە سەما
جگە لە باسی ئومێدی دونیای بێ چەوسانەوە لە چیتر نادوێم
من ئەو شاعیرەم زمانم گڕی ڕەخنەیە و خۆشم ئاگری تووڕەم
هەڵئەقرچێنم خەم و مەینەتی و زوڵم و زۆرداری
وەکو باهۆزێک ئەچم بە ئاسمان
پایە بە پایە هەڵئەتەکێنم بونیادی ڕەشی سەرمایەداری
ئەو کزەبایەم ئۆخژنی ئۆخەی دەخەمە دڵی
ئەو زەحمەتکێشەی لەنێو ڕەشبینی و ئومێد تیا ماوە
فەلسەفەی ڕوحی شیعرم ئومێدە و
تا من بمێنم و تا دونیا ماوە.

٢٠١٦

## هەموو ڕۆژێک ڕەش دەچمەوە

بە قوربانیانی کرێکارانی کانەخەڵووزەکان پێشکەشە

ئەوێ ڕۆژێ بەر لەوەی ئاخرین نامەی شۆڕشگێڕێکم پێبگا
بەر لەوەی گوڵی خەونەکان بپشکوێن و
بەر لە تەواوبوونی تابووتی جەللادی چاوچنۆکمان
بەر لە خەبات و ئیعتراز
بەر لە زیندان
بەر لە هەڵکێشانی یەک یەکی نینۆکمان
لەنێو ئارەقە و دووکەڵی ڕەشی کانەکانی مەرگا
بەخەیاڵ دەڕۆمە پارک و کەنار دەریا
دەستی هاوژینەکەم دەگرم. پێدەکەنین
تا لەناکاو هاوکارەکەم دەڵێ ستەم چی لێکردی
دیسان مەلی خۆزگە و خەیاڵ بۆ کوێی بردی
منیش لەنێو گۆمی مەنگی ڕەشاوی ئارەقە و تەنیی هەر مەلەمە
بۆ گەیشتن بە ڕووناکی ئەو دیو پەردەی ڕەشی ژیان زۆر پەلەمە
دیمەنێک دەمبا و دەمهێنێ
دیمەنی خەو، خەون و خەیاڵ و خولیا و خەم
ئەو کاتانەی کە ئێواران بەرەو ماڵ و نێو باوەشی خانەوادەکەم دەبمەوە

منی کارگەر لەنێو کانە گۆڕ ئاساکانی خەڵووزدا
وەکو قەتران ڕەش دەچمەوە
نانم ڕەش و
ئاوم ڕەش و
ژینم ڕەشە
لەنێو باغی خۆشەویستی خانەوادەم
بزەی جوان و
ماچی رەنگاوڕەنگ و
بۆنی سووری هاوژینەکەم بەشە
منی کارگەر هەستم دەنێمە نێو دڵی کانەکان و ناخی زەوی
ئاخر ڕەنجم بۆ ئەوەیە بێباک بە ڕۆڵەکەم بڵێم
خەمت نەبێ کارێک دەکەم قەت نەکەوی
من دەزانم ڕەنج و ئارەقەی کارکردن بۆ گیرفان سەرمایەدارە
منی کارگەر هەرچی دەکەم هەر دەبینم بۆرژوازی پایەدارە
چونکە ڕیزمان یەک ڕیز نییە
چونکە دڵمان یەک دڵ نییە
خەونمان هەمان خەون نییە
ئامانج هەمان ئامانج نییە
کاتێ غەدری سەرمایەدار دادەپۆشێ ئاسمانی ژین
لەبۆ شۆڕش دێمە مەیدان وەلا دەنێم تەفرەقە و قین

هەتا وەکو گوڵاڵەی سووری یەک دەستی و یەک دڵی خۆ نەدەین لە

بەرۆکی یەکتر

نەبین بە یەک جەستەی گەورە

هەرگیز ناتوانین بگۆڕین جەوهەری ئەم چەرخ و دەورە

دەی هاوڕێیان با لەبری دابڕان و دەنگ هەڵبڕینی تاک تاکمان

ڕیزمان یەکپارچە بێ و کارمان

کۆتایی بێ بە ژیانی پڕ دەردەسەری و خەمناکمان

ئایاری ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## هەڵدانەوەی دۆسیەیەکی لەیادکراو

ئەو بەژێر ڕەهێلەکانی مەرگا تێدەپەڕی و
چاویشی لەسەر تنۆکە وردیلەکانی ئومێد بوو
خەمی دەکردە بەردەباز و
بەسەر جۆگەلەکانی نەهامەتی دەپەڕییەوە
لە چاوییەوە تروسکایی نوێبوونەوە دەبینرا و
لەزاریشی شەکرە وشەی پڕ لە مانا
ئەو دلْداری دەکرد و کچێکی خۆشدەویست کە ئاشنای وشە و کتێب بوو
زۆربەی ئێواران بە عەللاگەیێ سەموونی گەرم و
هەندێجاریش میوە و سەوزەی بەدەستەوە و دەگەڕایەوە ژوورەکەی
ئەو شەوان درەنگ دەنووست و
پلکە عاسی وتەنی :
غورفەکەی پڕ بوو لە کتێب و وەرەقە و مەرەقە.
هێندە بەڕێز بوو هەر حەزت دەکرد بیخۆی
ئەو میوانی کەم دەهاتن
کرێی خانووی هەر لەیەکەم ڕۆژی مانگدا دەدا
جارنەجاریش لەگەڵ دەست خۆی روبعە کیلۆیێ پاقلاوە
یان نەفەرێ کەبابی بۆ خاوەن خانوو دەبردەوە
ئەو بە سیما گەنمڕەنگ و بەژن کورت بەڵام تۆکمە بوو

تا دڵ حەزکا خۆشەویست بوو

کە دەدوا دڵ ئۆخەی دەکرد

هێند عاقڵ بوو سەری لە شتان دەردەچوو

*

ئەو خاوەن فایلێکی ئەستوور بوو لای دەزگای ئەمن و

خرابۆوە ژێر چاودێرییەوە

کاتێ گرتیان جگە لە پاکەتێک جگەرە و هەویەکەی

هچی تری پێنەگیرا

ئازاریان دا.. ئەشکەنجە بوو بە ئاشنای جەستەی بەهێزی

هەڕەشەیان لێکرد وتیان هەردوو گوونت دەتەقێنین

وتیان خوشکت لەبەرچاوت دەستدرێژی دەکەینە سەر

وتیان تۆ "هیچ مێشکت نییە

ئەوە پارە..ئەوە خانوو و ئۆتۆمبێلی جوان و قەشەنگ

بەس کار لەگەڵ ئێمە بکە

چی دەزانی و چی دەبینی بیکە راپۆرت."

ئەو وتی نا

بە گەورەیی (نا)ێکی لەسەر کاغەزەکە سپییەکەی بەردەمی نووسی

زۆریان لێدا تا بە ناچار ئازادیان کرد.

*

ئەو ڕقی زیاتر لە غەدر و لە ستەم بوو

کە دەپەیڤی مەنفەعەتی خەڵکی هەژار و دەستەنگی لەبەرچاو بوو

ئەو باسی یەکدەستی دەکرد

باسی یەکبوون هەوێنی قسەکانی بوو

ئەو لە خەمی ئەو خەڵکە بوو

قسەکانی مەرهەم ئاسا دەردەکانی ڕادەماڵی

ئەو پیاوێک بوو، هەر لە پیاوی نێو خەونەکانی مە دەچوو

بێوەی دەستی بەرمان کەوێ

ئەو دەستی یەک بە یەکی ئێمەی گرتبوو بەرەو ئاسۆی ڕوونی خەبات

بێئەوەی گڕ لە خۆی بەردا، ببوە چرا و

ڕێی تاریکیی تێکۆشانی ڕۆشن دەکرد

*

ئەو کە ڕۆیشت، ژوورەکەی پڕ بوو لە وشە و قسەی جوان و

بۆنی وەفا و

سەبەتەی پڕ لە ئومێد و

چەپکە گوڵی خۆشەویستی

کتێبەکان کەساس کەساس لەسەر ڕەفەکانی خۆیان چاوەڕێ بوون

ئاخۆ کەی دەگەڕێتەوە لەم سەفەرەی

کە جێی هێشتین ..تەنها کچێک ڕۆژێ هات و پرسیاری کرد

بە گریانەوە ئەویش چوو

دوای وی، نەک ماڵ، بگرە کۆڵان و گەڕەکانیش مات بوون

بێ ئەوییان پێوە دیار بوو

ئەو دۆستێکی زرنگ و وریا و هێمن بوو

ئەو نە کەساس بوو نە هێڕ بوو

ئەو پیاوەی گشت خۆشمان دەویست

مارکسییەکی شۆڕشگێڕ بوو.

ئایاری ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٧١٣ ی ساڵی ٢٠١٧ بڵاو بۆتەوە.

## تەحەددا

لە ڕۆژی دایک ... بۆ دایکم
کە زۆر قەرزاری ڕەنج و
ماندووبوونی ئەوم

تۆ ئەم زەوییەت بە پردی تووڕەیی و نزا
بە جادەی پاڕانەوە و ڕق
بەست بەو ئاسمانە بەرزەوە
بە کلۆڵی و کوێرەوەری لەگەڵ باوکی کرێکارم
ڕەشەخێزانێکتان نان دا
مانگە و مانگیش دەژیاین بەهۆی هەناسەکانی قەرزەوە
سڵت نەکرد لە کارکردن
لە دەستبردن بۆ قەدەر و بە چارەنووس یاریکردن
بە دیار دوکانێکی بچووک هەژار و پەرپووت لاتەریک
تەحەدای ئەم ژیانەت کرد
بە سەربەرزی، چی شکۆمەندی ژیانە
گورچ گورج بۆ خۆت دەسکەنەت کرد.

بە دەستێکت پرچی بێزاریت لە ژیان دادەهێنا و

بەوی تریان تەشی بیروبڕوات دەڕست

ڕوحت کردە پەیژەی ورە و

بێهەدادان ڕەنجت کێشا هەتا مەرگ یەکجاری لێی بڕی بڕست

دایە تۆ هەر وێنەیەک نیت لەچەرچوپەی یادەوەری و لێت بڕوانم

تۆ هەمیشە وزەی نەبڕاوەی عەشقێک بووی

نیگام بۆت ببووە پەروانە

ئەی دایکە گیان ئەی ئەو ئینسانە زۆر بەرزەی

ژینت لێوڕێژ کردم بە ئەزموون و وانە

ئایاری ٢٠١٧

## لۆری و شەقشەقەکەی

بۆ لۆری، ئەو خانمەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتە و
به شەقشەقەکەی دەستییەوە دەڕوانێتە ڕەنگاڕەنگی جیهان

ڕەتت کردەوە گەورە بیت
ڕەتت کردەوە تێکەڵی ناشیرینییەکانی مرۆڤ بیت
تۆ دەڵێی بە شەقشەقە جیهان دەنوێنم
غەڵبەغەڵبی جەنگ و
ئاشووب و
هات و هەرای تەماحی تەماحکاران هەر بە شەقشەقە دادەپۆشم
گریانەکان ئەلاوێنیتەوە و
ئینجا منداڵ ئاسا حیکایەت بۆ ئینسانە بەدبەخت و بەشمەینەتەکان
دەگێڕیتەوە.
لۆری تۆ خۆت حیکایەتی
تۆ خۆت حیکایەتی ئازار و
حیکایەتی ئومێد و

حیکایەتی چوونە نێو بازنە ئێسک قورسەکانی ژیان
تۆ خۆت حیکایەتی گەورەبوون و

نامۆبوون  و

ختووکەدانی قەدەرە ناقۆڵاکەی چارەنووس

ئەو شەقشەقەیە چ پەنهانییەکی گەورە و

چ دڵنەواییەک و

چ دڵدانەوەیەکی مەزنە

تۆ بڵێی ئەوە ڕێکەوتنی ژێربەژێریی تۆ و بوون نەبێ؟

تۆ بڵێێ نەتوانی ئەو شەقشەقەیە بکەی بە کەڕەنا  بۆ وەستانی خیانەتە بێکۆتاکانی ئینسان

تۆ بڵێی نەتوانی گۆی زەوی پڕ کەی لە گۆرانی

پڕی بکەی لە بەرائەت

لە بێوەیی

لە هێمنیی

لە بێدەنگیی

لە جوانیی و

دواجار پڕی بکەی لە پێکەنین

ئەی ئەمە هەر ئەو خەونە نییە بۆی تامەزرۆین.

لۆری : ئەی شەقشەقە بەدەستەکەی نێو ماڵی ئەودیو تخوبەکانی شەڕانگێزی

ئەی پەیامبەرە بێهۆشەکەی سەرشەقامی بەڵێنە گەورەکەی وجود

ئەی شاژنی پاڵ قەسیدەی پڕ لە زیکر و سەفای دەرویشانەی شاعیر

ئەی دارێک نامۆ بە ڕەگ

نامۆ بە گەڵا و لق و چڵ

نامۆ بە خاک

تۆ لە کێندەرێی سوکناییەکانی دڵی خاکدا وێستاوی

لە کوێی وەسوەسەکانی وەرز و

سکوتەکانی وشە و

دڵەکوتێکانی ئازادییدا خەریکیت ماڵەباجێنە لەگەڵ کچە دەم هەراشەکانی

گوندەکانی ئیمان دەکەی

لۆری : کێ تۆی هاویشتە نێو بالکۆنی ئەو قەدەرە ڕەشە و

کێ تۆی فڕێ دایە پشتی پیکابی توانەوە و گەورەنەبوونی مەحاڵ و

سەر ئەسکەمیلی نێو باخچەکانی سەر ڕێگای خۆ نەناسین

ئەوە تۆیت دەزانی کە سەری هاوکێشەیەکی نەزانراویت

ئەوە تۆیت دەزانیت توخمەکانی تەماح و شەرانگێزیی ناتوانن بتبەزێنن

ئەوە تۆی لە دوکانەکانی بیستن و بینیندا ناتوانی عەشق و خۆشەویستی

بکڕیت

لۆری : من و تۆ بەسەر پردی گریانێکا دەچینە ئەودیو سنوورەکانی

بوونەوە

دەچین دەبین بە وێنەی سەر دیوارەکانی سەفەر

دەبین بە ئاماژەکانی سەر تاشەبەردەکانی قەدەر

دەبین بە خۆرنشینێکی ئاسۆیی قەشەنگ کە تا سروشت مابێ

تۆ و شەقشەقەکەت دەبنە خۆر و

ئاسمانە ڕەنگاوڕەنگەکەی بوون دەنێنە ژێر نیگاوە

لۆری : تۆ دەستت بێنە تاکو دەستم دەگا بە میوەکانی خۆ ونبوون

تا هەستم دەگا بە ئاقارەکانی تاریکیی

هەتا دەبم بە شەقشەقەی دەستی شەوێکی جحێڵ و

دەبم بە دوا تروسکایی نێو گەردوونە هەرگیز نەبینراوەکەی تۆ.

ئایاری ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٥٤ ی ساڵی ٢٠١٨دا بڵاو

بۆتەوە.

## من و سێبەرەکەم

ئەمساڵ بە بۆنەی ساڵڕۆژی لە دایکبوونم، کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی هاتنی حەرەس قەومی بۆ قەتل و عامی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، ئاراسی هاوڕێم ئەم شیعرەی خوارەوەی لەگەڵ کارتێکی پیرۆزبایی بۆ ناردم.

من هەمیشە سێبەرێک وا بە شوێنمەوە
سەرەتاتکێ دەکا لەگەڵ ڕۆژە حەسرەتبارەکانم
جارێ کورتە و جارێ درێژ
جاری پانە و جارێ باریک
جارێ لەژێر پێکانمدا بچووک ئەبێتەوە
جارێکی تر بالای بەقەد دار ئەلەتریکی سەرشەقامە خامۆشەکانی ولاتە
جاربەجاریش بە چرپە یەکتر ئەدوێنین
باسی گۆرانی خەم ئەکەین
باسی عیشق و مەرگی ڕۆژە گەشەکانی ژیان ئەکەین
لە ئینسانە دڵ پڕەکانی ئەم ڕۆژگارە تووڕەیە سەرنج ئەدەین
لە جوانی هەڵوێستەکانی شیتەکانی شار ئەدوێین و
هەتاوەکو دڵ بخوازێ نەفرەت ئەکەین لە برسێتی و شەڕ و ترس
نەفرەت ئەکەین لە ئاوارەیی و لە ستەم
چاو ئەبڕینە وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەم ژیانە

ئەچین لە لێواری ڕووبارە خەونێکدا چادری عەشق هەڵئەدەین

پەیتا پەیتا بەشیعری جوان و بە سۆزی شاعیرانە

خۆ دەکەین بە بەشێک لە شەقامی جووڵاو

شەقامی پڕ لە هاوار و

شەقامی کانگای وەڕسیی و کانگای بێزاری دەربڕین

شەو هەتا بەیانی پێکڕا گۆرانی ئەڵێین بۆ خۆشیی

بۆ ئازادی

بۆ دادوەریی و ژیانێکی تەژی لە یەکسانی نێوان ئینسانەکان

سروود ئەڵێین بۆ شۆڕش و ئینسانی جوان

سروود ئەڵێین بۆ ژیان و شیعری جوان و سێبەری جوان

ئایاری ٢٠١٧

## سێ دەیەیە

بۆ ئێرمێلا مێنسا شارم ئەو ژنەی سێ دەیەیە دژی بۆچوون و ڕەفتاری نازییەکان و فاشیستەکانی ئەڵمانیا بەتەنها لەسەر شەقامەکانی ئەڵمانیا خەبات دەکات.

هەر کە تەماشای ڕەش دەکەم
ناخی سپیم دەهەژێت و
بەقەد دونیا دەهری دەبم
دڵم دەبێ بە فڵچەیەک لە بۆیەی ڕق و تووڕەیی
پێشانگاکانی تاریکی ئەسڕێتەوە
زارم دەبێ بە مشار و
دڕک و داڵی نائومێدی دەبڕێتەوە.
سێ دەیەیە دەبم بە ڕەنگ بۆ پەرچەمی پەلکەزێڕینەی جوانی
سێ دەیەیە دەبمە تابلۆ بۆ سەر دیواری پەنهانی
سێ دەیەیە چی ناشیرین و قێزەوەنە
بە ڕەنگی ڕەش خۆ ئەنوێنێ
باوەڕی یەکسانخوازی من کۆرپەی ئاشتی لە باوەشی خۆی ئەنوێنێ

سێ دەیەیە سووکایەتی دڵڕەشەکانی وڵاتم بۆتە بەشم

سێ دەیەیە من ڕەنگاڵەی سپیخواز و

دووژمنی سەرسەختی ڕەشم

سێ دەیەیە من نێچیری خۆم دەناسم و ڕاو ئەنێم

سێ دەیەیە سەرم کردۆتە دوندێکی فرە بڵند

ئاڵای سپی خۆشەویستی و ئاشتی و جوانی لێ دائەنێم.

ئایاری ٢٠١٧

## کچە پاسکیل سوارەکەی جادەی گرانڤل

بیری لای سووتانی کالۆرییەکانی لەشییەتی
ئەو خەڵکەکەش وەک بەشێک لە جوانی سروشت دەبینێ
هەمیشە دەموچاوی وەک شەبەقەگوڵی بەیانیان کراوەیە
باوەڕ ناکەم هەرگیز خەندە لە لێوەکانی زویر بووبێ
ڕۆژانە بە هاوڕێیەتی کزەبایەکی نەرم و
تەڵخییەک لە هەورە بۆرەکانی ئاسمانی باران و بەفر
بە شەقامەکەدا وەک بڵێی موژدەی سەرفرازی ئینسانییەتی پێیە
تیژ تێ دەپەڕێ
ئەم کچە پاسکیل سوارە زمانی باڵندەکان دەزانێ و دەیان دوێنێ
شارەزای هونەری فڕینە و دەفڕێ بەسەر ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانی
ئات وود و
برینەکانی نەیتیڤە ونبووەکانی نێو مێژووە شاراوەکەی ئەم کیشوەرە
بۆنی هەر بۆنی لیمۆیە و
جوانییەکەشی هەر لە جوانی نەورەسێکی یاخی دەچێ.
کە دەیبینم .. یەک یەک ژنەکانی خۆرهەڵات و
سوێندەکانی نێو یاساکانی ژیان و
بەرز و نزمی ئینسانەکان بۆ ساتێک چاوم لێڵ دەکەن
کە دەیبینم خۆزگەم وایە خوشک و دایکی من و ئێوەش ڕێک وەکو ئەو

بەسەر پەتی یاساکاندا بێن و بچن.

ئەم کچە زوو زوو دەبینم مانگی کتێبێک لە ئومێد

کتێبێک لە بیرکردنەوە و

کتێبێک لە تێگەیشتن لەم جیهانە سەروبنە تەواو دەکات.

ئەو وەرزشی ڕوح و جەستە و بیر پێکەوە ئەنجام دەدات.

وەک من مارکسی خۆش دەوێ و

لە خۆپیشاندانەکانیش زوو زوو دەکەوێتە بەرچاوی میدیاکان.

ئەم کچە پاسکیل سوارەی جادەی گرانڤڵ مانگی یەک دووجار دەچێتە سپارتاکۆس و

لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی هەر دەڵێی دوانەن

شەوانی شەممە خۆیان و هاوڕێکانیان تا نیوەشەو

بیرەی سارد و پیتزا و گفتوگۆی سوودبەخش مەستیان دەکا.

ئەم کچە پاسکیل سوارەی جادەی گرانڤڵ ژوورەکەی پڕە لە وێنە و لە مۆسیقا

پڕە لە ماچ و لە عەشق و

لە کتێبە سوورەکانی مارکس و ئەنجلس و لینین.

من لە نێوان پێکەنین و نیگاکان و بیرکردنەوەی ئا ئەم کچە پاسکیل سوارە

شیعرێکم دەستی گرتووم هەتا ون نەبم
خەیاڵێک خۆی لێکردووم بە نیشتمان و
جەنگێک خەریکە لەبەردەمم ڕوو دەدا
ڕەنگە ئیتر من پاسکیلی وشە و شیعر
شان بە شانی ئەو کچەی جادەی گرانڤڵ لێبخوڕم
ڕەنگە ببم بە عاشق و
دوور نییە بە چەکوش و داسی سەر تیشێرتە سپییەکەی ئەو.

حوزەیرانی ٢٠١٧

گرانڤڵ : ناوی جادەیەکە لە شاری ڤانکۆڤەر
ئات وود : مارگریت ئات وود ژنە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیری هاوچەرخی کەنەدییە.
سپارتاکۆس : ناوی کتێبخانەیەکی شاری ڤانکۆڤەرە و زیاتر بایەخ بە کتێبی مارکسی و چەپ دەدات و هەر ئەو کتێبانەش دەفرۆشێت.

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری هانا ژمارە چوار خوولی دووەمساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.

## پێکەنین

که تارمایی تەنیایی ڕێگام پێدەگرێ
که کوپێک قاوەی خەست و تاڵ دەستم لەگەڵ تێکەڵ دەکا
که جگەرەیەکی غەددار ختووکەی لێوم دەکات و
پارکەکان وەدەرم دەنێن
له کەنارێک ڕۆدەنیشم
نیگا دەبڕمە سنووری بێئەوپەڕی دەریای ئارام
دارێک دەکەم به هاوەڵ و
وشەش به باڵ
لەگەڵ شیعر هەردوو مات و هەردوو غەمگین
دەبین به میوانی خەیاڵ
من دەفڕم و خۆم دەبینم
هەر له کەناری دەریاکه ڕۆنیشتوومه
له ئاسمانم و خۆم دەبینم به بێ جووڵه
لەسەر پشتی دێرەشیعرێک، کۆپڵەیەک
له ئاسۆی بێ نیگاکانی بوون و گەردوون دانیشتوومه

*

ئەو کاتانەی شەقام ڕێگای لێ ون دەبێ
کچێک دەبێ بە ویژدانی ماچێکی سڕبووی سەر لێوان
ئەوڕەسێک خەم دەیکا بە پەیکەرێک لە فڕین و سروود
دەیکا بە بازنەی ڕژانی ئازادی و ماچ
حەزێک بۆ چوونە دەرەوەی جوغزەکانی نائومێدی
لەنێو دڵ و لەنێو هۆش دەبێ بە مێوان
ئای لەو کاتەی کەنار ناهێڵێ ببزوێم
خەیاڵ چوار دەوری تەنیوم
ساتێکیش بە هۆش دێمەوە و فلیمی خەیاڵ چاو دەکەم
خۆم دەبینم لەو تەنیاییە کوشندەیە ڕوو لە ئاسۆی ڕوونی ژیان
بۆ دوارۆژێکی پڕشنگدار پێکەنیوم

١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٧

## کوشتنی شیعرێکی یاخیی

بۆ شاعیری عێراقی ئەحمەد ئەلنعێمی کە بە وشە

بەگژ ستەمی عەمامە بەسەرەکانی دەسەڵات بۆوە و

گیانیشی لەو ڕێیە بەخشی"

سەرزەمینی ژیان ئێستا کیژێکە و بەدیل گیراوە

کەتۆتە دەست دڕندەکانی بۆرژوا عەمامە بەسەرەکانی قوم و نەجەف

هەموو ڕۆژێ تەحەروشی جەستەی ئەکەن

ئازادییان کردووە بە فلیمی سەردەم و مێژوو

پێنج فەرزە وەک نوێژکردنیان ئەتکی ئەکەن

نیشتمان بووە بە زیندان

خەون بوە بە ئەفسانە

وشە بە چەک

هەتا بڵێی لە وشەی توورە دەترسن

ئەم بۆرژوا عەمامە بەسەرانەی زیندانی عێراق

چییان بوێ دەیکەن بێئەوەی لە خەڵکی چەوساوە و هەژار بپرسن

ئا ئەمانە لەژێر سایەی بێدەنگیدا

وشە دەکەن بە قەنارە

شیعر دەکەن بە تفەنگ و

خەیاڵی ڕووت بە تاوانبار
بەبەرچاوی بێدەنگییەوە شیعر لە سێدارە ئەدەن
ڕێک وەک شیعری شاعیر ئەحمەد ئەلنعێمی
خەون دەکوژن ڕێک وەک خەونە جوانەکانی شاعیر ئەحمەد ئەلنعێمی
چاوی وشە دەردەهێنن
وەکو نیگای هەڵکۆڵردراوی وشەی ئەحمەد ئەلنعێمی
ئەم عەمامە لەسەرانە درۆی بە ڕاستی تەغلیفکراو بە ئێمە ڕەنجدەر دەفرۆشن
لەئاست ژینی نەهامەتی ئەم ڕێوییانە
وا خۆ دەنوێنن کە بۆ ئازادی ئێمە بەدەربەستن بەپەرۆشن
ئەو جەللادانەی دەسەڵات دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵکی هەژار و شیعرە ئیعدامکراوەکانی ساحەی تەحریر
دەستیان سوورە بە کوشتنی شەقامەکانی ڕەشید و موتەنەبی
دەستیان سوورە بە سەربڕینی باخچەکان
بە خنکانی دیجلە و فورات
بە چاوبەڵەکەکانی حەیی جەمیلە و بابولموعزەمی بریندار
ئەم بۆرژوا عەمامە لەسەرانەی حوکمی قەرەقووش پیادە دەکەن
ژێر مێزەرەکانیان پڕە لە خاشاک خاڵی لە ویژدان و عەقڵە
جێگای ئەوان باڵەخانە و قەسرەکانی ناوچەی سەوز و قەراغ دەریاچەکان نییە
جێگایان ڕاستەقینەی ئەوان ناوەڕاست تەنەکەی زبڵە

دەبا بێدەنگیی بشکێنین ئەی هاوچینان
من تێناگەم بۆچی هیچ قەسیدە و شیعرێک
فرمێسکی ئەو پەتەیان نەبینی کەچووە ملی شاعیر ئەحمەد ئەلنعێمی
من تێناگەم هیچ نیگایەک ئەو حەسرەتەی کرێنی ئیعدامەکەیان وێنا نەکرد
کە جەستەی ئەحمەد ئەلنعێمی شاعیری هەڵواسیبوو
ئەحمەد ئەلنعێمی شاعیر بوو بە شیعرێکی نەنووسراو
بوو بە کەڤاڵی ڕقێکی پڕ تووڕەیی
بە سروودی سەرزاری خەمە گەورەکان
بە ئاوێنە بۆ نیشاندانی ڕوخساری شێوێنراوی
ئەو ژیانەی کە دیاری دەستی بۆرژوا عەمامە لەسەرەکانی حەوزەکانی
نەجەف و قومی ئێرانن
ئەحمەد ئەلنعێمی شاعیر لەنێو دیرۆکی نوێی عێراق
بوو بە دارێکی زۆر بەرز کە تا ئازادی سەربڕدرێ
ئەم هەر سەوزە و هەمیشە گەڵا دەرئەکا
بوو بە دارخورمایەکی پیر
هیچ ڕەشەبایەک زەفەری پێ نابات و
هەتاکو دنیا بمێنێ ڕوو بە ئاسمان باڵا ئەکا

حوزەیرانی ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## چیم لێت دەوێ؟

هیچم لێت ناوێ بۆرژوای مەرگهێنەر
بە پانتایی هەموو جیهان خۆشگوزەرانی دەستەبەر کە
با منیش وەک تۆ پۆشتە بم
ناڵێم وەک من جل لەبەر کە
ڕێزم دەوێ هەتا هەستی ئینسان بوونم
هەتا هەستی هێزی ژیانم بەرز بێ
خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بۆ گشت بێ
نەک تۆ ژینی شاهانەت بێ و
ڕۆژەکانی تەمەنی من غەرقی برسێتی و قەرز بێ
شتێکی وا داوا ناکەم ئەی بۆرژوا
ئاسەواری جەنگ ببڕەوە
ئێمەی کارگەر بەرهەمهێنەری ژیانین
سنوورەکانی نێوانمان بسڕەوە
زیندانەکان تێک و پێک دە بیکە بە باخچەی پڕ لە دار
بیتوێنەوە بەستەڵەکی ئەو زۆنگاوەی خۆی ناوناوە سەرمایەدار
ئەی بۆرژوا گەر دەتوانی ئایین لە کۆمەڵگە دەرکە
ئەم تلیاکە بۆ تۆی لەسەر ستەم ژیاو
هەم پەنجەرەیە و هەم دەرکە

خۆش خەیاڵ نیم ئەی بۆرژوا
ئەزانم نابێ ڕووی داوام، ڕووی ئومێدم لە تۆی ستەمکار بێ ئەزانم
لە شەڕی چارەنووسی نێوان هەردوولا
دووژمنی سەودا و سازانم
ئەی بۆرژوا من ڕووی دەمم لە تۆ نییە
هاوارم بۆ هاوچینانی بەشمەینەتی وەکو خۆمە
کە یەکمان گرت ..ئەوسا هاوارت لێ دەکەم
دەڵێم ئەی ستەمکار چەوسێنەر لەگەڵ تۆمە
بە چەکوشی یەکدەستی و یەک دڵی و یەک بیروباوەڕیی
پان دەکەینەوە بۆ هەتا سەری ستەمی سەرمایە
هەر بە شۆڕش بۆ هەمیشە لەنێو دەبەین
سەرتاپا نا دادپەروەریی و زوڵم و زۆریی ئەم دونیایە.

حوزەیرانی ٢٠١٧

## سروودی بەلشەفیکێکی نێو جەهەنمی سەرمایە

من ئەو بازووە پۆلایینەم
دژ بە زوڵم و ناعەدالەتی ستەمکار
گڕم لە وشە بەرداوە.
من ئەو بڕیارە مێژووییەم
دەوەستمەوە بەڕووی هەرچی فێڵ و تەڵە و بۆسە و داوە
چی پیلانی بورژوازی هەیە هەموو پووچەڵ دەکەم
دەبمە تیغی مل چەوسێنەر
شیعرم گەرای شۆڕشی نوێی خۆی داناوە
لەناو ماڵ و
لەناو کارگە و
ناو سەنگەری قارەمانانی هەق سێنەر
ئەو بروسکە ژانهێنەرەم
سواری پشتی تۆفان دەبم
بەگژ ڕەشەبا دەچمەوە
بەدڵی پڕ لە ئومێد و ورەی بەرز
لە ئاستەنگەکانی بەردەم تێکۆشانم ورد دەبمەوە.
من مەزنترم لە ستەم
بەهێزترم لە تێکشان

بۆ بەرگری لە بەها و لە شکۆی ئینسان
باڵای ورەم شان دەدا لە قوبەی ئاسمان
بۆ ڕزگاربوون لە بەشمەینەتی و نەهامەتی کرێکاران
ڕێ هەتا بڵێی دژوارە
لەبەردەم کێشەکانی ژین ڕاناوەستم دەستەووەستان
دەبمە پرشنگی ئومێد و
کوورەم بۆ خەبات و هەستان
لەناو سنووری شەوەوە
بێ دوودڵی هەدا نادەم تا ئەو ڕۆژەی خۆم دەبینم
لەناو دونیای بێ ستەمدا پۆشتە و تێرم
تا ئەو ڕۆژەی منی بازوو پۆڵایینی بەرهەمێنەر
دڵ بە ئازادی دەسپێرم.

تەمموزی ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## تەوژمی بانگەواز

سۆران بۆ من هەر کزەبای سبەینان و
هەر نەسیمی ئێوارانی جەستەی لاوازی خەم نییە
سۆران تەنها بەستەی ئەوینی ناکام و
چاوی کزی پیرەدایک و
کەسەری سەر دڵی باوک و
چیرۆکێکی نهێنی ناو باوڵی دڵی کچە دراوسێیەک نییە
ئەو ئێستاکە بۆتە داستانی نێو وشە و
سروودی سەرزاری هەموو عاشقەکانی ڕێی ئازادی
بۆتە گۆرانییەک و هەرگیز لەبیر خەڵک ناچێتەوە
ئەو ئێستاکە قوفڵی داخراوی سەر دەرگای
ئومێدی تاریکپەرست و بکوژانی ئازادییە و ناکرێتەوە
سۆران ئێستا تەوژمی بانگەوازێکە
هەڵمەتبەری باوەڕێکی گەش و مەزنە
هەموو ڕۆژێ وەکو هەتاو دادەبەزێتە نێو ماڵی هەژاران و
سڵاو لە دەنگی دلێری یاخیبوون و
لە گۆرانی تووڕەبوون و

لە چیرۆکە تازەکانی خوێنی نێو ماڵەکان ئەکا

سۆران ئێستا بۆتە هەناسەی ئازادی و

تا ستەم و بەشمەینەتی لەئارا بێ

ئەو قەڵەمێکی سەرکەشە و بێهەدادان

باس لە شیعر و

باس لە وشە و

باس لە جوانی و

باس لە ڕاستی و

دانانی خاڵەکان ئەکا

٢١ی تەمموزی ٢٠١٧

# ژیلەمۆی خەونێکی نوێ

بۆ نەزیر عومەر(ئارام) کە بە دەستی ڕەفتار چەتەکانی کوردایەتی تیرۆر کرا

کە زانیان ڕەهێڵە دەچێتە ژێر باڵت و چاو لێک ئەنێ

کە زانیان دڵی خۆرەتاوت بردووە و بوونەتە دوو ئاشقی سەوداسەری یەک

کە زانیان لەزمانی ئاگر ئەگەی

ئیتر هەرەسی هەراسان تەنگی پێهەڵچنین و کردنی بە نووکی تیژی

چەقۆی غەدری ڕۆژگار

هەتا چاوی کوڕەکانی جوانی ژیان دەربهێنن

کردنی بە جامێ تیزاب ڕژانە سەر قاچی ڕووتی کچانی ئەم مەملەکەتە

کردنی بە مێردەزمەی جەنگ و وێرانی

مێردەزمەی دزینی لوقمەنانی سەر سفرەی هەژاران

مێردەزمەی مەرگ

مێردەزمەی دڵ دەرهێنان و

هەتککردنی ئەوینە بێگەردەکانی خۆشەویستیی

نەوەستان و هاتن هەموو زمانیان کوشت

عەشقیان کوشت

وشەیان کوشت

تۆ و ئەوانەی وەکو تۆیان کوشت

بوون بە ئەژدیها و نەوەستان هاتن یەک یەک

مێشکی هیوا و

دڵی خۆزگە و

جەرگی ئاوات و

گلێنەی ئومێدیان خستە ژێر پێڵاوی چەوسانەوە

بنوو هاوڕێ ..بنوو ئارام..کە ئاگریان لەجەستەی زامدارت بەردا

نەیان زانی دەیان ئارام لەسەر ڕێگەکەت ئەڕوێن و

نەیان زانی سەدان نەزیر دەبنە ئێشکگری ئازادی ژیان و

بەهەزاران خانەوادە دەچنە لێوارەکانی دەریای تێکۆشان

خۆیان دەدەنە بەر خۆری ڕزگاری لە کۆیلەتی و زۆر

لەنێو دەریاچەی یەکسانی مەلە دەکەن

بەسەر شاخی باوەڕێکدا سەردەکەون کە هەر هەمان باوەڕی بەرزی خۆتانە

هاوڕێم بنوو.. ئارام بنوو.. من بێدارم

هەموو ڕۆژێ بەر لە هەڵهاتنی هەتاوی ڕۆژێکی نوێ

کاروانێکی سوور دەبینم بەرەو لووتکەی سەرفرازیی

سروودێکی نوێ دەبیستم بەزاری تۆ

بزەیەکی تر دەبینم بە لێوی تۆ

ئەو جەسارەتە دەبینم کە تۆی کرد بە تۆپەڵێ ژیلەمۆ و پشکۆ

ئەو شانازییەی تۆ دەبینم کەوا تک تک لێی دەچۆڕێ

ڕاستگۆیی و دلێریی و شکۆ.

٢٧ ی تەمموزی ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە ژمارە ٩ ساڵی ٢٠١٧ بڵاوبۆتەوە.

## سروودی کۆڵبەر

لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەی تیایدا زیندووم دەژیم
وەکو ماشێن وەکو ڕۆبۆت کار دەکەم و
ئارەقەی ئیش بۆ ژیانێکی سەربەرزانە دەڕێژم
لەنێو پەتووی ڕۆژگارەکان، لەسەر پشتی ئەستێڵکێک لە خەم و حەسرەت
دانە دانە چرۆی خەون و ئومێدەکان لەنێو چاڵی زەمەنی غەددار دەنێژم
سەیری دەستەکانم دەکەم زبر و شەقار
پێستی ژێر هەتاوی ژینم شەق شەق بووە
وشەی یاخیم ڕوو بە ستەم و زۆرداری سەرمایەدار تا بڵێی زبر و ڕەق بووە
ئەمن دەڕۆم پەیژەکانی ڕوو لەسەر و ڕوو لە خواری تێکۆشانم ناسیوە
هەر وەک حەزی خۆم
لەتاو برسێتی هاوچین و ئەوڕەشەخێزانەی هەمە ڕۆژانە خەم و داخ دەخۆم
من کۆڵبەرم...کۆڵی ژانی ئەم ژیانەم بەکۆڵەوە
لەناو ئەم چاخە نوێیەوە چاخی بە گوند بوونی جیهان
وێڵم بەدوای ناو و نیشان
لەم پەراوێزی زەمەنە بە پشتی کۆم و هەناسەی تاساومەوە
بۆ بژیوی ماڵومنداڵ کەوتومەتە سۆراخی نان

لە کەلێنی زامەکانی ئەم ڕۆژگارە دەڕوانمە ئەو خۆزگانەی کەوا هەڵدێن وەکو هەتاو

من لەچاوی برسێتییەوە خەریکە ئەبمە ئەو خەونە ڕەنگینانەی

بەرەو ڕووی ڕۆژەکانم دێن بە غار پرتاو

من لەزاری هاوارەوە ئەوا دەبم بەو گۆرانییەی هەموو دەمێک دەملێتەوە

دەستی ڕەشی ژێر سێبەر ڕیشی ئاخوندێک

بێئەوەی ئۆخەیەک بکەم هەناسەم دەبڕێ و ئەوسا دەمکوژێتەوە

مێزەرێک لە تەڵە و ستەم

هەر بە تەسبیحی ئیعدام و خوا پەرستی کۆڵەکانم لێوەردەگرێ و

دەیخاتە سەر شانی ماڵو منداڵی برسی و بێچارەم

برینێک دەخاتە ڕۆحم، ڕۆحی هەژاری بێپارەم

من کۆڵبەرم... تەنها خۆم و تەنها مانگ و ئەستێرەکان دەزانین چۆن ڕەنجم داوە

ئەژدیهای مەرگ لە ناوەختدا چۆن قەپاڵی لە ڕۆحی زامدارم داوە

تووڵەڕێگای ئەو هەڵدێر و شاخانەی سنوور دەزانن دڵی من چەند پڕ تاسەیە

ژێر گەوەڕ و تاشە بەردەکان بینەری وەرینی دونیایەک خۆزگە و هەناسەیە

بۆرژوا دەزانێ ئەو کارە مەرگهێنەرەی دەیکەین

لەسەر شانی ڕۆژەکانی ئەم تەمەنەم بست بست دەمخاتە ژێر ئەرز

گیانم لە قەفەس دەنێت و دامدەڕزێنی لەژێر قەرز

من کۆڵبەرم...ئاوازێکم دێتە گوێ غەمگین و هێمن
سۆناتایە بۆ ئەو دەرد و بەڵایانەی وەکو باران دەبارێنە سەر جەستەمان
ئەومیلۆدییە دڵ گوێی لێیە هەناسەیە بۆ بەستەمان
چەند دەکوژرێم..چەند لەنێو مەنجەنیقی زۆر دێمە سووتان
وەکو گەنم لەنێو بەرداشی ژیان و مەرگی ناوەخت دێمە کوتان
کۆڵ نادەم و کۆڵی ژینم بەکۆڵەوە
باڵەخانەی ئەم ئومێدەم نایە سەر یەک
لەنێو دڵی ئەم لووتکە و شاخ و دۆڵەوە
من کۆڵبەرم...کۆڵنەدەرم گڕم لافاوم جەربەزەم
بۆ نەمانی چەوسانەوە و ژێردەستی و کۆیلەتی ژیان
ڕەهێڵەم زریانم تەرزەم
من کۆڵبەرم.. بەکۆڵی خۆم حەسرەتەکانم دەبەم بۆ بازاڕی ژین
ڕق و دەرد و برسێتی و خەم
وەکو تۆزی دوای کارکردن دادەتەکێنم لەخۆم و
چاپووک چاپووک هەڵدەزنێم بە شاخەکانی ڕزگاربوون
هەتا ئەو ڕۆژە بێتە دی منی ڕەنجدەر
دژ بە ستەم
دەبم بە باهۆزی سوور و بە گەردەلوولی تووڕەبوون

ئەیلوولی ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١١٢٩ی
ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.

## سەدەیەکە شۆڕشێکم لە نێوخۆمدا هەڵگرتووە!

بەیادی سەد ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن

سەدەیەکە ئەگێڕمەوە چیرۆکی کەوتن و هەستانم
سەدەیەکە لەنێو زەریای تەنیاییدا هاوپشتیم و
کانیاوم بۆ وزەی خەبات و کەستانم
سەدەیەکە هاواری بەرزم لەسەرزار
هێزی ئەژنۆم بۆ هەنگاوی چارەنووسسازی کرێکار
سەدەیەکە من میلۆدی گۆرانییەکم بەسەر لێوی زنارەوە
گڤەیەکم لەسەر سینەو بەربەرۆکی کەنارەوە
لە پێدەشت بێ یان لەسەر چیا
ئاڵایەکم لەسەر دووندی خەباتی سوور دەڕوانمە چوارگۆشەی تاریکی دنیا
ورد دەبمەوە لەو پەرجووەی کۆیلەتی کرد بە ئەفسانە
لەو تێکشانە جوانانەی سینەی سەردەم کە هەناسەی تیا تاسانە
سەربردەم باڵندەیەکە لە ئاسمانی ژیانی چەوساوە نەبێ لێک نادا باڵ
من ئەو دۆسییە دانەخراوەم
هیچ خەونێکم نانێمە چاڵ

سەدەیەکە برینێکم سەردەکێشم بە حەوشە و ناوماڵی یەک یەکی
کارگەران
دەبمە باسی سەر سفرە و نان
ئەو مۆتیڤەم هەر دەچمەوە لای لینین و دەبمە کتێبێ لە خەندە
دەبمە ئاوێنەی هەتاو و ئەو ئاسۆیەی کە ڕزگاری پێوە بەندە
سەدەیەکە من بەپێوەم بازووم وەک جاران بەگوڕە
بۆ تینوێتی دەمی ژیان
ڕوحم لێزمە بارانێکە و زۆر بەخوڕە
سەدەیەکە مژدەی پێچراوم لە هیوا
تروسکەی ئەو چلچرایەم تاریکی تار دەکا لە لووتکە و لەشیوا
سەدەیەکە پەنجەرەی هیچ تاسەیەکم نەبینیوە
ئاونگی ڕزگاربوون نەنێتە سەر دیدە
سەدەیەکە شیعرێکی ئەزبەرکراوم
وشەکانم هەتوانن بۆ زامی ژیانی ئینسانی ستەمدیدە
کە گوڵێک لە ئینجانەی هەوێنی خەباتی چینایەتی کرێکاران دێتە وەرین
من تووڕەییم سەردەکا و دەبێتە لافاوی ڕق و
نەعرەتەم دەنگ دەداتەوە بە پانتایی دونیای بەرین
سەدەیەکە بوومە بە چاو
بوومە بە خەون
بە کتێب و
بەهەتاو و

ترووسکەی هیوام بەخشییەوە تاوەکو ژیان جوانتر بێ

تا زاری ئازادی بێ ترس ڕەوانتر بێ

سەدەیەکە دەریایەک فرمێسکی چاوەڕوانی و بێکەسیی

حەمامێک لە خوێنی جەنگ و

شارێک لە گۆڕستان بوون بە ناسنامەی سەفەرم

ڕێگاکانیان لێ قفل دام ترووسکەی چاوانیان بردم

خۆزگەکانی دڵیان دزیم

دایان بەدەم ڕەشەبای ڕەشی خۆیان و قەت نەمردم

سەدەیەکە پەرجووی بوونم بەهارێکی نوێیە بۆ ژین

هەرچی ڕۆژە دادەگیرسێم گڕم بەردەبم لە تاوان

هەتا ئینسان هەموو یەکسان وەک یەک بژین

سەدەیەکە جریوەی باڵندەی ئومێدێکم گەورە

سێبەری ژێر کەپری هاوینم بۆ بازووی کرێکارانی جەربەزە

سەدەیەکە سەدای سروود و

هاواری یاخیبوونم لەلا بەرزە

لەهەناوی ڕۆژەکان تەمی سەر شۆستە و

کاژێری کارخانەی لێوار شارانم

لێزمەی بەهێزی بارانم

سەدەیەکە من لە بۆتەی باوەڕێکدا دەتوێمەوە

کە بەر لەوەی بەرپا ببم

نەبوو هێندە دەنگوباسی

لە ژینێکدا چاوم پشکوت

کە ئاسمانی لێوانلێوە لە غەدر و زوڵم و کەساسی

ئەمێستاکەش پەپوولەی پێکەنینی خۆم لەسەر گوڵی لێوی منالی کرێکار

ناگۆڕمەوە بە لێشاوێک قاقا و کێوێک لە زەردەخەنەی ژێردەستی

ماچی نەشمیلێکی ئالآی سوور بەدەستی سەر جادەکان

دەکەم بە تابلۆی پڕ عەشقی شاری جوانی و خۆشەویستی

سەدەیەکە پەڵەی هەورم دووند و سەر لووتکەی خەباتی چەوساوەکانم گرتووە

لە ئاسمانە بەرزەکانی تێکۆشانا بە سەدان خۆزگەی جوان جوانم

بۆ نێو باخچەی دڵی ئینسان داگرتووە

بە پردی مەحاڵا سەرکەوتم و نەکەوتم

بووم بە دار و بووم بە ئاو و بووم بە لافاو

بووم بە خەون و دڵنیایی

وەکو ڕووبار لرفەم دەهات ڕام دەماڵی ستەم و غەدر و تەنیایی

شەقامەکانم ماڵی کرد شەپۆلی هەستانێکی مەزنم دایە شان

هەر بۆ وەی ئازاد و یەکسان بین تەمەن و ژیانم بەخشییە خەبات و تێکۆشان

ئەیلوولی ۲۰۱۷

تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری هانا ژمارە ۳ خوولی دووەم ساڵی ۲۰۱۷ بڵاو بۆتەوە.

## ئێوە چ شیعرێکتان دەوێ؟

ئێوە شیعرێکتان لێم دەوێ پڕ لەپێچ و لە پەنا بێ
دوور لە دەردەکانی ژیان هەڵبکورمێ و
بەچاوی تیژی وشەوە
ببێ بە پەت تا ئینسان دیلی فەنا بێ
ئێوە شیعرێکتان لێم دەوێ شەرمن بێدەنگ
دەنگی یاخی لێوە نەیێ
دەروازەی نائومێدی بێ و
پەنجەرەکانی خەیاڵی
جەستەی قاقا و لەشی ماندوو و
گیانی هەلابەهەلای گیانبەختکردووانی پێوە نەیێ
ئێوە شیعرێکتان لێم دەوێ پڕ لە لوغز و ناڕۆشن بێ
نەهێشێنێ دڵی بێبەزەیی سەرمایە
ڕوو بە هەق نەدوێ و لانەدا پەردە لەسەر ڕووی دزێوی ئەم دونیایە
ئێوە نازانن شیعری من بەیانیان بەر لەوەی تەختەخەو جێبهێڵم
ئەو لەبەر دەرگای کارگەکان
لەمەیدانی کرێکارانی شارەکان

لەنێو کونجی تاریکایی زیندانەکان

لەنێو ترس و هەڕەشەی پیاو دژ بە ژنان خەریکی ئاواز چڕین بێ

مەقەستێکن بێهەدادان خەریکی ستەم بڕین بێ

من ناتوانم شیعرێ بڵێم بێدەنگ بێدەنگ لەبەردەم قاپی کۆشکەکانی

سوڵتان و

چەوسێنەران لە چاوەڕوانی پارە بێ

من ناتوانم شیعرێ بڵێم دوور لەزام و لە ئازار و دەردی خەڵکی

زەحمەتکێش بێ و

نووتەکێ بێ پێچەوانەی ڕێ چارە بێ

من دەربار نیم کۆیلە و مەسینەهەڵگر نیم بۆ هیچ هێز و دەسەڵاتێ

شیعرم ئازادە و ملکەچی قەت لا نییە بۆ مەعاش و خانوو و عەرزە و

سەر شۆڕ ناکات لەبەردەم هیچ پیا هەڵگوتن و خەڵاتێ

من شیعرێکتان بۆ دەنووسم لەناو کارگە بۆ کرێکار ببێ بە چەتری

تووڕەیی

لەنێو کۆڕی خانەوادەی زەحمەتکێشان تووڕ هەڵبدا لە عەیب و عارە و

شوورەیی

ئەو شیعرەی من لەگۆشەی زیندانی غەدرا

ببێ بە پەنجەرەی حەزێ

لەنێو دەریا و ڕێگای قاچاخی هەڵاتن لە زوڵم و زۆر

بۆ گەرووی ئینسانی ڕێبوار ببێ بە شەراب و ڕەزێ

من شیعرێکتان بۆ دەنووسم خاوەن بەڵێنی تاسەر بێ

لەگەڵ ئازاری ئینسانەکان بژێت و

لەگەڵ خەڵکی ئاوارەدا دەربەدەر بێ

وشەکانی ببن بە ژێ بۆ دەنگی پڕ لە بانگەواز

ببن بە ورەی پۆڵایین ببن بە گۆرانی و بە ئاواز

گەر دەتانەوێ ببینن شیعری مەشخەڵ چەند کەڵەگەت و سەربەرزە

لە لووتکەیا بۆی بگەڕێن نەک لەم دەشتایی و سەر ئەرزە

من شیعرێکتان بۆ ئەنووسم لەگەڵ خەندە و وێردی زارتان

لەهەڵپەرکێ و لە سەما بێ

بۆ لەدەستدانی ئازیزان هەم لەپرسە و لەخەما بێ

من شیعرێکتان بۆ ئەنووسم خاکیی سادە

بۆنی هەمان بۆنی باران

تاسەی هەمان تاسەی خەڵک بۆ ئازادی

نیگای هەمان نیگای پڕ لە خۆشەویستی کرێکاران بۆ ڕزگاری

شیعرێک ببێتە ڕووبار و دارچنارەکانی خەون ئاو بدات و

ڕۆحی ڕۆژگارە وشکەکان تێراوبکا

شیعرێک ببێتە کەنارێک بۆ کەپڵی عەشق و

کەپڵی ئارەزووی خەبات و

کەپڵی ئومێد و ڕزگاری

شیعرێک دەستێکی سەوزەڵانی ژیان بێ و

دەستەکەی تر گڕ بێ دژ بە نا یەکسانی

من ئەو شیعرە شۆڕشگێڕە ئەنووسم و

ئێوەش چی ناو دەنێن بنێن

با وڕێنەکانی ئێوەی نووسەری دەربار، نووسەرانی بورژوازی

کڵاو بێخەمی لەسەر نێن.

ئەیلوولی ٢٠١٧

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە ١١٣١ ی

ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.

## گیانبازی

من گیانی خۆمم بەخت کرد

لام ڕوون نییە ڕێ و ڕێبازم کوێر بۆتەوە

یان هاوڕێکانم بەردەوامن لەسەری

لام ڕوون نییە ئەو مەرگەی من بۆتە جۆشدانی خەباتی هاوڕێیانم

یان پەیژەیە بۆ دەسەڵاتی گەندەڵی و بازرگانانی سەرسەری

گیانبازی من داستانێکە و شەقامەکان دەیناسن و

چەکەکانیش پێی ئاشنان

خەڵکی هەژار بە شانازییەوە دەیانوت سبەی کاتێ هەتاوی ڕزگاری هەڵدێ

دڵمان دەکەینە چەپکەگوڵ بۆ سەر گۆڕی گیانبازانی دونیای ئێمە

حیکایەتە بەسۆزەکانی قوربانی دەکەینە وێردی

سەرزاری نەوەی تازەی ئەم سەردەمە و

مەرگی ئەوەی ڕقی لێمە

بە جۆشەوە دەهاتمە سەر شەقامەکان

تووڕم دەدا کلتووری کۆن

من بەو بروا پتەوەوە گیان بەخشی کە ئازادی

چەتر بێ بۆ سەری سەرجەم ڕەنجدەران و هەژارەکان

کە ڕزگاری لە ستەم و لەکۆیلە بوون

هەتاوێک بێ بتوێنێتەوە

بەستەڵەکی خەم و دەرد و پەژارەکان

من ژێوان نیم لە خەبات و لە قوربانی

من ژێوان نیم چوومە ڕیزی گیانبازییەوە

بەڵام گەلێ پەشیمانم

٢٠١٧

## تیرۆریست

کرێکاری شۆڕشگێڕم
تیرۆریست نیم
شەش لای ژیانم تەنراوە
بە هەڕەشە و بە ترس و بیم
بۆرژوازی کە خۆی سەرچاوەی تیرۆرە
بە بێ بەڵگە
دەستی تاوانباری خۆیم لەڕوو بەرز دەکاتەوە
بە چەند کلکێکی کۆمپیتەر
نەسەبم بەرەو زەلکاوی ڕەشی تیرۆر دەباتەوە
ئەو خۆی ڕەشە
دەستی ڕەشی تاوانی خۆی بە من دەسڕێ
ئەو خۆی مایەی نەهامەتی و مەینەتیمە
بەمەقەستی ستەم و زۆر
زمان و هاوارم دەبڕێ
ئەو گوڵ کوژە دەستەکانی سوورن بە خوێن
من عاشقی دار و باخچە و شیعر و بۆنم
ئازارەکانی ژیانی سەختم بە سوێن
من خەریکی گۆرانیم و

بۆ بەختیاری سەرجەم بەشەر تێدەکۆشم

بۆرژوازیش بۆ کەڵەکەی سەرمایەکەی

ئامادەیە کەللەی سەر و

چی بەدبەختی دونیا هەیە بخاتە سەر سفرە و کۆشم

کرێکارێکی وشیارم، وریام، زرنگ

زۆر لەخۆم باشتر دەناسم ڕێی ڕزگاریم

دووژمنانی چینایەتیم بۆرژوا و خولقێنەری جەنگ و تیرۆرن

بۆیە هەتا دوا هەناسە

جەنگاوەری ڕێی مەرگی سەرمایەداریم

٢٠١٦

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## نیو سەدەیە

بۆ یادی پەنجا ساڵەی تیرۆر کردنی ئەرنستۆ تشی گیڤارا

پەنجا ساڵە تۆ ڕۆیشتوویت و جێت نەهێشتووین
پەنجا ساڵە هەتاویت و هەر لە تاریکیی ڕۆنیشتووین
پەنجا ساڵە تفەنگەکەت هەدای نەداوە و بەردەوام لەسەر پێیە
پەنجا ساڵە ڕێگاکەتمان بەرنەداوە و
هەمان ڕزموون و ترسمان لەبەر پێیە
پەنجا ساڵە بۆنی هەر هەمان گوڵ دەکەین
 کە تۆ دەتنا بە لووتی ژینی بێبەشان
پەنجا ساڵە چەتری سەرمان هەر هەمان ئەو ڕێبازەیە
کە هەنگاوی تۆ نەخشاندی و کردی بە دونیای تێکۆشان
نیو سەدەیە وەک تۆ دەچمە بەر لێزمەی فیشەکی غەدر
جەستەم دەکەم بە قەڵغانی ئازادی ژین
پەنجا ساڵە کیشوەرەکان لێک دەدەم و
ڕێگاکان بەرەو ڕزگاری پەی دەکەم و
ڕۆح و باوەر بەناو و کاری تۆ تەژین
پەنجا ساڵە دەزگیرانەکەت دەبینم چاوەڕوانە و تۆ هەر نایەی
لەو ڕۆژەوەی سەفەرت کرد بووی بە سیمبولی ئازادی و

بۆ پەیژەی ژین تۆ هەر پایەی
وێنەکانت ئێستاش بۆرژوا تۆقێنە و
بۆیان بکرێ دەتسرِنەوە
داری باوەڕ و ئامانجت لە ڕەگەوە دەبڕنەوە
بۆرژوا نازانێ تۆ دێی هەموو ڕۆژێ لەگەڵ باران
لەگەڵ شنەبای سبەینان لەناخمانا
بۆ سووتانی ستەم و مەینەتی ئینسان دەبیت بە گڕ
دەبییە ئەو سروودەی کە دڵ دەیڵێتەوە و
دەبییە ئەو زریانە تووشەی سەرمایەداری دەکەی قڕ

تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

## لەدەرەوەی جوغزی تەنیایی

دانت بەخۆتا گرتووە
نێچیری دەست فێڵ و فریوو
ژیانی پڕ لە فەلاکەت
شەکەتی کردووی ڕەنگ پەڕیوو

تەماشا کە گورگی ستەم
بەچوار دەورتا دەلووریێنێ
گەر خۆت خەمی خورشت نەخۆی
کەس نییە پشتت بخوریێنێ

تاکەی بیرت لای هە خۆتە و
فەرامۆشە لات دەوروبەر
قەت لەخۆت پرسیوە بۆچی
ڕێگای شۆڕش ناگریتە بەر

بیرکەوەرە وەرە مەیدان
زار پڕ هاوار دەست بە ئاڵا
ئاخر هەر ئینسان بوون مەرجە
نەک بوون بە شمەک و کاڵا

لەمەنگەنەی داوی ستەم

زوڵم قووڕگی توند توند گرتووی

ئەم سیسیتەمە بەدەرد ئاردی

ڕژاوی ناو دڕکی بردووی

بەرپرسیارێیەتێکە و نابێ

خۆی لێ نەبان کەی فەرامۆش

دەی بۆ دونیایەکی تازە

وەگەڕخە بیر و هەست و هۆش

هەتا دوور بیت لە هاوچینان

کەس نابێژێ ئەوان کێنە

بێرە ناو کۆڕی تێکۆشان

جوغزی تەنیایی بشکێنە

سەرەتای ٢٠١٧

## ئاڵا

گەر ئاڵایەک نەبێتە هۆی یەکگرتنم
نەبێ بە سیمبۆلی ئەوین ئازادی لەخۆی نەپێچێ
ڕێگای ڕزگاریم ڕاستەڕێ نیشان نەدا و
بمداتە دەست پەناو پێچێ
گەر ئاڵایەک هێمای تێکۆشانم نەبێ
جیهانی ستەم بگۆڕم
موژدەی تروسکەیێ نەبێ بۆ تاریکی ژیانی هەر وەکو گۆڕم
گەر ئاڵایەک وا لە زنجیری ژین نەکا بتوێتەوە و
دونیای تازەم نیشان نەدا و ئاورێ لە دەرد وپەژاران نەداتەوە
ئەو ئاڵایە نە پیرۆزە و نە دەشتوانێ
جێی خۆی لە نێو دڵ و دەروونی هەژاران بکاتەوە.

٢٠١٦

## سووتەمەنی

لەوەتەی هەین بە پانتایی مێژووی کۆن و تازەی ئینسان
سووتەمەنین بۆ جەنگەکان
شانمان لەژێر باری قوورسی ژێر دەستییە
لەوەتەی هەین خەون بە ئازادی دەبینین
کەچی ژینمان هەر کۆیلەتی و هەر پەستییە
لەوەتەی هەین باراشین و ڕۆژەکانی تەمەنی خۆمان دەهاڕین
وەکو چرا کز دەسووتێین تاکو بووین بە ئاگر و ژیل
هەتاکو بووین بە گاڵتەجاری ڕۆژگار و
ئومێدەکان بوون بە زنجیر و بووینە دیل
پەنامان بۆ تفەنگ ئەبرد تاوەکو دووژمن بکوژین
بەبێ ئەوەی بزانین دووژمنمان کێیە
دەکەوتینە دوای نەزان و نەخوێنەوار
بەبێ ئەوەی بزانین کەوا چی پێیە
هەڵیان پەڕاندین وەک ویستیان
هەرگیز گوێیان لێ نەگرتین گەرچی ئەوەی وتمان بیستیان
لەوەتەی هەین ڕۆژێ ئەکراین بە قارەمان بە پاڵەوان بە سەرکردە و بە تێکۆشەر
ئینجا پۆل پۆل بەکاروانا ئەنێردراین بۆ پێشەوەی شەڕ

لە شەڕگاکان کە ئەکوژراین خوێنی مێژوویەک دەچۆڕا پڕ لە ناڵە و فیغان و دەرد

جەستەکانمان ئەنجن ئەنجن دەچۆوە بەر دەمی دایکەکان

گیرفانەکان بێ پارە بوون بەڵام دڵ پڕ بوو لەباوەڕ  سەریشمان هەر دەیدا لەبەرد

لەئاوێنەی مردنەوە تەماشای ڕوخساری ئینسان شیتگیریی بوو

چاوەڕوانی کۆستی مەرگ ژیانێ بووین

هەر بۆیەکە ڕۆژێک نەبوو بلێین ڕەنج بەفیڕۆ نەچوو

ڕۆژێ شینیان پێ دەگێڕاین ڕۆژێ شاییان پێ دەکردین

هیچ ڕۆژ نەبوو خەجاڵەتی ژیان نەبین

ئێمەی ئینسان هەموو ڕۆژێ ئاخ بە سەدان جار دەمردین

پێیان دەوتین ئێوە چین تا دەنگ هەڵبڕن و بێنە پێش

ئەی نازانن گەر بخوازین دەتان کەین بە گڕ خۆڵەمێش

بۆتان نییە بیر لە دەسەڵات و سەروەری بکەنەوە ئێوە تەنها وزە و تینن

بۆ ئاسوودەیی ئێمەومان ئێوە سووتەمەنی ژینن

ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## هەتاوەکە دواجار هەڵهات

بۆ نەسرین عەبدوڵا فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی ژنان

نەسرین ڕۆیی هەتا ئازادی ماچ نەکرد نەهاتەوە
هەتا ڕێگای سەرفرازی نەنایە بەردەم هەزاران ژنی شەڕڤان
تا چاوانی نەچوونە خەو پشووی نەدا
نەسرین ئاوی لە کانییە سوورەی مارکسیزم خواردۆتەوە
پڕ بە لووتی سەرفرازی بۆنی گوڵی باخچە ئەکا
خۆشەویستی بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلەتی لە دەروون و دڵی پڕ هیوای سەر ئەکا
ئەو شەهێنە ئەو مۆتەکە پڕ ترسەیە
کەخەوی لەچاوانی کۆن و جەهالەت تۆراندووە
بۆ یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیان ئەو هەڵگری ئەم پرسەیە
نەسرین ڕۆیی نەهاتەوە تا گزنگی نەکردە پەرچەمی تفەنگ
یەکسانی نەدایە دەستی ئینسانەکان
نەسرین لە زریان هاتە بوون
ترسی سپاردە دوورگەکانی ئەودیو ڕۆح
لەنێو شەقامی خەڵوەتیی بوو بەهاوار

لە شەوەکان بە ئەستێرەو

لەسەر دارە بەرزەکانی ئومێدەوە بوو بە جووکەی پاسارییەکانی

بەرخوردان

نەسرین هەتا خەونی دەدی زیاتر دەبووە شەبەنگەبەرۆژی جوانیی

هەتا دەهات ڕەنگی ڕەشی لەنێو ڕەنگەکانی ژیان ونتر دەکرد

وشەکانی ڕووناکیان لێ دەچۆڕێ

چاوانی پڕ لە بریسکەن دڵی گڕکانی خەونێکە بێ وێنەیە

نەسرین بۆتە ئەو فەرماندە ئێسک سووکەی

هەر هەنگاوێکی بۆ ژنان ئاوێنەیە

بڵێسەیێ کەڵەگەتە

هەتا بڵێی شەنگە لەنێو لالەزارەکانی ژیان

تووڕەبوونی دۆزەخێکە بۆ سووتانی داعشەکان

هەتا بڵێی پڕە لە بەهارێکی جوان پڕە لە باوەڕێکی گەش

ئاگردانە و دەسووتێنێ بیر و دڵ و باوەڕی ڕەش.

تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

## تۆ خۆش هاتی ئەی مێوانە بچکۆلەکە

بۆ (هیرۆ)ی تازە لەدایکبوو

ئەی مێوانە بچکۆلانەکەی ئەم دونیا پڕ لە ئاشووب و غەمگینە
ئەی ساواکەی نێو باوەشی میهرەبانی ئازیزەکەم
ئەی پیاوی دوارِۆژ، ئەی نۆتەی مۆسیقایەکی کپ و جوان
ئەی لەهاژەچووی دانیشتووی قەراغ چەمەکانی ژیان
ئەی گڤەی حوزنی ئەوین و
ئەی نەسیمی ئێوارانی پارکەکانی عەشق و ئومێد
دەی خۆش هاتی بۆ ئەم جیهانەی بەبێ تۆ تاریکییە
دەی خۆش هاتی بۆ باوەشی خۆشەویستی
دەی خۆش هاتی بۆ نێو چاوە ڕەنگاڵەکانی خوشنوودی
خۆش هاتی بۆ نێو گۆرانی
بۆ نێو قەتارەی ئاواز و بۆ نێو سەمفۆنیای ئازادی
ئەی مێوانە بچکۆلەکەی ساوای دڵم
ئەی پیاوە مەزنەکەی داهاتوو
ئەو ساتەی تۆ لەگەڵ یەکەم تروسکەی ژین بوون بەهاوڕێ
ئەو ساتەی یەکەم هەناسەت بوو بە هەوری ئومێدێکی ڕەنگاوڕەنگی ئەم زەمەنە

ئەو ساتەی یەکەم بۆنت کرد

بۆنی من و بۆنی دایە و بۆنی خەون و بۆنی ژیان بوون بە گوڵی ئەو بەهارەی

کەبڕیارە تیایدا سەفەری تەمەن و گەشتی گەورەی تیا ئەنجام دەین

ئەی ساواکەم لە تروسکایی چاوتەوە من دەمەوێ زرنگییەک بەدی بکەم

من دەمەوێ سەوداسەری ئازادییەکت تیا ببینم

من دەمەوێ ڕێک وەکو من مەشخەڵێک بیت و دابگیرسێی تا تاریکی قەڵاچۆ کەی

سروودێ بیت بۆ داهاتوویەکی پڕشنگدار

گۆرانی بیت بۆ ژیان و دادپەروەری

کانی بیت بۆ لێوی ڕۆژگار

بانیژە بیت بۆ بینینی نەهامەتی و دەرد و ئازار

دواجار هاوڕێ بچکۆلەکەم من دەمەوێ خەیاڵی نێو ئەو شیعرە بیت

کە بڕیارە بتنووسمەوە

دەی خۆش هاتی ئەی مێوانە ئازیزەکەم

ئەی ساواکەی نێو باوەشی میهرەبانیم

تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

# كۆچە ناوادەكەی شیعر

دەمەوێ لەم تاریكییە بێكەسەدا سەری خۆم هەڵگرم و بڕۆم
نە گوێ لە پاڕانەوەی داربییەكان دەگرم و
نە لا لە پەنجەرە تەماوییەكانی ژیان دەكەمەوە
دەڕۆم بەنێو جادەكانی بیم و ترس هەنگاو دەنێم
دڵم ئەكەم بە چەپكێ پشكۆ ژیلەمۆ
دەمەوێ بار كەم و بڕۆم
شوێن پێی هەورە كۆچەرەكان هەڵبگرم
لەبەردەم كاروانسەرا شیعردا تەماشای ئاسمانی خەیاڵ بكەم
لەئەستێرەی شەو ڕابمێنم تا بزانم ئاراستەی ژیان بەرەو كوێم دەبات
نامەوێ وەرزا و وەرز لەبەردەم داری چاوەڕوانیدا
بەئومێدی هاتنی یار ڕابوەستم
بار دەكەم بار
ئیتر حەوەجەم بە بێدەنگییە قووڵەكانی ژیان نامێنێ
جوایەز جوایەز لەنێو گرتە ڤیدیۆكانی غوربەتدا دەژیم
شیعر بۆ گۆڤارە پانوپۆڕەكانی فەنا دەنێرم
لە ئۆفیسەكانی یاخی و بەرەنگاربوونەوەی ستەم دەبمە سپارتاكۆسی
مێژوویەكی تازە
شۆڕش لە نێو ڕستە و شیعر بەرپا دەكەم

دەمەوێ بار بکەم بار

لەم جوغزە بەرتەسکەی خەیاڵ دەچمە دەرێ

دەبم بە بەرد

دەبم بە ئاو

بە کۆترێ یان بە شیعرێ

یان بە هەناسەبڕکێی ساتی گەیشتن بە ئورگازمی نووسینی دەق

دەمەوێ بارکەم

بوزگورەکانی نەگبەتی و نەداری و بێکەسیی خۆم

دەنێمە نێو عەرەبانەی پشتی پیکابێکی خەون و سەفەر دەکەم

نوقڵی وشە و

شیعرە کێک و

نەستەلەی قەسیدەی خۆشی

هێشووە هایکۆ

سەبەتەیەک خەونی ڕەنگاوڕەنگی جوایەز

بەرچنەیەک لە ئومێدی سووری ژیان دەدەمە منالانی

تشرینی دووەم ٢٠١٧

## شەرمەزاری

من لە گوژاڵک تەنها چاوەڕێی تامی تاڵ ئەکەم
لە حکومەتی ئایین بەدەستیش
زۆر بێ مێشکییە ئەگەر پێموابێ لە یاساکانیا
پێشوازی خەندە و گوڵی ئاڵ ئەکەم
دەرکەوت ئینسانبوون زامێکی سەختە و
ئینسان بەدەستی شەللاتی هەرزەی دونیای سیاسەت دەردی کارییە
نەقشی سەر بەردە کەوا دەیانوت
ئایین تلیاک و
ناسیونالیزمیش لەبۆ بەشەرییەت شەرمەزارییە

٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧

## دەخوازم

لەهەر کوێیەک دەنگێ هەبێ دژ بە غەدر
دەنگێ هەبێ بۆ لێزمەی زوڵی سەرمایە
لە ئاسمانی کارگەران بووبێ بەچەتر
دەنگێ هەبێ راوی تاریکایی بنێ
دەنگێ هەوڵی یەکگرتن دا
هەنگاو دژ تەنیایی بنێ
دەنگێ لەهەر سووچ و قوژبنێکی ژین بێ
سووتێنەری ڕق و کین بێ
من دەخوازم ئەو دەنگە بم
لەهەر جێیەک
لەسەر هەر سەرزەمینێکی نووتەک ئاسا
لەگۆشەی هەر بیرکردنەوە و ڕامانێکا
لەچێوەی هەر ڕووخان و داڕمانێکا
تروسکەی راپەڕینی سووری ئومێدبەخش
بۆ یەکسانی و بۆ سەرفرازی لە ژیان
لەو جێیەدا قورنابی دات بەدڵ و بەگیان
تەکان بدا لەگەڵ ڕیتمی شۆڕشی بێگەڕانەوە
من دەکۆشم ئەو جەنگە بم

تشرینی دووەمی ٢٠١٧

# کێڵگەی خەیاڵ

تەمەن ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر زەفەرم پێ دەبا

خەریکە ڕۆتینیاتی ژیانم بیرچێتەوە

چاویلکەکەم بەسەر سەرمەوەیە و بەدوایدا دەگەڕێم

کۆمپیوتەرەکەم بە ڕۆشنی بەجێ دەهێڵم و دەڕۆم دەنووم

جزدانەکەم لەسەر مێزی ژووری دانیشتنەکەیە و

بەگیرفانی بەتاڵ دەڕۆمە دەرەوە.

وا دەزانم هەر جارانە و دایکم نەمردووە و ئێستا نا ئێستا بانگم دەکات بچم نان بخۆم

هەندێ جاریش وا دەزانم ڕەحیماوەیە و لەگەڵ هاوڕێکانم بەدەنگی بەرز دەدوێم

بیرم دەچێتەوە نەخۆشی شەکرەم هەیە و مل بە خواردنی پاقلاوەکەی حەسەن نەجم دەدەم

بیرم دەچێتەوە پاڵە جوانەمەرگ بووە و زوو زوو بەخەیاڵ لەسەر بانەوە بانگی دەکەم تا هاوسەرەکەم دێتە ژوورەکەم و دەڵێ ئەوە چیتە دیسان خەیاڵ بۆ کوێی بردی؟

دەردی تەمەنە ژیان ئاوا سووک و ئاسان

خۆی لەدەستمان ڕادەپسکێنێ و ڕادەکا.

وەک منداڵێکی بزێو کتێبەکەی ئەمین باڵدارم لێ دەرفێنێ و نامداتەوە.

حیکایەتەکانی عەبدوڵا سەڕاج و
تامی ترسی دڵەڕاوکێکانمان لە مامۆستا غەفوور
پێکەنینەکانی ڕەمزیمان لێ دەشارێتەوە
ئەوە ژیانە عەینەکێکی ڕەشی لەچاودایەو
لە سادەییەوە دەمانبا بەرەو ڕۆخ و لێوارەکانی جەنگ
نازانم تەمەن چی لێم دەوێ؟
نازانم ژیان دەمناسێتەوە یان نا؟
ئێستا شار و کۆڵانەکان بەچاوی نەناسەوە لێم دەڕوانن
بازاڕەکە ئەڵێێ ڕۆژێ نەیبینیوم
پاسەکانیش چەنێ دەستی چاوەڕوانیان لێ بەرز دەکەمەوە ڕاناوەستن
هەرچەندە سەکنەکانیشیان هاوار دەکەن تەنها جێی دوو نەفەرمان ماوە
ئەگەڕێمەوە بەرەو پاش..ژیان وەکو سەعاتەکەی مەچەکم بەرەودوا دەگێڕمەوە
چ خۆشییەکی لەبن نەهاتووە جارێکی تر بچمەوە پەیمانگا
لەبەردەم کچێکی نەناسدا کەپێی دەڵێم حەز دەکەم ببی بەهاوڕێم
ڕوخسارم وەک پەلکەپیازی لێ دێ، شەرم بگرم.
چ خۆشییەکە یەکەم شیعرم لەبەرهەمی لاواندا ببینم بڵاو بۆتەوە
باوکم سەرێکم لێ با بدا و لێوەکانی خۆی بکرۆژێ و دەڵێ :
کوڕم بەرگەی سیجنی بەعس ناگرم!
بەم پیرییە تۆ چیت داوە لە کۆمەڵە و مۆمەڵە.
چ خۆشییەکە یەک یەک دوعاکانی دایکم وەکو نوقڵ لەگیرفان دەنێم

سەیتەرەکان چەواشە دەکەم. فێڵ لە دەروجیران دەکەم

بە زەی موەحەدەوە لەماڵ دێمە دەر

لەسەر جادەش شەڕواڵێک لەپێ هەڵدەکێشم و بچمە گۆپتەپە بۆ کۆبوونەوە

لە هەمووی بەتامتر ببم بە کۆمۆنیست و چاویلکەی مارکس لەچاو کەم

نازانم ژیان دەمناسێتەوە یان نا

جارێ پشتی تێکردم و تێی قووچاند

کە لە ئەمنی کەرکووک گیرابووم و بینیمی خۆی غەشیم کرد

سەری خۆی خوراند گوایە یەکتر ناناسین

کاتێ سووتام ئەو ژیانە هەر بۆڵەی بوو

ئێستاش دوو دڵم لەوەی بمناسێتەوە

چونکە ئەویش بەدوای بۆنی تەپوتۆز و وشکە گەردەلوولی باریک

بەدوای بۆنی عارەقەی وشکی سەر جەستە

بەدوای بۆنی فریودان و

بۆنی پەیمانی ناڕاستی  و

بۆنی جارانی شەرمەوە عەوداڵ  بووە.

نازانم دەمناسێتەوە یان نا

منیش خەریکە ڕوخساری ڕەنگاوڕەنگی ئەوم لەبەرچاو کاڵ ببێ

ڕەنگە بیری ئەم جەژنەیە لێبگەڕێ بچمە سەر پشتی هەتاو و

چەرخوفەلەکی خوشنوودی ئەزموون بکەم

پاسکیلی ئارامی بەکرێ بگرم و دوو فەڕە لێدەم

لووقم شرووبییەک بخۆم

کێک و ساردییەک بکڕم بۆ شیعرێکی هەناو برسیم

بەکۆڕنیشی داهێنانا سەربکەوم

لەبەردەم هەورەکان بگریم

تا حەز حەز بکات کتێبە خاریجییەکانم بخوێنمەوە

لەگەڵ قاسمی ئامۆزام گوێ لە دەرسەکانی مارکسیزم بگرین

گۆڤاری پێشرەو بدەمە حەمەزەکی و

بەشداری کۆڕێکی شیعریی بکەم

تشرینی دووەمی

٢٠١٨

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا

خوێنراوەتەوە.

## ماتەمینێکی درەنگ وەخت

بۆ ئەو ژنە چەکدارانەی (ح ش ع) کە لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە پشتئاشان و قەرناقا کە بە فەرمانی نەوشیروان مستەفا گوللەباران کران.

ئەو گوڵانەی کە لە قەرناقا و پشتئاشان
بە گوللەی غەدر
بە فیشەکی ( ی ن ک) کوژران
بوو بە ئەستێرەی ناو سەدان هەگبە و توێشوو
دڵی لەگەڵ کەوتنە زەوی لە بری خوێن ئومێد تیایدا فیچقەی دەکرد
لێوەکانی هەتا دوا هەناسەشی دا
شەکرەترێی پێکەنینی پێوە بوو هەروەکو هێشوو
چاوەکانی لەسەر ڕاستەهێڵی ئاسۆی دواڕۆژی ڕوون نەدەتروکا
ئاخ لەو شەهێنە توورەیەی
جەستەی لەبەردەم بەرداشی گڕەغەدرێک هەڵپروکا.

کانوونی یەکەمی ٢٠١٧

**ئێمەی تووڕەی ئاڵا بەدەست**

لەنێو دڵی شەقامەوە هاوار دەکەین

شەقامەکانی ژیانمان لێک گرێدا

شەوەکانی تەمەنی نێو تاریکستان ڕوون بوونەوە

کازیوەی ڕۆژێکی تازە دەدەین بەسەر شانی ڕۆژگار

ڕوو لەهەر لایەک کەین ئێمە وزەی پڕ لە تێکۆشانین

لە هیچ ترسێک سڵ ناکەین و

هیچ ئاستەنگێک ڕامان ناگرێ

ئێمەین هێزی بەرخوردان و ڕاپەڕین و خرۆشانین

تا دێت دەنگمان دەبێ بە یەک

بۆ نەمانی ستەم و زۆر

بۆ نەمانی جەور و بێدادی سەرمایە

ئیتر یەک دەنگ وەک یەک هاوار و یەک جەستە

یەک لافاوی پڕ لە تەوژم

ڕادەماڵین ئاستەنگەکانی ڕێی شۆڕش

سۆشیالیزم بەرپا دەکەین لەم دنیایە

ئێمەی تووڕەی ئاڵا بەدەست کرێکارین وا خەریکین

دەبین بە هاڵاوی ئاگر

چەوسانەوە دەسووتێنین

لەژێر بانگەوازی ئاڵای سووری خەبات

نەک هەر خۆمان

مافی سەرجەم خەڵکی چەوساوە دەستێنین.

*

شەقامەکان ئێستا شەوانیش ناخەون

بوونە بە نێرگزەجاڕی ئاڕەزایی و دەنگ هەڵبڕین بۆ ئازادی

بوونە بە بانیژەی ڕوونی تێکەڵبوونی ئینسان و ڕق

بوونە بە گوێسوانەی خەونی ئەستێرەکان و بانگەواز

تریفەی خوێن لێچۆڕانی دڵی ژنانی تامەزرۆ بە ئازادین شەقامەکان

بزەی لێوی گەنجانی دژ بە تاریکی و کۆنەخوازین شەقامەکان

شەقام نەبێ ئیتر کێیە دەچێ بەلای خەونە سەفتەکراوەکانی شیعری یاخی

ئیتر کێیتە دەچێ بەلای پێکەنینە قەڵبەزە ئاساکەی لێوی دوا هەناسەی ئیعدامکراوێک

ئیتر کێیە دەچێ بەلای نیگا تیژە ماندووەکانی شەللاق کراوێک

شەقام ئێستا پاڵتۆی ئومێدە سوورەکانی ژنانی لەبەردایە

شەقام ئێستا شیعرێکە گەڵەگەت و بەرز

شەبقەی وشە و خەونی جوان و ڕەنگاوڕەنگی لەسەردایە

شەقام ئێستا هەموو شەوێ مەمکەکانی دەنێتە دەمی نەسرەوتن

شەقام ئێستا سوێندە گەورەکەی کارگەرانی توورەیە و

هەدا نادا هەتاوەکو ڕانەماڵێ ستەم و زۆر

هەتا نەگا بە دوا مەنزڵی سەرکەوتن.

کانوونی دووەمی ٢٠١٨

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## لە یەکی ئەیار

هاواری بەرزی ناو گەرووی تووڕە کە دەلەرزێنێ عەرشی ستەمکار
ترسێک دەکاتە هەوری سەرسەری ژینی شاهانەی گشت سەرمایەدار
کە شەقام کولاّ ئاسمان جۆشی سەند کێ گوێ لە وەعد و لە پەیمان دەگرێ
ئەمەیە ڕۆژی تەقینەوەی ڕق ڕۆژی بڕیاری چینی کرێکار

کانوونی دووەمی ٢٠١٨

## جەنگ

چماڵوێرانییەکە جەنگ

چ بەدبەختییەکە ئینسان دڵی بە جەنگ خۆش بێ

نەهامەتی لەوەدایە چەک و جەنگ

بوونەتە ناسنامەی ئەم سەدەیە

بۆ دەبێ ڕێگا بە خوێن بنەخشێ

ڕووی تەڵخی ئاوێنەکانی ژیان

وێنەی جوانێک نەگرنە خۆ

چ نەهامەتییەکە بەناچاری لەپێناو مانەوەدا

چەک بگرێتە دەست

تەقە بکەی..بتکوژن وبکوژرێی

تف لەو یاسایەی ململانێکان بە چەک دەبڕێتەوە

نەفرەت لەو کلۆڵییەی کە دیاری دەستی چەکە

ئێمە چەک پەرست نین

ئێمە عاشقانی خوێن و جەنگ نین

ئێمە ئاشتیمان دەوێ..دەمانەوێ لەدەرەوەی بازنەی جەنگدا بژین

چونکە لەودیو سنوورەکانی خوێن و جەنگەوە

ئینسانیەت مانای دەبێ و مانای هەیە

ئای دووژمنەکەم چەند دڵڕەقە ناچارم دەکا دەست بدەمە چەک

ناچارم دەکا بکوژم و بکوژرێم
ناچارم دەکا لەپێناو ئازادیدا
لەپێناو مرۆڤایەتی گیان بەخت بکەم
چەند دڵرەقە دووژمنەکەم
ئەو چەکی بەدەستە تا بەهەشتەکەی لەدەست نەچێ
دەکوژێ تا سەروەتەکەی بمێنێ
فەتوای خوێنڕشتن دەردەکا تا کۆیلەتی باڵا دەست بێ
منیش چەکم بەدەستە
مەرگی فەتوا و خوێن ڕشتن و کۆیلەتیم
هەموو ئینسانم لا مەبەستە.

٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨

## پێناسە شیعر

ئەم شێوازە لە شیعر گەرچی بڕێک نامۆ دەردەکەوێ، من وامدەزانی نوێیە و لە ئەدەبی کوردیدا هیچ کەسێک ئەم کارەی نەکردووە. بەڵام کاتێ بینیم لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا تەنها شێخ نووری شێخ سالح شیعرێکی لەمجۆرەی هەیە.

فڕین بەسەر هەورەکانی هەناسەدا

ف، فێربوونی دەستوپەنجە نەرمکردنە لەگەڵ خەم و

هاتنەوەیە لەگەڵ وەهمەکانی سەفەر

ڕ، ڕۆیشتنە بەسەر ئاسمانەکانی خەیاڵ و لەخشتەبردنی دڵە

بەپەلکە ڕەنگاوڕەنگەکانی گریان

ی، یاخیبوونە لە سەردەم و ڕەتکردنەوەی گۆرانییە باوەکانی عەشقە

ن، نووستنی نیگایە لە نێو شەپۆڵە بێزارەکانی بینین و ناسککوژیە

ب، بردنەوەی گرەوەکانی گومانە بەر لە کوشتنی سیزیف

ە، ئاوێنەبەندی شیعرێکە تۆراو لە خوێنەر و شاعیر و بێزووکردوو بە تەنیایی

س، سەرنجی سەفەری سەرابەکانی سەر نەخشەی بیابانی بێئومێدییە

پێش ئەوەی خۆر سڵاو لە پەنجەرەکانی تاریکی بکات

ە،ئاسۆی کورتبینی باڵندە کۆچەرەکانی خۆشەویستی مرۆڤە

نەدەفڕی لەشەقەی باڵ بداو بفڕی و نەلەسەر تاڵە تریسکەی هیوایەکدا

دەنیشنەوە

ر، ڕوانینە لە ژماردنی ئەستێرەکانی ڕواو لەچەقی ئاسمان

ە، هەڵمی سڕبووی سەر پەنجەرەی یادەوەری دڵداریە

ە،ئاواتی وشکەوەبووی دڵی قەیرە پێکەنینێکی ڕەشپۆشە

و، وردبوونی گۆزەکانی پاکانە و شووشەی دڵی کچە جاحێڵێکی کوردە

ر، ڕاکردنە بەژێر پردەکانی خۆونکردن و دۆزینەوەی پەنجەرەکانی ئیمانە

ە،ئحم و قورگ پاککردنەوەی کارەکتەرێکی ئێدوارد ئەلبییە

ک، کۆچی پیتە وێڵەکانی نامەیەکە خاڵی لەسۆز، تەژی لە ترس و هەڕەشە

ا،ئاوەدانکردنەوەی وێرانەخاکی ت س ئیلیۆتە

ن، ناردنی نامە جێماوەکانی دوای شەڕن بۆ کچە بێوەژنەکانی لەشار

جێماو

ی، یادخستنەوەی نامەکانی شاپلنە بۆ سەدە گەمژەکان

ە،هونەری دەستبردنە بۆ ناو گەڵی چیرۆکێکی ئیرۆتیکی

ە، ئاوێزان بوونی من و نێرگزە لە ساتی سەمای سۆفکلیسدا

ن،نوێبوونەوەی جەنگەکان و کوشتنی هەستەکان و ڕوحە

ا، ئاوڕدانەوەیەکی تووڕەی سترێنبێرگە لەڕابردوو

س،سێبەری دوورکەوتنەوەیە لەهەتاوەکانی غەدر

ە، ئەوینێکی قەدەغەکراو و ڕیپێدراوی سەر شەقامێکی تووڕەیە

د، دالّدادانی وشەیە لەباوەشی شیعرێکی ئەویندار

ا،ئامادەبوونە لە بەردەم فڕین بەسەر هەورەکانی هەناسەدا

١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی نسێ ژمارە ٧٧ی ساڵی ٢٠١٤ بڵاو بۆتەوە.

## کەرکووک

ک، کۆچی زەمەن و جێهێشتنی وەرزەکانە
ە، ئەنجن ئەنجن بوونی جەستەی ژیانە لەبەردەم ئەژدیهای تەماح
ر، ڕوو وەرگێڕانە لە گوناهەکانی سوپارتۆ
ک، کوورڕبوونەوەی پشتی مێژوویەکە لەژێر ڕەهێڵەی خوێن و مەرگ
و، وتنەوەی دوعاکانی سەرفرازی و سروودەکانی ئازادییە
و. ونبوونە لەنێو دووکەڵەکانی باوەڕ و ئیمانە ساختەکان
ک، کەرت کەرتبوونی دڵە ساردەکانە لەبەردەم ڕەشەبای ڕەشدا

١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣

## عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ

ع، عاسی بوونە لە تەواوی نۆرماڵ و نەریت و ڕێسا باوەکانی ژیان
ە، ئامادەبوونە لەبەردەم سەرجەم ئەگەرەکانی مەرگ
ب، بیرێکی قووڵە لەبیرەوەرییەکانی دەیە تاریکەکان
د، دروێنەی تاڵە سپییەکانی پیری و شەبەنگە قەشەنگەکانی کۆماری عەقڵە
و، وازهێنانە لە سەرکەوتن بەپەیژەکانی خۆویستی
ڵ، لێڵبوونی ئاسۆی تەماشاکانی خەیاڵە لەسەر گردی لاویتیدا
ا، ئاگر کەوتنەوەیە لە خەون و شیعر
س، سواربوونی پشتی "با"یە بێ ڕوخسەتی ئاسمان
ل، لاوانەوەی کچێکە پڕاوپڕ لە چوانی و شیعر
ێ، یەکڕەنگکردنی هەموو گوڵەکانی باخچەی نائومێدییە
م، مانەوەیە لە نێو تابلۆکانی بەفر و خۆڵەمێشی خۆونکردن
ا، ئاڵووالا بوونی قەدەرە بە بۆیەی مەنفا
ن، نووسینەوەی بەسەرهاتە غەمگینەکانی تەنیاییە
م، مۆمیاکردنی گەمژەیی و ڕاکردنە لەمرازەکانی گەنجی
ە، ئاوڕشینکردنی ڕوحی گەرمە بەئاوی فێنکی نێرگز
ش،شاردنەوەی وێنەکانی سەر دیواری یادەوەریە
خ،خاوبوونەوەی هەنگاوەکانی جوانییە لەبەردەم هەڵکشانی تەمەن
ە، ئارایشتکردنی ئاونگەکانی سەر گەڵای عومرە
ڵ، ڵاڵانەوەیەکە لەبەردەم بوون

کانوونی دووەمی ٢٠١٣

# نێرگز

ن،نەرمونیانترین لەنجەیە کە عەشق تا ئێستا درکی پێکردبێ

ێ، یاڵەویاڵکردنە بەسەر یەزدانپەرستی ئەوین

ر، ڕۆنانی بەربەستەکانی یەئسە لەڕووباری خۆشنوودی

گ، گەیشتنە بەگەڵا وەریوەکانی روح

ز، زایەڵەی زەنگی ئامادەییە دژ بە ئەهریمەنەکانی ژین

٢٠١٣

## خۆشم دەوێی

خ، خنکانی هەناسەکانی بوونە لەچوارچێوەی دڵێکدا
ۆ، وەیشەمەکانی زیندەگییە لەلێواری ڕفاندنی سۆزدا
ش، شۆڕبوونەوەیە بەرەو ناخی پەلکەڕەنگینەکانی لەزەت
م، مارانگازە و هەندێکجار پەڕ و باڵت دەسوتێنی
د، دۆزینەوەی دوورگەکانی هیوایە لەنێو زەریای ژیان
ە، ئینجانەی گوڵە بۆنخۆشەکانی بەرائەتە
و، وازهێنانە لەگەمە وڕەدووکەوتنی سەراب
ێ، یاقووتی حەشاردراوی هەستە لەڕاستەڕێگای چێژ
ی، یەخسیرکردنی دڵە لەکۆڵانەکانی عیشقدا

٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣

## نووسەر

ن، ناسینی کۆمەڵگە و دەرهاویشتەکانی ژیانە

و، وریابوونەوە و کردنەوەی کردنەوەی زەینی خەڵکی ستەمدیدەیە لەڕێی نووسینەوە

و، وەرگێڕانی ڕووە لە بەرژەوەندی تایبەتی و خزمەتکردنی چەوساوەکانە

س، سات و سەودا کردن لای ئەو لەسەر ئیسان هێڵی سوورە

ە، ئومێدەکانی ئینسانە توانەوەیانە لە دەق

ر، ڕەنگڕێژکردنی ئەدەب و نووسینە بە واقیع.

کانوونی دووەمی ٢٠١٨

## کتێب

ک، کلیلی کردنەوەی سەرجەم دەرگاکانی ژیانە

ت، تەوەرە بەستنە لە دەوری نەزانین و فێربوون

ێ، ێک بوونە لەگەڵ شێوازەکانی گۆڕان و پێشکەوتن

ب، بەدەستهێنانی ئاسۆی ڕوونە لەشەوەزەنگی نەزانیدا

کانوونی دووەمی ٢٠١٨

## شەڕڤان

ش، شاربەدەرکردنی تاریکی و مەرگە لەدەڤەری ئازادی

ە، ئەنگوستەچاوکردنی ڕێگای غەدر و چەوسانەوەیە

ڕ، ڕێگەنەدانە بە تارماییەکانی ڕەشی جەور و ستەم

ڤ، ڤاکسینی جەستەی ژیانە بۆ بەرگری لە ڤایرۆسی تیرۆر

ا، ئاستەنگە لەبەردەم باهۆز و ڕەهێڵەی ترس

ن، ناردنی سەرجەم ڕوحە پیسەکانی نەهامەتییە بۆ نێو چاڵی مەرگ.

کانوونی دووەمی ٢٠١٨

## کارل مارکس

ک، کردنەوەی دەرگاکانی ئومێدە لەبەردەم تاریکیی ستەمدا

ا، ئاوەڵابوونی دەروازەی نهێنییەکانی ژیانە لەبەردەم پرسیارە گەورەکان.

ر، ڕەوینەوەی تەمی ترسە دەقگرتووەکانی ژیانە لەسەر پەنجەرەی بیر.

ڵ، لێڵکردنی ڕێڕەوی جۆگەلەی پیلان و نەخشە دۆزەخییەکانی زوڵم و وەحشەتە.

م، مەرگی حەتمی بێ ئەملاوئەولای سیستەمە لەسەر دەستی گڕە لە باوەڕ هەڵکێشراوەکان.

ا، ئاوێتەبوونی تیئور و پراکتیکی ئاڵوگۆڕەکانە لەسەرجەم بڕگە مێژووییەکان.

ر، ڕووگەی دوایین دەستنووسی تێزەکانی هەلابەهەلا کردنی غەدرە.

ک، کۆکبوونە لەسەر بنەماکانی وەستانەوەیە دژ بە بەربەریەت و زوڵم.

س، سەنگەری سەرشەقام و کارگەکانی ملیۆنان ئینسانە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی.

تشرینی دووەمی ٢٠١٦

## ئەنگڵس

ئ، ئەنگیزە بەردەوامەکانی پرسیار و سۆراخە لەنێو مێژوودا
ە، ئەندێشە جوانەکانە لەبەردەم جوانی کتێبدا
ن،نووسینە پڕ بایەخەکانی ئەوە لەسەدەی نۆزدە
گ، گلدانەوەی خۆشەویستی و وەفایە بۆ نێو دڵە پاکەکەی
ڵ، لەت و پەتکردنی زنجیرەکانی کۆیلەتییە بە بیردۆزە تیژەکانی
س، سەروەرییە هەمیشەییەکەی خەباتە وا بە بەرۆکی کتێبەکانییەوە.

شوباتی ٢٠١٨

# شۆڕشی ئۆکتۆبەر

ش، شکۆی هەمیشەیی ئەو ئینسانانەیە کە دەمرن بۆ ئازادی
ۆ، وێناکردنی سەرجەم دزێوەکان و نیشاندانی جوانییەکانە
ڕ، ڕەوانکردنی وانەکان و ڕەوینەوەی تەمی ترسە لەسەر ژیان
ش، شەکانەوەی ئاڵای یەکسانی کۆمەڵایەتییە لەسەر دووندی مێژوو
ی، یەکگرتنی هەموو خۆزگەکانە لەژێر چەتری ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی.
ئ، ئاگر کەوتنەوەیە لە بەرژەوەندی زێدەبایی و ئاوەژووکردنەوەی دونیایە
ۆ،وزەی لەبن نەهاتووە بۆ کردە و چالاکی کۆمەڵایەتی
ک،کاراکردنەوەی تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگەیە لەپێناو ئینسان
ت،تەریک کەوتنەوەی ستەمە لەسەر ژیان
ۆ،وروژاندنی هەست و جۆش سەندنە بۆ ڕزگاری
ب،بەرگرتنە بە لافاوی غەدر و دەست درێژی سەرمایەداری
ە،ئینجانەیەک لە ئومێد و هیوایە لەسەر باڵکۆنەکەی مێژوو
ر،ڕێگایەکە هەرگیز کوێر نابێتەوە.

شوباتی ٢٠١٨

## ترامپ

ت، تۆقینە لە کۆمۆنیزم و تۆپەڵێ ترسە لەهەر کردەیەکی شۆڕشگێڕانە
ر، ڕاوکردنی توخمە سوورەکانی خەباتە
ا، ئاوێزانبوونی فاشییەتە لەگەڵ سروشتی سەرمایەداری
م، ملدانە بە تەواوی پێداویستییەکانی جووڵەی سەرمایە
پ، پەراوێزخستنی هەرچی زیاتری سۆشیالیزمە لە ژیانی ئەمریکا.

شوباتی ٢٠١٨

## دز

د، دەستکەوت چینینەوەی کردەیەکە کە کەمترین ڕەنجی لەپێناودا درابێ
ز، زەنگی بێئاگایی ئینسانە لە ڕووبەرێکی دیاریکراوی ژیانیدا.

شوباتی
٢٠١٨

## ئەردۆغان

ێ: ئاوێتەبوونی دڕندەیی و ستەمی بێپەردەی سەرمایەدارییە

ە: ئەنگووست تا سەر پەڕاندنی ئینسانە بەچەکی خەلافەتی ئالی عوسمان

ر: ڕووڕەشێکی ناو مێژووی نوێی مرۆڤایەتییە

د: دڕندەکان لە ئاستیا هەست بە خەجاڵەت دەکەن

ۆ: وازیکەرێکی فاشیلە بە ئاگر و چارەنووسی ملیۆنان بەشەر

غ: غلۆربوونەوەی گڕۆڵەی دیکتاتۆریەتە لە تورکیا

ا: ئاراستەکردنی ڕووداوەکانە بەرەو گۆشەیەکی نادیار

ن: نەرم و نیان بوونە لە بەرامبەر جەهل و داعشدا.

## لینین

ل. لاکردنەوەیە لە دۆخە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگە و لێسەندنەوەی پیرۆزییە لە نەهامەتییەکان

ی، یەکانگیربوونی هێزە پەرت و بڵاوەکانی بەشمەینەتانە بۆ شۆڕش

ن، ناسینەوەی ڕێگای گەیشتنە بە ڕزگاری یەکجارەکیی

ی، یەکبوونە لەژێر سێبەری خەون و ئومێدە ئینسانییەکان

ن، نامۆبوونە بە نسکۆ و دەستگرتنە بە دەستکەوتە مەزنەکانی خەبات

کانوونی دووەمی ٢٠١٦

## مەرگی ئەو

"لەهەشتی مارسی ئەمساڵدا جگە لەم وشانە
هیچی ترم نەبوو بۆت ئەی ژن..بمبوورە. "

نامۆم بە بێدەنگیی
تەنها لەناو هەرا و زەنای هاوارەکانی شۆڕشدا
دەتوانم هەناسە بدەم
دەتوانم بتبینم و وێنای لەبەریەکترازانی ڕۆحت بکەم
ئەی خۆراکی ڕؤح ئەی ژن
ئەوەی دڕندەییمان تیا دەچێنی، ئەوە.
ئەوەی باجی هەناسەمان لێ دەستێنێ، هەر ئەوە.
ئەوەی تۆ دەکوژێ و من دەکا بە قارەمان، هەر ئەوە.
ئەوەی جوانیت دەمژێت و تۆی ژن دەکا بە کاڵا، هەر ئەوە.
ئەوەی ڕازی دڵت دەکاتە کڵافەی خەمێکی تاریک، ئەوە.
ئەوەی دەمکا بە بکوژ و خوێن دەکا بە شانازی، تەنها ئەوە.
ئەو زنجیری خۆشەویستی و
گۆرانی خنکێن و
عەشق برسیکەر هەر ئەوە.
ئەی ژن منی پیاو خەریکی ناشرینیم لێی دەڕژێ و

کانیاوی جەللادیم هەڵدەقووڵێ

ئەی ژن با تا دەتوانین لەجوانیدا بنووین

تا دەکرێ بچینە دەرەوەی وشە و ڕستەکانی زمانی غەدر

با لەسەر سەکۆی خوێنەوە

با لەپاڵ دارە سەوزەکەی خەونەوە

ئەو مێژووە قێزەوەنە هەڵگێڕینەوە

ببینەوە بە پەپوولە

ببینەوە بە تابلۆ و

ببینەوە بە شەپۆلی دەریا هاجەکانی شەیدایی

با ببین بە بۆتەکەی ئەو

ببین بە ڕزموونی ژیانی ئەو

ببین بە شیعرە چاونەترسەکەی ژیان

ببین بە کامیرا و دوا چرکەساتی مەرگی ئەو وێنا بکەین

ببین بە ئاوازێکی سەرهەڵگرتوو

پڕ بە ئاسمانی ئازادی لە شەقەی باڵ بدەین ، بفڕین.

ببین بەو دەنگەی من و تۆ

سروودێکی سوور بۆ مەرگی ئەوی سەرمایە بچڕین.

شەشی مارسی ٢٠١٨

## بەسەرهاتی من و کچە جەنگاوەرە بەلشەفییەکە

که ئەو کچە جەنگاوەرە بەلشەفییەم خۆشویست
نەمزانی ئاخۆ سێبەری مارکسە قژی خۆشەویستیمان دائەهێنێ
یان پاڵنەرەکەی فرۆیدە بۆتە هەوێنی ئاوێتەبوونمان
من خۆشم ویست وەک چۆن خۆمم خۆش ویست
وەک چۆن مانگ و ئاسمان و سروشت و ئەستێرەکانم خۆش ویست
کەچی ئەو کچە غەزەلی بۆ کتێب و تفەنگ دەنووسی
زۆری برد تا دەرکەوت من هەتاوی شوە تارەکانی ئەوم
زۆر درەنگ کەوت تا دڵنیا بوو ئەو ئەندێشەی شیعرە تازەکانی منە
من ئەو کچەم خۆش ویست و بە تفەنگەکەیەوە هاتە نێو ژیانم
بوو بە ڕۆمانی شۆڕشە بەردەوامەکەمان
دەمبینی دووشەممان ئێواران کۆبوونەوە بە ژنانی شۆڕشگێڕ دەکات
هەموو پێنج شەممانێک لە سمینارە سیاسییەکان بەشدار دەبێ
پەیوەندی بە هەموو دەستەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی شۆڕشەوە هەیە
چاوی ئەو ئاسایی نییە..گوێ بۆ خشپەی مار و مێروو هەڵ دەخات
لەهەرکوێ مەترسییەک..کێشییەک.. هەبێ ئەو لەوێیە
لە ئەیاری پاردا بینیم ئاڵایەکی سووری گەورەی لەناوەڕاستی جادەکە بەدەستەوە بوو و
پڕ بە گەرووی سروودی ئەنتەرناسیناڵی دەچڕی

لەگەڵ شەکاندنەوەی ئاڵەکە چاوی تێ دەبڕیم و نیگای لەسەرم بوو
منیش لەسەر شانۆکە شیعری مارکسیم دەخوێندەوە
من و ئەو کچە بەلشەفییە بووین بە دووانەیەکی خەبات و تێکۆشانی
هەموو ڕۆژە
بووین بە چیرۆکی گۆڤار و ڕۆژنامەکان
بووینە قسەی سەرزاری گشت شۆڕشگێران
ڕۆژانە یەکترمان دەنایە نێو دڵی ڕۆژەکان و
دەچوینە نێو گۆڕەپانی بگرە و بەردە چینایەتییەکان
ئازادی دڵی بردووبوویون
لەنێو یەکسانیدا خەریک بوو غەرق دەبووین
جیهانێکی سەیر و خۆش بوو
دڵ پڕ بوو لە خۆش و شادی
ژیان سەرتاپا ڕەونەقی خۆشەویستی لێ دەچۆڕا
ستەم و غەدر و کۆیلەتی و چەوسانەوە بوونیان نەبوو
سۆشیالیزم تارایەک بوو بەسەر سەری تەمەن و بوون
لەنێو باغێکی پڕ گوڵا پیاسەم دەکرد
دەنگی زەنگێک ڕای چلەکاندم
بینیم سەعاتم ناوەتەوە هەتاکو دوا نەکەوم لە کرێکاری.

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## چەند وێنەیەک لە پێشانگای برینەکانی هەڵەبجە

کە هەڵەبجە بوو بەزامی سارێژ نەبوو
تانەیەک کەوتە سەرچاوی خەڵکی سادە
ئەوە برینێکی قووڵە
زۆر قووڵتریش لە هەڵەبجە
پێمان وابێ دزو جەردە
بۆ ڕزگاری خەڵکی هەژار جەنگاوەرێکن ئامادە.

❊❊❊

ئەوان دەستی برینیان گرت
ئەوان ...خوێن و مەرگ نیشان دا
بۆیە لە مەرگی ئێمەدا
ئەوان گەلێ سەرحاڵتر و
ئێمەش برسیش دوور لە پەیژەی تێکۆشاندا

❊❊❊

هەڵەبجە تا مێژوو مابێ خەمی دڵی شارەزوورە
فرمێسکێکە و هەرگیز چاوان جێناهێڵن
ئای دەیانوت (خۆزگە بۆ هەڵەبجەیەکی تر)
تاکو بگەنە ئاواتی چڵێسان و
هەرچی ڕۆڵە و کچ و کوڕانی جاحێڵن

❊❊❊

کەس نەیتوانیوە هێندەی کورد
خۆی وەک قوربانی نیشان دا
هەر خەریکی دەست پانکردنەوە و گریان و
کڕوزانەوەی دزانن
کەس هێندەی کورد نەیتوانیوە
بۆ دزو شەرەفسزەکان
خۆی بسپێرێ بە قوربانی مەرگ و ڕزان

***

چ دڵسافییەکە کورد بە فیتی
دزەکانی کوردایەتی هەڵپەرێت و
دوای هەر هەوڵێک
دەستی لە بنی هەمانە بێتە دەرێ
جێگای داخە دوای هەر نسکۆ و ئاشبەتاڵێک
گێجی بیرکردنەوەی تەنها یەک پلە نەچێتە سەرێ

***

سی ساڵە سێوم نەخواردووە
هەرچی جارێ دێتە یادم کە خنکاوم لە بەرواری شانزەی سێدا
هیچ ئارەزووم بۆی ناجووڵێ دەستی دەمێ
چۆن خەردەل هات بوو بە گەرووی مەرگی بە سوێ
لەنێو دڵی خەڵکی شار و کەسوکار و دراوسێدا

١٦ی ئازاری ٢٠١٨

## تابووت

ئایین زنجیرێکە ئەستوور بۆ کۆیلەکردنی ئینسان
تابووتێکە بۆ ناشتنی ئومێد و ئاواتی ژیان
چیتر نییە ئەم تریاکە جگە لە هۆش لەباربردن
ژین و مەرگی دەوەستێتە سەر خەبات و سەر کارکردن

ئازاری ٢٠١٨

## بیرتە هاوچینم بیرتە!

هەرچیم بۆ وتی گوێت نەگرت
بە سادەیی وتم بەم ڕێگەیەدا مەڕۆ ترسناکە
بە بێ گرێ و گۆڵە وتم ئەو ئاگرە دەستت داوەتێ، دەت سووتێنێ
بە بێ راڕایی و بەوپەڕی دوودڵییەوە ، بەڵام بە ئاسانی
ماناکانی ژیانم بۆ باس کردی
تۆ گوێت نەگرت و دواجار وەک قەقنەس  بە خۆشباوەڕی
خۆی سووتایت ئەی کرێکار.
ئێستاش دەتوانین ڕێڕەوەکان بگۆڕین
ئاراستەکان پێچەوانە بکەینەوە
هیچ مەکە و هیچم لێت ناوێ تەنها یەک شت نەبێ
ئەویش بیرکەوەرە و بەس
بیرکردنەوە دەتگەێنێتە کەنارەکانی ئارامی و خۆشبەختی
دەتگەێنێ بە ڕاستەڕێگای ئازادی و ڕزگاری
بەو خەونەی وەک مۆتەکە سواری سینگی ژیانت بووە
بیر بکەوە ..ئەو هاوچینم بیربکەوە و بەس
بیرتە بە داڵانەکەی نەهامەتیدا تێپەڕین
هەریەک سیگاری قەمیشمان دەکێشا و
باسی لاملییەکانی ستەممان دەکرد

باسی خوێن و تەڵە و درۆ و وشەکانمان دەکرد

بیرتە لەژێر دار پرتەقاڵێکدا دانیشتین

وتت تا ئاوا لە دژی خۆم بجەنگم

وتت تا ئاوا تاک بم و بێهێز و لاواز بم

ناتوانم دەست لە خەونەکانم بدەم

بیرتە چەند کەیفساز و خۆشحاڵ بووم کە وتت

شۆڕش ! شۆڕش نەبێ هەرگیز لەم تاریکییە قوتارمان نابێ

بیرتە وتم دەبێ بیر بکەیتەوە و باشیش بیر بکەیتەوە

بۆ ئەوەی شۆڕش دوارۆژی شۆڕشەکە ڕووناک بێ

بیرتە وتم بیرکردنەوە سەرەتای هەنگاوەکانە و

لە بیرکردنەوەوە دەگەین بە ئامانج و خەون.

٢٠١٨

## مسەلەحە

خەریکی یاری بووم بە بەرد لە کۆڵان
باوکم لە کار هاتبۆوە و لەناو حەوشە لەسەر دۆشەکێک
پاڵی بە سەرین دادابوو و گوێی لە ڕادیۆ ئەگرت
مسەلەحەیەک بە تیژی هات و لەبەردەم دەرگای ماڵەکەمان وەستا
باوکمیان برد.
من لەتاو قیژەی دایکم و گریانی براکەم بەردەکانم تووند لەدەست گرتن و
خستمنە گیرفانی شەڕواڵەکەمەوە
چەند ڕۆژ دواتر، تەرمی باوکیان هێنایەوە.
منی مناڵ تا عەیامێک بەردەکانم لە گیرفاندا هەڵگرتبوو
دەمگوت مسەلەحەکە بێت بەم بەردانە لێیان دەدەم
کە گەورە بووم ئەوجا زانیم بۆچی باوکم گیرا و کوژرا
باوکم لە کۆمپانیا ڕێکخەری هاوکارەکانی و
سەرپەرشتیاری خەباتی وانی دەکرد.

نیسانی ٢٠١٨

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## سەکن (*)

نیوەی جەستەی لەڕ و ڕووتی

لە جامی (تێمس)ەکەوە هێنابووە دەر

هاواری بوو "دەی وەرنەوە

ئەڵماس ..تەپە..ڕەحیماوا

شۆڕیجە.. ئازادی..ئیسکان

ئیمام قاسم..حەسیرەکە"(**)

کە دەیدوێنی دەزانی چەند

پێش تەمەنی خۆی کەوتووە و چەند زیرەکە

بۆ مەغرییبیش وەختێ کووچە و کۆڵانەکان

لە تاریکی نقووم دەبوون

کرێی ڕۆژی(سێ پەنجایی) وەردەگرت و

لەنێو دەستی چووقاوی نێو گیرفانەکەی حەشار دەدا و

بە ڕاکردن دەچووەوە ماڵ

بەڵکە تۆزێ فریا کەوێ

گەر سەعاتێکیش کەمتر بێ، یاری بکا و

بچێتەوە ناو جیهانی ئەوی منداڵ

کۆتایی نیسانی ٢٠١٨

تێبینی :

(*)سەکن بەو منالّەدەوترا کەلەنێو پاس و پۆلّەنی و تێمسەکانی خەتەکانی گواستنەوەی هاولّاتیان کاریان دەکرد.کاری ئەوان هاوارکردن بوو بۆ نەفەر و پارە کۆکردنەوە بوو بۆ شوفێرەکان.

تێمس : جۆرە ئۆتۆمبێێکی نەفەر گواستنەوە بوو لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە باشووری کوردستان.

(**)تەپە و ڕەحیماوە و شۆڕێجە و ئازادی و ئیسکان و ئەلّماس و ئیمام قاسم و حەسیرەکە چەند گەڕەکی کوردنشینن لە شاری کەرکووک.

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## ئێمە و ئێوە

ئێوە موشەکەکانتان دەگرنە یەک
ئێمەش دڵمان
ئێوە جیهان لەخوێن هەڵدەکێشن
ئێمەش خۆشەویستیی
ئێوە قاقا بە مەرگ و بۆ مەرگ پێدەکەنن
ئێمەش بۆ ژیان
ئێوە گەورە سەرمایەدار و دڕندەن
ئێمەش ئینسان.

١٢ی نیسانی ٢٠١٨

## کسپەیەک

( بۆ ئەو پیرەمێردەی بەدیار دوو دەستە شقارتەوە خەو بردبوویەوە)

دوو دەستە شقارتەی لەعین
دەبێ تیماری چی بکەن لەم ژیانە بێکەسییەمدا
دەبێ شۆستە چۆن بڕوانێ
لەم ئافاتی بەشمەینەتی و وەڕسییەمدا
کە ئاوڕ بۆ ڕۆژانی زوو دەدەمەوە
گریانم دێ بۆ ئەو کاتانەی گەنج بووم و
نیگاشم پڕ لە ژیان بوو
ئەو ڕۆژانەی ئومێد بە داهاتووی تاریک
هێزی ئەژنۆ و وزەی گیان بوو
ئێستاکەش لەسەر شۆستەیەک
بەدیار دوو دەستەشقارتەی لەعینەوە
دۆش داماوم چۆن دەربێنم خەرجی ڕۆژی
خۆم و کیژی عازەبی نا تەعینەوە؟

ئایاری ٢٠١٨

## چەند کرێکارانە دەژیم!!

(١)

هەر ئێستاکە بڕیارمدا
شیعرێکی نوێت بۆ بنووسم
تۆ لە ناویا زایەڵە بی
مەشخەڵی عیشق و جوانیی بی و پێکرابی
نەک لای دڵ گووفەکەکانی پیاوانی ئەم ڕۆژهەڵاتە(*)
پێڵاو ئاسا لەپێکرابی

(٢)

لە چوار ڕۆژدا سێ ڕۆژ و نیو
هۆش و بیرم لای ئەو ژنەیە
لەسەر کاریش درکاندبووی ڕقم زۆر لەو دووژمنەیە
بە (من)ی بوو
ئەو من بە دووژمن دەزانێ
من ئەو بە کێڵگەیەک لە غەدر و قوربانی
من چەند دڵم لەلایەتی وەختێ لەسەر مافی خۆی و
هاوڕێکانی هەڵئەدات و
ئەو ساتانە ئەم دڵەم لە دەوری باڵای ئەو دەگەڕێ و
دەبێت بە فیدا و قوربانی.

(٣)

کرێکار دۆزەخی بۆرژوازی

تاقی کردۆتەوە و تیایدا بۆتە ڕەژوو و قەرەبرووت(**)

بەشی ئەم هەر کێشانی تووتنی تاڵە

ئەویش چرووت.

(٤)

هاوسەرە کرێکارەکەم

ڕۆژێ لەکار ئەهاتەوە

ماندوو و شەکەت

قژی شانە نەکردبوو

ئەو ڕۆژە ڕێکەوت وا پێشهات

شانەی بۆ کار نەبردبوو

بە لاستیکێک لە دواوە قژی بەستابوو

هێندە بەجوانی لێی دەهات

نەمزانی داهێنانە یان

بە سەلیقە ئەو قژە وا جوان وەستا بوو

(٥)

ئێستاش لێم تێک دەچێ تەمەنم چەند ساڵە
بە ڕواڵەت گەنج و جەوان
بەناخیش لە سەرووی سەدەیەکم لەسەر ئەرز
هەر بۆیەشە کاتێ ناوی کرێکار دێ
لەجێی خۆم دوور لە ویستی خۆم
دەڵێم(بەڵێ) بەدەنگی بەرز.

(٦)

ئەمشەو خەوم زڕا بوو لەنێو جێیا
کچە دراوسێکەمانم هاتەوە یاد
کە سی وپێنج ساڵ بەر لە ئەمڕۆ
ببووم بە خاڵی پشکنین لەسەر ڕێیا
وامدەزانی کاتێ بە پەلە ڕێ دەکا
دەیەوێ لەدەستم ڕاکا
نەمدەزانی دۆخی تاڵی ئەو کچە وەک کرێکارێک
پەلەیەتی دوا نەکەوێ
لە دەستدا کار و بژێوی بە بڕیارێک

(٧)

دوو هاوکارم لە کۆمپانیا سووکە دەمەقاڵێیان بوو

سەرنجمدا کارفەرما لێوەکانی نەخشا بە بزە

هەر ئەو ساتە تێگەیشتم

تەبا و یەکگرتویی ئێمە

لێناگەڕێ ئەو دڵخۆش بێ و ببێ بەو خوێنمژ و دزە.

ئایاری ٢٠١٨

ڤانکووڤەر / کەنەدا

(*) گووفەک : زبڵدان

(**) ڕەژوو : خەڵووز

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ٧٧٦ ی ساڵی ٢٠١٨ژمارە بڵاو بۆتەوە.

## تەنیایی

باوک ئەمرێت..بۆ دوانیگای ماڵئاوایی چاو ئەگێڕێ و تۆ لەوێ نیت
دایک ئەمرێت..بۆ ئاخرین ماچی لە یەکتر دابڕان بانگت ئەکا و تۆ لەوێ نیت
خوشک ئەمرێت.. بۆ گوێبیستی دوا یادگاری مناڵیتان
لەسەرەمەرگ باڵا گەردانی تۆ ئەبێ و تۆش لەوێ نیت
برا ئەمرێت.. بۆ گێڕانەوەی شۆخییەکان،
بۆ باس کردنی عاجزیی و ئاشتبوونە دەمدەمییەکان
بۆ دەمەقاڵێ و شەڕەکان،
بۆ پشت لەیەکتر کردن و
لەسەر یەکتر هەڵدانەکان، غەمباری جیابوونەوەیە و
بە لێوی تەتەڵەوە ناوت ئەهێنێ و تۆ لەوێ نیت
دەی تەنیایی..
ئەی ئەژدیهاکەی نێو ژینم
بۆ وات لێم کرد
پێم بێژە بزانم تۆ چیت؟

کۆتایی ئایاری ٢٠١٨

## ونبوونی منداڵی

من منداڵی خۆم نەدیوە

هەر ڕەوڕەوەکەم فڕێدا

بوم بە دیل و کەوتمە ژێ زۆر و ئەشکەنجە

زۆر بچووک بووم دەستم دایە کرێکاری

لەسەر حیسابی ئازاری دەست و قاچ و هۆش و پەنجە

چ منداڵێکی گوناە بووم

بە بچووکی مەحکوم بە گەورەبوون بووم و

منداڵیمیان لەبەرچاوم لەتوپەت کرد

بە ئارەزووی عەقڵی گەورەکانی ئەو ڕۆژگارەی ژیان

خۆشییەکانی منداڵیمیان کۆت و پەت کرد

من منداڵی خۆم نەدیوە

لەوەتەی هەم من هەر گەورەم

ئەگەر منداڵیش ببمەوە لەلای خێزان و لای کۆمەڵگە

هەمان ئەو نێچیرە چەورەم

من منداڵی خۆم نەدیوە

ئاخر منداڵانی هەژار کەی دەزانن چەشەی منداڵی یانی چی

تامی خۆشی چییە و چۆنە

منداڵێکی کرێکاری سینی بەدەست چوزانێ مۆدێل یانی چی

ساڵ دوانزەی مانگ دەباتە سەر

لەژێر یەک دەست جلی دڕاو یاخود کۆنە

سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١٨

تێبینی : ئەم شیعرە لە کۆڕێکی شیعریی لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا خوێنراوەتەوە.

## شارێک لەدەرەوەی دیرۆک

هەرچی ڕۆژە ڕادەمێنم لەم شارەی خۆم
گەرچی شەش هەزار ساڵ دیرۆکی لە پشتە
دەبینم کە بە دڵ گەنجە و پشتیشی کۆم
بۆ ئەم شارەم هەوری خەمێکی ڕەش و چڕ
لێزمە بارانی فرمێسک ساڵ دوانزەی مانگ بۆتە تێشوو
هەندێجاریش دار مێوی کارەساتێکە
بۆڵە خەم و بۆڵە دەردی زەرد و ڕەشە وەکو هێشوو
جارنەجارێک کە دەیبینم مەمکەکانی پڕن لە شیر
تێی ئاڵاون گورگ و چەقەڵ، پیرە کەمتیار
هەندێجاریش وا دەنوێنێ کە سەرحاڵە و
چەکێ گوڵی بەدەستەوە و دەڕوا بەرەو ژووانی یار
جار وا هەبووە من بینیومە گوڵەباخ و
گوڵی شەوبۆ و لاولاوی عەشقی چاندووە
جاری واش هەبووە خۆی بێدەنگ نیشانداوە و
سەد دووژمنی گەوجاندووە
هەر ئەم شارە بێ جیاوازی بۆتە کێڵگەی برسێتی و خەم لەبۆ خەڵک
ناز و نیعمەت بۆ چەند کەسی ناکەس بەچە
هەر لەم شارەدا ڕۆژگارێک کچان هەموو قژیان ڕووت بوو وەکو هەتاو
ڕۆژگارێ تر ڕێک وەک ئەمڕۆ پڕ لە عەبا و پڕ لە پەچە
جار وا هەبووە غەمبار بووم و نەیهێشتووە پێکەنینم لێ زویر بێ

جاریش هەبووە ڕێی نەداوم دەستم لە دامێنی تەنها خەونێکی جوانی گیر ببێ

ئەم کەرکووکە ڕەش و سپی و ڕەنگاوڕەنگە
دڵی سوورە وەک سووریی دەنکە هەنارێ
قەت نەمدیوە لەم گەرمایە و لەم هالاوەی نێو دەروونی
سکالایەک، گلەییەک بکا و بڵێ
خۆزگەم بە لێواری دەریا و چاوچاوێنەی دەم کەنارێ
ئاخ هەزار ئاخ ئەم شارەی من پڕ لە هەنگوینە بۆ دزان
لێوانلێو خەم بۆ خەڵکەکەی
بۆتە ئەفسانەی سەردەم و گرێیەکە و ناکرێتەوە
بەسەرهاتی خوێن چۆڕان و جەرگ سووتانیی
هەتا دیرۆک بەم ئاراستەیە ڕێ بکا، نابڕێتەوە
وای دەبینم تا مەچەکی سووری بە گوڵ نەخشێنراوی گاورباغییەکی تازە و نوێ
لەنێو قەددی شار نەئاڵێ
هەتاوی گەشی ئومێد و خەونی بلوورینی ژیان
نە هەڵدێت و نە سەردەکا بەهیچ ماڵێ

٢٤ ی ئەیلوولی ٢٠١٨

تێبینی : ئەم شیعرە لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە ٧٦٥ ی ساڵی ٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە.

# ڕوانینێک

لە درزی نێوان دوو بەرد و

لەژێر دارو و پەردووی ڕووخاوی ماڵێکدا

منداڵێک هێشتا هەناسەی تێدا مابوو ، سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد

وەختێ لەشکر بە (الله اکبر)ەوە هاتنە عەفرین

جگە لە کوشتن و کوشتار، کەوتنە دزین

ماڵیان دزی

تراکتۆر و ماتۆر و پاسکیلیان دزی

ئوتۆمبێل و زۆر شتی تر هاتنە دزین لەسەر دەستی لەشکری (الله اکبر)

کچە بێدەنگ تێدەفکری و لە دڵی خۆیدا دەیپرسی

هەر دوێنێ بوو دایکی دەیوت خودای سەرسەرمان (الله)یە

(الله) گەورەیە و دەتوانێ چی بوێ جێبەجێی بکات

کچم هەر هاوار بۆ ئەو خوادا میهرەبانە بکە

منیش ئەوە چەند کاژێرە لەژێر ئەم ئەم دار و پەردووە

هەزار جار پەنام بۆ (الله) و گەورە و بان سەرمان بردووە

دەنگی نەبوو

بانگم لێکرد، فریام نەکەوت

دیارە (اللە) ەکەی دایکم و ئەم ڕێش چڵکنانەی ئێرە لێک جیاوازن

دیارە نزاکانی دایکم و ئەم دڕندانە یەک نین و دوو سرووت و دوو ئاوازن

(اللە)ی دایکم بێدەسەڵات لەئاست ئێمە و لایەنگری دزەکانە

داهێنەری شین و گریان و فیغانە

(اللە)ەکەمان دەستی ستەمی گرتووە و

هەردوو دەستی لەژێر بەباڵی ئەردۆغانە

حوزەیرانی ٢٠١٨

# جامی ئارامی لێی دەڕژێ

ئەو ڕۆژانەی پاژنەی ستەم
کەللەسەری ژیانی دەپلیشانەوە
ئەو ڕۆژانەی گڕی ڕقێکی ئەستوور و پڕ لە تۆڵە
لەنێو دڵدا لرفەی دەهات
ئەو ساتانە کە خەریک بوو نائومێدی هەلا بەهەلای دەکردین
ئێوە لە شاخەکانەوە ، لە لوولەی چەکەکانتانەوە دەجەنگان و
ئێمەش هیوای دواڕۆژمان لەگەڵ تەقەی تفەنگەکانتان لێک دەئالان.
دەمانوت ئاخۆ کەی بێت و
سێبەری ترس هەواری ژیان جێبێڵێ؟
ئاخۆ کەی بێت پێکەنینی منداڵەکان گوڵ بگرێت و
سیمای پڕ لە زەحمەتی خەڵکی بەشمەینەت
بە شنەبای کامەرانیی و بەختەوەریی تێر ئاوڕشێن بێت
ئەمان وت ئاخۆ کەی بێت و
ترسی بەسەر دادانی شەو،
دەستگیر کردنی لاوەکان،
سووکایەتی سەرجادەکان،
بێحورمەتی بە پیرە پیاوە پشت کۆم و ڕیش سپییەکان
جنێو و شەق تێهەڵدانی ژنانی هامۆشۆکەران

ببێ بە سەراب و بڕوا و نەیێتەوە.
دەمانوت ئاخۆ کەی بێت و سەوزەگیان ڕوحی ئومێدمان بژێتەوە؟
کەی بێت بەستەڵەکی زوڵم بتوێتەوە؟
کەی بێت ڕوومەتی کچانی چاو لە داهاتووی گەش و ڕوون
بە شەونمی پێکەنینێک تەڕ بێتەوە؟
کەی بێت ژیان هی خۆمان بێت، جارێکی تر
بارگەی لەگەڵ بیم و ترس نەپێچێتەوە؟

*

ئێوەمان کرد بە قارەمانی خەونەکان
ئێوەمان کرد بە پاڵەوانی نێو شیعر و داستانەکان
ئێوەمان کرد بە فریادڕەس بۆ ڕزگاربوون لە گەردەلوولی پڕ ژانی ڕۆژگارەکان
ئێوەمان کرد بە هەتوانی هەموو دەرد و برینەکان
ئێوەمان کرد بە ئەفسانەی نێو لاپەڕە و کتێبەکان
وتمان قەینا با بشکوژرێین ئەو ڕۆژە دێ کە ئازاد بین
با لە زیندانا برزێین، ئەو ڕۆژە دێ بێترس و بێ دڵەڕاوکێ
بە شەقامی تەمەنمانا بێین و بچین
وتمان ئەوان ڕوحمان، دڵمان، هەناسەمان دەلاوێنن
چش لە سەرما و سۆڵی غەدر
ئەو پاڵەوانە بە ورەی دەمان ژێنێ ئەو چیرۆکە بەجەرگەیە
لای ئێمە ترۆپکی هیوا و

لای ستەمکاریش مۆتەکەی پێشمەرگەیە.

*

کە قەڵای خەم هاتە هەرەس

کاتێ لەودیو سنوورەکان ڕەتڵ ڕەتڵ خۆتان کردەوە بەشارا

بە چەپڵە پێشوازی و لێکرا

وادەزانرا چرای ئازادی هەڵکرا

بەڵام جەخار...هەر لە ساتەکانی یەکەمی خۆشیدا دڵی ئومێد بە فیشەکی غەدر پێکرا

کە هاتنەوە ڕێک هەروەکو گورگی برسی

لەبری سەردانی ماڵان

لەبری هەواڵپرسینی کەسوکاری قوربانیان و خزمەتکارانی چاوساغانی ڕێگاکان

کەوتنە تاڵان.

خەمی گیرفان بوو بە خەمی گەورەی ئێوە

هەر لە جێوە..لە یەکەم ڕۆژی ئازادی

لەبرسی سڵاو و ماچ و بەیانی باش

سواری ماشێنی تاوان بوون

چڵکاوخۆرو نۆکەرەکانی ستەمتان لە جاشەوە گۆڕی بە باش

دەنگی سەد و هەشتاو دوو هەزار کۆترتان لە گمە خست

دەرگای بچووکترین ئاواتی نێو دڵی ئێمەی قوربانیتان داخست

بڕیار بوو تفەنگ پشوو بدات

بەڵام نەخێر..تفەنگ بوو بە هەوری ترس و
قەڵەم بوو بە سووژنی ئازار
بوون بە داخ و چزان بە جەرگی ئینسانی ڕووت و هەژار
جەنگ لە دەرگای ژیانی دا
ژیان بوو بە سەرو و بە زەرد
دڵی ئێوەش لەئاست خەڵک و هاوسەنگەری تا دوێنێتان
ڕەق بوو وەک بەرد
یەکترتان کوشت
سیماکانی شارستانی ژیانتان کوشت
ڕەنگ و شیعر و خەم و هیوا و ئاواتتان کوشت
ئینسانییەتی نێو دەروونی خۆتانتان کوشت
هاتنە سەر تەختی دەسەڵات
ئەوەی وتی نابێ وابکەن
ئەوەی وتی ئێوە دووژمنی ئەو خەڵکە چەوساوەیەن
ئەوەی وتی دزیتان کرد
ئەوەی وتی گەندەڵن، پیسن، دزێون
بە گوللەی (شەرعییەتی شۆڕشگێڕانە)ی دەسەڵاتی ڕەشی خۆتان هاتە کوشتن
خوێنیان بەکاسەی ئازادی هاتەڕشتن
ئێوە چین ئەی ماتماتیکی نێو سیاسەتی چەپەڵی بورژوازی
دەبێ بڕۆن

ئێوە کۆمەڵێ قومارچی ڕەش و ترۆن

دەبێ بڕۆن

ئەمڕۆ ڕۆژی هیممەتێکە جامی ئارامی لێی دەڕژێ

جەستەی ژیان لەژێر جەوری دەسەڵاتی ئێوەی نگریس وا دەڕزێ

جامی ئارامی لێی دەڕژێ

ئیتر کاتی ڕاماڵینە دەبێ بڕۆن

کە هاتنەوە وتمان جێتان لەسەر سەرمان

ئەمڕۆ ئەڵێین جێی ئێوە ناو زبڵ و خۆڵە

سووکایەتی چارەکە سەدەیەکی ئێوەی ستەمکار

دەکەین بە موژدانەی تۆڵە

٢٠١٨-٨-٢٨

## ئەوێ ڕۆژێ

بۆ سالار محەمەدی کەمئەندامی پاکەت فرۆشی خەڵکی شارۆچکەی
چوارقوورنە کەلەڕقی فشارەکانی شارەوانی چوارقوورنە ئاگری لە
جەستەی خۆی بەردا

ئەوێ ڕۆژێ خۆر تا بڵێی ڕەش داگەڕا
تاڤگەی قەهر و ستەم و زۆر قەڵبەزەی بوو
گیرفانیشم هێندە خاڵی لەتاو دەردی برسێتی ژین
وەکو مریشکی سەربڕاو هەڵبەزەی بوو
ئەوێ ڕۆژێ هەرچی خەڵکی بەشمەینەتی ئەم دەڤەرە لەتلەت و بریندارەیە
وەکو ماسی لەنێو دەریای کلۆڵیدا مەلەیان بوو
لەملا چنگیان بە ژیانەوە گرتبوو
لەولاش بەرەو فریودان بە نائومێدی پەلەیان بوو
ئەوێ ڕۆژێ ژیان ببووە کونێکی ڕەش لە هەژاریی و نەهامەتیی
هەتا دەهات چرکەچرکە ڕوحی دەسپاردم بە فەنا
گەلەئەستێرەی ئاوات و ڕەوە مانگی بەختەوەریی
دەناردە سەفەری دوور و ڕێگای پڕ لە پێچ و پەنا
خەمی لێدەکردمە وێستگەی نائارامیی و پەشێوحاڵی
تروسکەیەک نەدەبینرا

ڕابماڵێ نووتەکی گیرفانی خاڵی

چەند زوو زوو پڕ دەبووم بە هەستێکی لێوڕێژ لە شەرمەندە و

خەجاڵەتی بەردەم هاوسەر و منداڵ و ژیان دەبووم

سەرەڕێگاکانی ژینم دەپشکنی و

دەڕۆیشتم هەتاکو لای مردن دەچووم

دەستەوەستان .. بێدەسەڵات

کڵۆڵ کڵۆڵ لەبەردەم ژین دەبووم بە دڵۆپێک لە ئاو

لەدەم کەلی هیچ بەیانی و ئێوارەیەک

نەمدەبینی خۆری هیوا و خۆزگە بەچاو

بۆیە جەستەم لەئاگر نا و

ڕوحی بێگەردم سپاردە بڵێسە و گڕ

تازە ئیتر چش نەشمردم، وەلێ لەڕاستیدا مردووم

داش بپۆشرێم بە هەورێکی پڕ لە ژینی ئەستوور و چڕ

ئابی ٢٠١٨

## سەفەر لە ئۆکتۆبەری ساردد

ا

بۆ فەرهاد فەرەج کە بەدەستی غەدری جەهالەتی ئیسلام کوژرا

ئەو نەیدەزانی سەفەری وا نزیکە

پەیتا پەیتا باوەشێنی ڕۆحی ئازادی دەکرد

شەکری وشەی دەنایە دەم ڕێبوارانی سەرە ڕێگەی تێکۆشانی سووری

ژیان

نەیدەزانی لە تاریکیی خوێنی دەبێ بە تیزابی گەرووی وشە

دەبێ بە مادەی هۆشبەر و

خەباتی چینایەتی پێی موعتاد دەبێ

ئەو نەیدەویست بکوژەکەی لەنێو زەلکاوی ژیاندا بتلێتەوە

خوازیار نەبوو نووسینەکانی لە ئێوارە ڕۆژێکی ئۆکتۆبەری سارد

دوا ماڵئاوایی لێ بکەن

زۆرجار بینیومە ئەو بووە چۆتە ناو چاوی شیعرەوە و

مستی داوە لە قەپۆزی ڕستە شێواوەکانی ناو کتێبە ڕەنگ زەردەکانی

سەر ڕەفەکانی چایخانە و کتێبخانە بێناز کەوتووەکانی شاردا

بینیویشمە بە پێکەنینە سروشتییەکەی ئەسپی عیشقێکی زین کردووە و

سوار بووە بۆ نێو کۆڵانە داماوەکانی قەراغ شار

بینیومە بووە بە مشت و

بووە بە پێ لەقەی ڕق و

بە شەقی هەق

بەناو کاتەکانا بەپەلە ڕۆیشتووە و

گیرفانەکانی پڕ پڕ بوون لە حیکایەتەکانی بێکاریی و

لەشانۆی یاخیبوون و

لە گۆرانی تازە و نەبیستراوی جوان جوان

کەسیش چاوی لێ نەبوایە..لەگەڵ هەتاو باسی خەم و

مەلوولی ئینسانیان دەکرد

بینیومە شەقام بە شوێنیا ڕای کردووە

وەختێکیش لەژێر هەتاوی تێکۆشانی چینایەتی هۆن هۆن ئارەقەی دەرداوە

کتێب بۆی بۆتە سێبەر و

ڕێکخراوێکی جەماوەریش بە وزە و تین

بینیویشمە کە ڕەشەبای شار هەڵی ئەکرد

هەر هێندەی چاو بنووقێنی بزر دەبوو

لەوسەرەوە بە دەستەیەک کتێب و ناملکەی تازە دەهاتەوە

هەرچی جارەش بەگژ یەکترا چووبێتین

لەدوای ئەوە سەد ئەوەندە و بگرە زیاتر

یەکترمان لەناو سکۆڵەی دڵا جێگا کردۆتەوە

ئەو لە دوای خۆی کتێبەکانی،

دەستنووس و وتارەکانی تەسلیمی باران کرد و

بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە بوو بە خاڵێک لە ئاسۆی سووری کارگەران

بوو بە گۆرانی مەلێکی باڵشکاوی نشێو وهەورازی ژیان

ئەو (فەرهاد) ە بوو بە ئەوینێکی سەوز و بەدار ئەناناسێکی بەرز

تا ڕەشەبای ستەم مابێ ناچەمێتەوە و وەستاوە

ڕوحێکی بزێو و جوانە گشت سبەینان

لەگەڵ یەکەم گمەی کۆتر ئەو دەبینم

لەنێو ئاپۆرای بازاڕی فرۆشتنی هێزی کارا ڕاوەستاوە.

١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## دوا دێڕی سەرزاری زامێکی بێئۆقرە!

بە گیانبەختکردوو جومعە فازڵ پێشکەشە کە لە ٢١ی ئازاری ١٩٩١ لە شاری کەرکووک لەکاتی گرتنی مونەزەمەکەی ڕەحیماوە پێکرا، بەدەم گیان بەخشینەوە هاواری دەکرد( ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری)

یەکەم چرپەت
یەکەم هاوار
یەکەم وشەت
لەیەکەم ڕۆژ
لەیەکەم کاژێری ڕاپەڕین
لەگەڵ یەکەم گزنگی خۆری ئازاری نەوەد و یەک
لەگەڵ یەکەم دلۆپە خوێن لەزارتەوە هاتنە دەر و
ڕاتکێشا سەرنجی گشتی
هەر ئەو دەمە بتزانیایە هاوڕێی تەنیام، چەند تەنیایت و
چەندە بێ پەنا و بێ پشتی.
ئازادی تێکەڵ خوێنت بوو
بەیەکەوە لەو ڕۆژەدا بوون بە کەڤاڵی ئاوێنەی ڕوخساری شاری
کەرکووک و

چاوچاوێنەی گاورباغی ژێر ڕەهێلە و نمەی باران
یەکسانیش بوو بە هەورێک و
سێبەرەکەی چووە سەر میتینگەکانی شۆستەکانی عەرەفە و ساحەت تەیاران
حکومەتی کرێکاریش بووە مەتەرێزی ڕقێکی جوان وەک پەلکە زێڕینە
بوو بە شوێنی هەڵهێنانی مەتەڵەکانی ژیان و کاسکێتی ورە ت لەسەرنا
چ قەدەرێکی ناقۆڵا یەخەی گرتی .. تووشی شەڕ بووی
هەر خۆتیش بووی هەزار چەمۆڵەت لە شەڕ نا
هاوڕێی ڕێگە ڕەنگینەکەی خەباتی سوور
بە هارمۆنیای (ئازادی..یەکسانی..حکومەتی کرێکاریی)
شەقامت پڕ لە هاوەڵ و پڕ لە دەنگ کرد
کە گیانبازیت گەیشتە لووتکەی سەرڕاستی
نەک ماڵ و خێزان و گەڕەک
بگرە هەر چوار گۆشەی دونیات
بۆ هەتا هەتا بێدەنگ کرد.

یەکی تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# ئاسوودەیی

ئای کە ئاسوودە و بەختیارم شاعیری کرێکاران بم
ئاشنا بە دەردەکانی ژین لەسەر کار بم یان بێکار بم
بە زانستی مارکسیزم هۆشیارم بە ڕێگاچارە
ڕەنگی ستەم لە بن دێنم مالیکیەت و هێزی پارە
تا دەتوانم ئاستەنگەکانی ڕێی خەبات دەناسێنم
لەگەل هەر هەنگاوێکمدا سینەی دووژمن دەتاسێنم
چینەکەم یەکگرتوو دەکەم وەک یەک جەستە دەیسازێنم
ئامانجم بۆ سۆشیالیزم وەک گوڵی باخی دەڕازێنم
ئینسان دەبێ خۆی سەروەر بێ لە بن دەهێنم کۆیلەتی
دەبێ کۆتایی پێ بێنم بە خەم و ژان و پەتپەتی
جیهانێکی تازە و ئازاد بنیاد دەنێم بێ غەدر و زۆر
بۆ ڕەوینەوەی تاریکی ئەم ژیانە دەبم بە خۆر
من کرێکاری هۆشیارم مارکسیستم ناناسم ترس
من وەڵامم بۆنالەبارترین دۆخ و هەزاران پرس
من شاعیرم وشەم گڕە و ئامانجیشم تا بڵێی ڕوون
لە ڕێی ڕزگاری ئینسانییەت هەتاوم بۆ تاریکیی بوون

٢٠١٨

# لينين

تۆ تەماشای پروپاگەندەی دونیا کە
لای هەندێ کەس دەکرێی بە بیلیمەت و چاوساغی ڕێی ڕزگاری
لای هەندێکی تریش کۆری
لای زۆرینەی هێزی کاری ئەم جیهانە
تۆ داینەمۆی شۆڕشیت و
لای کەمێکیش دیکتاتۆری
ڕۆژێ دەتبەن بە ئاسمانا و
ڕۆژێکی تر دەڕوخێنن پەیکەرەکەت دەتکەن بەناخی زەویدا
لەسەر نوێڵی مێژووی تازە ئەوە تۆ بووی
سەرسەختانە وەستایتەوە بەڕووی کزی وسەر نەویدا
لای کەسانێک ساتێک کۆمۆنیستیت شێلگیر
ساتێکی تر دژ بە مارکس و ئەنگڵسی
وەخت هەیە لای عاشقانی سۆشیالیزم تاکە سیمای خۆشەویستیت
وەختیش هەیە کەلای بەعزێک مایەی وەڕسی و قەڵسی
لای دووژمنانی چینەکەم مایەی نەگبەتی و وبەدبەختیت
ئاژاوەگێڕێکی گەورەی
لای خۆشمان ڕێنیشاندەر و بەرپاکەری هەرە مەزنترین سەورەی
ئەو جورئەتەی هەتوانی هەموو دەردێکی چینایەتیت لە نیگایە

بۆیە ناوت لای کرێکار هەتاوێکە
تیشک بەخشە بۆ گشت لایە
ئەی هاورێکەم لینینی مەزن ئەی رابەر
ئێمە هەردوو دوو فارغۆنی یەک شەمەندەفەری شۆڕشین
هەردووک دەستمان بە مارکسەوە گرتووە
ئەوەی دەستی مارکس بەردا
بازیندووش بێت، لەڕاستیدا وەک مردووە
لەم دونیایەی بۆقی پڕوپاگەندەکان
دژ بە هێزی بەشمەینەت و کۆیلانی کاری کرێگرتە
دەگرنە بەر هەرچی پاساو و ڕێکارە
تۆش ئازیزم هەتا مێژوو بالا بکا
ناحەز هەر با سیر بخوات و زوڕنا لێدا
جێگەت لەناو دڵی ملیۆن ملیۆن ملیۆن کرێکارە

٨ تشرینی دووەمی ٢٠١٨

کۆر : کوێر

زوڕنا لێدا : ئیدیەمێکی کوردییە کە دەڵی سیر بخۆ و زوڕنا لێدە.

## ئاوێنە

من دڵنیام ڕۆژێ دادێ
شیعرەکانم دەبنە گەمی ڕەنگاوڕەنگ و
بەناو دەریا و ئۆقیانووسی زمانەکان دێن و دەچن
ساتێک دادێ ئەو شیعرانە
دەبنە سوژنی نووک تیژ و
بەناو چاوی ستەمکار و بۆرژوازیدا ڕۆدەچن
من ئەزانم دڵنیاشم هەر ئەوانەی
ئەمڕۆ بەشیعرەکانی من بزە دێتە سەر لێوانیان
ڕۆژێک دادێ کۆی هەست و نەست و خەیاڵم
لە دیوانێکی قەشەنگدا دەچێ و دەبێتە مێوانیان
دڵنیام لەوەش ڕۆژێ دادێ لەگەڵ کێلی گۆڕەکەمدا
کەسێک دێت و دەچرکێنێ دەیان وێنە
ئای دەبێ چەند ئاسوودە بم
ببینم وا شیعرەکانم بۆ خەبات و ژیانی چینی کرێکار
بوونەتە سەدان ئاوێنە.

٢٠١٨-١١-١٩

## هێڵەک زەردەکان

بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی فەرەنسا کە بە هێڵەک زەردەکانی فەرەنسا ناسران و توانیان پاشەکشە بە بۆرژوازی فەرەنسی بکەن

ئێوە ئەو پریشکە ئاگرەن
نیشانتان دا ئەتوانن خەرمانی سەرمایە بسوتێنن
ئەو پەرژینەن بە چواردەوری بەهای جوانا
ئەو نووزەیەن ئەتوانن ببنە هاوارێکی بڵندی ناو گەرووی
نووساوی ژیان
بۆ تێکۆشان ببنە وزە و هێز و توانا
نیشانتان دا ئەگەر تەنها ئیرادە کەن
تەنها ئیرادە بنوێنن
دەتوانن لەجێی هەر زامێکی سەر جەستەی ئەم دونیایە
داری گوڵ و
سنەوبەری خۆشەویستی و
شەوبۆی عەشق و
لاولاوی بەختەوەری ئینسان بڕوێنن
ئێوە نیشانتان دا دەتوانن قاوەکانی ئەفسانەی کۆیلەتی
ئەم سیستەمە چینایەتییە تاڵ کەنەوە

دەتوانن ببنەوە هەمان کۆمۆنارەکانی سەدەی جادە و یاخی

لەناو سەنگەرەکانی پاریسی سووردا

پەرجووی کەڵەکەی سەرمایە جارێ تر بەتاڵ کەنەوە.

ئێوە دەتوانن گرد بە گردی داواکانتان

بکەن بە سەنگەری شەڕی سەروماڵتان

ئێوە دەتوانن کۆچ بکەن بەناو مێژوو و

مارکس بێنن و دەستێ بگرێتە بن باڵتان

ئێوە گۆرانییەکی تازەن لەسەر لێوی ئەم فەرەنسا ماندوو و شەکەتەی ئەوروپا

خولقێنەری مێژوویەکن پڕ لە شانازی وسەروەری

بۆ دەردەکانی ژیانیش روحی خۆتان کردە مەرهەم.

ئێوە هێلەک زەردەکانی سەر شەقامەکانی ژیان

بەم هەستانە شکۆدارە

ترس و حەسرەتی گەورەتان خستە دڵی خاوەن بەرهەم.

٦ ١٢-٢٠١٨

# سروودە کرێکارییەکان

## کۆمەڵێ سروود و گۆرانی کرێکاریی و شۆڕشگێرانەنن

## کرێکارێکی تووڕە

خەیاڵ با هەر بەرز بفڕێ
کاڵای شیعرم بە باڵای مەرگی مەینەتی و ستەم ببڕێ
دەم پڕ شیعر
پڕ بانگەواز هاوار دەکەم
بەنێو شەقامەکانی ژین هەر دەچم و دێم
دەنگی سروودم هەر بەرزە و
دژ بە کۆیلەتی تفەنگێکم لەسەر پێم

من کرێکارێکی تووڕەم
یاخیم لە جەور و ستەم
وشەم ئاگر دەنگم گڕی بە بڵێسە
دەسووتێنم دونیای ئازار
تێکدەدەم ئەو کۆشکەی خەونی سەرمایەداری چڵێسە

ئەو باوەڕەی مێشکی کردووم بە هێلانە
ئەو ڕابەرەی هەردەم نیشان دەدا ڕێگەی
هەتا بڵێی خۆشەویستە و
لەنێو دڵدا بەرزە جێگەی

تاریکی ڕاو دەکا و بۆ خۆی هەتاوێکە و تیشک هاوێژ
ئەو لەسەرووی متمانەیە و
هەنگاو نانێم گەر پێی نەکەم پرس و ڕاوێژ

من کرێکارێکی تووڕەم
یاخیم لە جەور و ستەم
وشەم ئاگر دەنگم گڕی بە بڵێسە
دەسووتێنم دونیای ئازار
تێکدەدەم ئەو کۆشکەی خەونی سەرمایەداری چڵێسە

چەند بەئازارە و چەند سەختە
بەدەست تەفرەقە گیرۆدەی خەم و ژان بم
بەڵام نە شەکەت نە ماندووم
بۆ ڕزگاربوون لەژێردەستیی
ئومێدی ژین عەزمی لەنێو دڵدا چاندووم
من کرێکارێکی تووڕەم
یاخیم لە جەور و ستەم
وشەم ئاگر دەنگم گڕی بە بڵێسە
دەسووتێنم دونیای ئازار
تێکدەدەم ئەو کۆشکەی خەونی سەرمایەداری چڵێسە

دەبا هەموو تنۆک تنۆک بڕژێینە نێو جۆگەی خەبات

چەمی تێکۆشان هاژەی بێ

بە ڕاپەڕین بنیادنێین دونیای ئاسوودە

ئەگەر خۆمان زنجیرەکانی دەست و پێ نەپسێنین

چاو لەدەست بوونی فریادڕەس گەلێ بێکەڵک و بێسوودە

من کرێکارێکی تووڕەم

یاخیم لە جەور و ستەم

وشەم ئاگر دەنگم گڕی بە بڵێسە

دەسووتێنم دونیای ئازار

تێکدەدەم ئەو کۆشکەی خەونی سەرمایەداری چڵێسە

ئایاری ٢٠١٦

## داچۆڕانی ئومێد

نامەیەک بۆ مرۆڤە نووستووەکان

دەبا هەڵبێ خۆرێکی نوێ
ئینسان خاڵیی بێ لە تاسە
ئاسوودەیی باڵ بکێشێ
بەسەر ترپەی دڵ هەناسە

چەپکەگوڵی یادەوەری
دەنێرم بۆتان گەر نەمام
خۆ لەناو دڵتان دەچێنم
دەڕوێم وەکو تازە نەمام

من و تۆ دووریش بین لەیەک
پێکەوەیە دڵ و هەستمان
لەژێر گزنگی ئازادی
دەخوێنینەوە هەڵبەستمان

یەکسانی دەکەینە چەتر
دەژین لەژێر سێبەریدا
ئەوکاتە ژیان دەبینین
ئەوین ڕێکە بەبەریدا

ئامادەین بۆ ئەو ئامانجە
بجەنگین تاکو دەتوانین
ئومێد بەرینە نێو دڵان
ئێمە پێشڕەوین و جوانین

دادەگیرسێین ڕووناکی بەخش
لەگەڵ ئومێد هەردووک تەبا
ئاوازی خەبات گوێ دەدەین
ڕەنجی ستەم دەدەین بەبا

ئەو ئاواتەشمان دێتە دی
دەگەین بە ڕۆژی خۆ بە خەون
وەکو ئینسان دەژین جوانی
دەنەخشێنین هەر وەکو تەون

ئایاری ٢٠١٦

## یەکبوون مەرجی سەرکەوتنە

هەناوی خۆم ناخۆمەوە
ناخی خۆم ناکەمە کانگای خەم وخەفەت
بە پەیمانی درۆی ئەوان نابم بە باڵندەی فڕیو
خۆم هاوارم
بانگەوازم
لەسەر زاران دەبمە سروودێکی چڕیو
ڕێگام سەختە
پڕ لە هەڵدێر و کەوتنە
دەنێمە لاوە دووبەرەکی و ڕق و کین
یەکبوون مەرجی سەرکەوتنە

کڵاوی سەر تووڕ هەڵدەدەم
دەست ناگرم بەکڵاوەوە
دەستەپاچە دانانیشم چاو لە مووچە و
تەمبەڵ بەدیار گۆشتی چەور و پڵاوەوە
تەکان دەدەم بەرەوپێشێ
ئامانجی خۆمم لا ڕوونە
هەنگاوم ناگەڕێتەوە بەردەوام بەرەو پێش چوونە

ڕێگام سەختە

پڕ لە هەڵدێر و کەوتنە

دەنێمە لاوە دووبەرەکی و ڕق و کین

یەکبوون مەرجی سەرکەوتنە

درەد و حەسرەت و هەژاری

هەر تەنها مەینەتی خۆم نین

بەڵکو زنجیری ژیانی هەموو خەڵکی ستەمدیدەی ڕووی زەوییە

بۆیە دڵنیام بەرخوردانم بەپشتیوانی مارکس و ڕێبازەکەی

ڕوو لە لووتکەی سەرفرازی و

پشت لە نشێوی و نەوییە

ڕێگام سەختە

پڕ لە هەڵدێر و کەوتنە

دەنێمە لاوە دووبەرەکی و ڕق و کین

یەکبوون مەرجی سەرکەوتنە

چەک و ئاڵا و کتێبم بەدەستەوەیە و

ڕزگاربوون لە کۆیلەتی خۆی خزاندۆتە هۆش و بیرم

چەوسێنەران لەسەر حوکم ڕادەماڵم

بۆ ئازادی و سۆشیالیزم کرێکاری ڕۆشنبیرم

ڕێگام سەختە

پڕ لە هەڵدێر و کەوتنە

دەنێمە لاوە دووبەرەکی و ڕق و کین

یەکبوون مەرجی سەرکەوتنە

نیسانی ٢٠١٦

## سەد و سی ئەیارە ئەمڕۆ

بۆ ئەیاری ٢٠١٦

سەد و سی ساڵە ڕەنگم هەر سوورە
دڵم یەکپارچە کانیاوی ئەڤین گڕی تەنوورە
فرمێسکی چاوی هەر ئەو منداڵەم سەد و سی ساڵە شەقام بەرنادا
ئومێدی دڵی ئەو کرێکارەم سەد و سی ساڵە مەینەتی و ستەم
هەژاری و حەسرەت یەخەی بەرنادا
هەر لە بوونمەوە دەستێکم کارە و خەریکی بەرهەم
دەستەکەی ترم سەد و سی ساڵە
بۆ سارێژکردنی دەرد و مەینەتی و زامەکانی ژین پڕە لە مەرهەم

سەد و سی ساڵە هەر هەمان دەنگم
هەر هەمان ڕەنگم
هاواری هەمان گەرووی تاڵگرتووم
لە ئاسمانەکەی خەبات و شۆڕش، ڕاپەڕینەکان
هەمان باڵندەی حەزی باڵگرتووم

سەد و سی ساڵە من مانیفێستم لەنێو دڵ ناوە
جەستەم زامدارە و گۆرانیشم خۆش
سەد و سی ساڵە ئاهەنگی بەرزم تا بڵێی بەجۆش

هەر لە بوونمەوە بۆرژوای زۆردار
دڵگیرتر دەکات
ڕەنگینتر دەکات زنجیری دەستم
بە ژاری ئایین
هەستی نیشتمان
بە موڵکایەتی و پیرۆزی خێزان
هەلابەهەلا و لەتلەتتر دەکات خەون و مەبەستم

سەد و سی ساڵە هەر هەمان دەنگم
هەر هەمان ڕەنگم
هاواری هەمان گەرووی تاڵگرتووم
لە ئاسمانەکەی خەبات و شۆڕش، ڕاپەڕینەکان
هەمان باڵندەی حەزی باڵگرتووم

لەو ڕۆژەوەی هەم قەفەسەی سینگم تەنگ و هەناسەم سوار و تاسێنراو
سەرمایەش بۆتە مێردەزمەی ژین و
لەبۆ ئارامیم بۆمبێکە و چێنراو
هەر لە بوونمەوە چوار لام ئاگرە و
ژیان تەندوورە و دۆزەخە بوونم
بۆیە لام ڕوونە یەکگرتوو نەبم
یەکێتیم نەبێ لەم جەهەنمە قوورسە دەرچوونم

سەد و سی ساڵە هەر هەمان دەنگم
هەر هەمان ڕەنگم
هاواری هەمان گەرووی تاڵگرتووم
لە ئاسمانەکەی خەبات و شۆڕش، ڕاپەڕینەکان
هەمان باڵندەی حەزی باڵگرتووم

سەد و سی ساڵە وێنەی شیکاگۆم بە سینگەوەیە و
قوربانییەکانی ماچ دەکەم یەک یەک
باوەشیان دەنێم هەڵدەگرم نازیان
سەریان دەخەمە سەر ڕانی مێژوو
گوێ دەگرم لەبۆ سکاڵا و ڕازیان
سەد و سی ساڵە بەگەنجی ماوم پیریی ناناسم با کات بێ و بڕوا
ئاخر نۆشیومە شەرابی خەیاڵ
بە مەززەی ئاڵی باوەڕ و بڕوا

سەد و سی ساڵە هەر هەمان دەنگم
هەر هەمان ڕەنگم
هاواری هەمان گەرووی تاڵگرتووم
لە ئاسمانەکەی خەبات و شۆڕش، ڕاپەڕینەکان
هەمان باڵندەی حەزی باڵگرتووم

سەد و سیساڵی تریش پێنەگا بەری تەقەللا و ڕەنج و تێکۆشان
مارکس ئالآمە و شەقام نیشتمان
خەباتیش هەمان هاوڕێکەی جاران
سەد و سی ساڵە سەد و سی سڵاو لە ئێمەی کارگەر ئێمەی مەینەتچێژ
بۆ سۆشیالیزم و دونیای یەکسانی دەبین بە ئاواز
هەموو دەبینە زاری سروودبێژ.

سەد و سی ساڵە هەر هەمان دەنگم
هەر هەمان ڕەنگم
هاواری هەمان گەرووی تاڵگرتووم
لە ئاسمانەکەی خەبات و شۆڕش، ڕاپەڕینەکان
هەمان باڵندەی حەزی باڵگرتووم

نیسانی ٢٠١٦

## بەرەو شوراکان

با کۆوەبین لە دەوری یەک
سازکەین کۆبوونەوەی گشتی
ئیرادەمان تۆکمە و خەبات
بەهێز بێ پتەو بێ پشتی

خۆ چەکدارکەین لە شوراکان
پیاوان و ژنان دەست لە دەست
هەموو وەک یەک جەستە و تۆکمە
هەنگاو بنێین بۆ یەک مەبەست

دەسەڵاتەکانی شورا
بناغەی خەونێکن مەزن
ڕزگاربوونە لە کۆیلەتی و
هێنانەدی هیوا و حەزن

دەبین بە بەربەستی هێرش
هێزی دووژمنان دەشکێنین
ئاسایشی ڕاستەقینە و
ئازادی فەراهەم دێنین

لە لوولەی چەکی خەباتمان
گوڵ بۆ خەڵک و گڕ بۆ دووژمن
هەموو دەبین بەو زریانەی
تێکدەدا دونیای سەرەوبن

دەبین بە گۆرانی ژیان
بە بزە بۆ لێوی مناڵ
دەبین بە باغی خۆشنوودی
بە شکۆفە بۆ کوڵمی ئاڵ

با بێتە مەیدان شوراکان
با بە بانگەوازی گوێ کەڕ
دونیایەکی نوێ بناد نێین
خاڵی لە چەوسانەوە و شەڕ.

شوباتی ٢٠١٦

## جەنگاوەرانی یەپەژە

دەستمان لە دەستی پیاو دایە
ئامانجمان هەر ئازادییە و بەرپەرچی خەم دەدەینەوە
بۆ بەرگری لە ئازادی و شکۆی ئینسان
گرەوی ئەم بەرخوردانە دەبەینەوە
کۆیلەتی ڕەت دەکەینەوە
بۆ تاریکی دەبین بە گڕ
بۆ ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە
دەبین بە هەڵۆی بەرزەفڕ

ژیان بە بێ هەتاوی گەش
وەک بیری داعش تاریکە
ڕێی سەنگەر گرتن لە خەبات
وەک تاڵە مووی سەر باریکە

کۆیلەتی ڕەت دەکەینەوە
بۆ تاریکی دەبین بە گڕ
بۆ ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە
دەبین بە هەڵۆی بەرزەفڕ

ئێمەی یەپەژەی چەک بەدەست
کانگای ئاگر، شاخی سەختین
لافاو ئاسا
ئاستەنگەکانی خورافە ڕادەماڵین
ئێمە گزنگی هەتاوین
بۆ باڵندەی سەرفرازی پەڕین، باڵین

کۆیلەتی ڕەت دەکەینەوە
بۆ تاریکی دەبین بە گڕ
بۆ ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە
دەبین بە هەڵۆی بەرزەفڕ

خوێنمان لە ناو لاپەڕەکانی دیرۆک و
وڵاتی خەم بۆتە سونبول
گۆرانیمان بۆ یەکسانی پیاو و ژنان
دەخوێنێ هەروەکو بولبول

کۆیلەتی ڕەت دەکەینەوە
بۆ تاریکی دەبین بە گڕ
بۆ ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە
دەبین بە هەڵۆی بەرزەفڕ

دەبا لەشکری جەهالەت بزانێ ئێمەی یەپەژە
گیان لەسەر دەست تارای کۆیلەتی تووڕ دەدەین
چاو لە هەتاوی یەکسانی و سەرفرازی دەبڕین و
ئالای ئازادی هەڵدەکەین

کۆیلەتی ڕەت دەکەینەوە
بۆ تاریکی دەبین بە گڕ
بۆ ژیانێکی شایستە بە مرۆڤی ئەم سەردەمە
دەبین بە هەڵۆی بەرزەفڕ

سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٤

## حکومەتی کرێکاری

جەستەی زاماری ژێر کارم

لە تاو ئێشی برسێتی و خەم بێ عەجمانە

بێ ئۆقرەیە

بۆ بەرگری لە بوونی خۆم

گارگە و جادەم کردە سەنگەر

ئالآی سوورم نا بەسنگی ئاسمانەوە

بەگژ زریانی ژانا چووم

دوا ئامانجم لە خۆم پێچا و

تاجە گوڵینەی ڕووناکیم کردە سەر شووم

دێمە مەیدان..بۆ بن بڕ بوونی نایەکسانی و هەژاری

با دامەزرێ حکومەتی کرێکاری

*

من خاوەنی گشت داهاتی ئەم گۆی زەوییەم

کەچی لەژێر ناڵەی دەستەنگی و برسێتی

پشتی ژیانم چەماوە

ئەمڕۆ بەدەست مردنێکی لەسەرخۆوە دەناڵێنم

سبەی زەنگی ڕزگاری هەموو بەشەرم

مژدەی هیوام بۆ ئەو ڕۆژە

لە تویێی هەست و هۆشم ناوە
دێمە مەیدان..بۆ بن بڕ بوونی نایەکسانی و هەژاری
با دامەزرێ حکومەتی کرێکاری

*

هەرچی خەمە بە ئاگری تێکۆشانم دەیسوتێنم
چی چەوسانەوە و ستەمە
تەنها بۆ یادگاری مێژوو
بە فەرهەنگی دونیای ڕابردووی دەسپێرم
لەوێ ئیتر نە منداڵ بۆ شیر دەگری و
نە تینوێتی و تامەزرۆیی هیچ گەروویەک دەتاسێنێ
لەوێ ئیتر بۆ هەمیشە من ئینسانێکی ئازادم
دێمە مەیدان..بۆ بن بڕ بوونی نایەکسانی و هەژاری
با دامەزرێ حکومەتی کرێکاری

*

گۆرانییەکانم پەیامی بەهارێکن تەڕ و سەوز
بەرابەری تیایا پڕ بە پڕی گەردوون
لەناو چاوی ئینسانەکان گەش دەنوێنێ
سەرکوت و زەبر و زەنگ و زۆر
گوڵی مەرگی بورژوازی لە کێڵگەی ژیان دەچێنێ
شریخەی دەنگی هاوارم بۆ ئازادی

گوێی گشت دونیا دەزرینگێنێ

دێمە مەیدان..بۆ بن بڕ بوونی نایەکسانی و هەژاری

با دامەزرێ حکومەتی کرێکاری

*

دەبا هەموو بۆ ئەو ڕۆژە

وەک یەک گیان و یەک بیر و هێز

مارشی هەستان و شۆڕشمان

بە بەرینی هەموو جیهان دەنگ داتەوە

با بانگەواز وەک ڕەهێڵە بەسەر سەری ستەم داکەین

تا ئاونگی خەونەکانمان دەریایەک بێ

بە پانایی کورەی زەوی پەنگ خواتەوە

دێمە مەیدان.. بۆ بن بڕ بوونی نایەکسانی و هەژاری

با دامەزرێ حکومەتی کرێکاری

حوزەیرانی ١٩٩٠

هەولێر

## پڕجۆش بێ کوورەی خەباتم

به ڕەنج مێژووی پڕ سەروەریم دەنووسمەوە
ڕۆژ ڕەشی و مەینەتی ژینم
به یەک نیزام دەبەسمەوە
ئەو نیزامە لە نێو دەبەم
ژینی ئینسان ڕووناک دەکەم

پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم
تا دەگەمە دوا ئاواتم

بۆ ئازادی و بۆ ڕزگاری
بۆ دنیای دوور لە ستەم و
پڕ ئاسودە و بەختیاری
ڕێی شۆڕشی کۆمۆنیستیم گرتۆتە بەر
دژی سەرمایەداری چوومەتە سەنگەر
سۆشیالیزمە ئاسۆی ژیان
با ڕزگار بێ هەموو بەشەر
بە پێشەنگی کرێکاران

پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم

تا دەگەمە دوا ئاواتم

ئەم دونیایەی من دەیبینم

سەرتاپا کوێرەوەرییە

ئەم نیزامە

جەهل و هەژاری و دەست تەنگی و بەربەرییە

ژینی یەکسان و ئازاد وپڕ لە سەروەریم دەوێ

تا ئینسانی تیا بسرەوێ

پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم

تا دەگەمە دوا ئاواتم

کاڵانیم ئینسانم ئینسان

شایانمە ئازادی ژیانم

دەمەوێ ئەم نەزمە تێک دەم

گڕ لە هەرچی کۆنە بەردەم

بە ئاگری توانا وتینم

ڕووناک بێ سەرتاپا ژینم

پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم

تا دەگەمە دوا ئاواتم

١٩٨٧

هەولێر

تێبینی: ئەم شیعرە لە گۆڤاری "ڕابەر" ئۆرگانی "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" ژمارە١ ی ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوبۆتەوە و دواتریش لەلایەن هونەرمەند "کامەران عەبدولڕەحمان" کراوەتە سرووود و لە کاسێتی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ساڵی ١٩٩٣ دا بڵاو کراوەتەوە.

## شەپۆلی دەریا

با شەپۆڵ دا دەریا هەستان و ڕاپەڕین

دانەمرکێ کەف و کوڵی ناڕەزایی

با گوێی لێبێ

تەواوی دونیا گوێی لێبێ

هەتا دوێنێ پشتمان لە ژێر باری ستەم چەمابۆوە

هەتا دوێنێ هاوارێک بووین کپ و خامۆش

ئەمڕۆ دونیا دێنینە جۆش

ڕاپەڕیوین

دەریاێکمان داوەتە پێش

لێ ناگەڕێین دەنگمان کپ بێ

هەنگاومان ناوە بەرەو پێش

زۆر لە مێژە خەون و حەز و ئارەزووەکان

لە زیندانی دونیای ڕەشی چینایەتی پەل بەست دەکرێن

هەر لە قۆزاخەی خەیاڵ و هەناسە ساردی دەپوکێن

ژیاننامەم بە ئاگری داخی ستەم تۆمارکراوە

لە دەروازەی زۆر ڕێگادا

زۆر دەرگام بەڕوو داخراوە

هەتا هاژەی یەکگرتنم لە ڕووباری ڕزگاریدا

بەگوێی جادەو کۆڵان داوە

ڕاپەڕیوین

دەریایەکمان داوەتە پێش

لێ ناگەڕێین دەنگمان کپ بێ

هەنگاومان ناوە بەرەو پێش

با بشەکێ ئەو ئاڵا سوورە نەسرەوتووەی

کە هەمیشە لە ناو دڵا شەکاوە بوو

با بشڵەقێ ئەو گۆمە مەنگە بەرینەی

ژیان تیایا هەر زنجیر بوو

ڕاپەڕینم سروودێکە و لەسەر زارە

بانگەوازێکە ئێجگار بەرز

بۆ دونیایەکی یەکسانە کە جوانتر بێ لە هەمیشە

ڕاپەڕیوین

دەریایەکمان داوەتە پێش

لێ ناگەڕێین دەنگمان کپ بێ
هەنگاومان ناوە بەرەو پێش

ئەوا هاتین
بە پانایی شەقامەکان سروود دەڵێین
بورکانی شۆڕشێکی نوێین
موژدەی خۆرێکی نوێین هەڵدێین
با بلەرزێ عەرشی زێڕپۆشی چەوسێنەر
ئەوا هاتین کێ خۆی دەگرێ
لەئاست زریانی شۆڕشا ؟

ڕاپەڕیوین
دەریایەکمان داوەتەپێش
لێ ناگەڕێین دەنگمان کپ بێ

هەنگاومان ناوە بەرەو پێش
٢١ ی کانوونی دووەمی ١٩٩١
هەولێر

تێبینی : ئەم شیعرە لەلایەن هونەرمەند "کامەران عەبدولڕەحمان"ەوە کراوەتە سروود و لە کاسێتی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەساڵی ١٩٩٣ دا بڵاو کراوەتەوە.

## بەگژا چوون

دان چیڕ کەوە و لێو بکرۆژە و هاواری بەگژاچوون هەڵدە
خەم بارتەقای خۆشەویستیت
بۆ دونیای ئازاد و یەکسان لە دڵتا پەنگ ئەخواتەوە
تاسەیەکی و هەنسک چاوت ئەشواتەوە
نە پێکەنین نە چرپە و نە زەردەخەنە
ئاوڕێکت لێ ناداتەوە

ڕاوەستاوی و لەئاست هێرشی مەینەتی
سروودی ڕزگار بوون ئەڵێی
بۆ ژیانێکی بێ ستەم
وەک هەتاوێکی گەش هەڵدێی

زەوی گەورە هێندە گەورە
زۆر گەورەتر لە جێ ویستی
ئاو هەوا و خواردەمەنی
گەلێ زیاترە لە پێویستی
ئەی بۆ لێوی هەناسەی تامەزرۆییمان شکۆفەیە؟
بۆچی ئەوەی پێناسەی ژینی پێبکرێ
مەمرە و مەژی لێ نووسراوە.

نەهامەتە تەنگ بە ئاسمان هەڵبچنی و

زەوی شەق کەی

بەشی ئێمە نیوەچڵ بێ و کەمتریشمان پێبڕاوە

ڕاوەستاوی و لەئاست هێرشی مەینەتی

سروودی ڕزگار بوون ئەڵێی

بۆ ژیانێکی بێ ستەم

وەک هەتاوێکی گەش هەڵدێی

ژیانی پڕاوپڕ لەززەت لەم دونیا پێچەوانەیە تەنها بۆ خاوەن زنجیرە و

ئەوەی پەساپۆڕتی دڕندەیی نەبێ لێی بێبەشە

ئینسان ئەوەی بەهای ئینسانی لەبازاڕ نەفرۆشتبێ و

جەرگی ژان کا بۆ نەهامەتی بەشەرییەت

بەشی دەردە ژانە هەشە

چی شک ئەبەی بەگژ مەینەتی بچییەوە

یەک ڕوحی خۆت

دوو کۆیلەتی

ڕاوەستاوی و لەئاست هێرشی مەینەتی

سروودی ڕزگاربوون ئەڵێی

بۆ ژیانێکی بێ ستەم

وەک هەتاوێکی گەش هەڵدێی

نە سکاڵا نە پاڕانەوە لە ئاسمان

نە بەر دەرگای هیچ دڕندە و ئینسان کوژێک دادت نادات

تەنها شۆڕش هەر شۆڕشی ڕزگاری بەشەر لە ستەم

ئەم مۆتەکە ئەسڕێتەوە و ئاڵای یەکسانی هەڵئەکا

خۆری خۆشی و بەختەوەری دێتە هەڵبوون

بەهاری ئاسوودەیی ژین دەم بۆ ئینسان واڵا ئەکا

ڕاوەستاوی و لەئاست هێرشی مەینەتی

سروودی ڕزگاربوون ئەڵێی

بۆ ژیانێکی بێ ستەم

وەک هەتاوێکی گەش هەڵدێی

٢٨ ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢

هەولێر

## یەکگرتن

با دەست خەینە ناو دەستی یەک
با دوو نەبین ببین بە یەک
دەبا دەنگمان زوڵالتر بێ
بورژوازی با وڕ و کاس و لاڵتر بێ
با پەیامی ئاشتی بەرین
بیدەین بە گوێی دونیای بەرین
بۆ یەکگرتن بانگەواز بین
بۆ ئازادی هەم گۆرانی و هەم ئاواز بین
با ببین بە ئاوی سازگار
بۆ گەرووی تینووی منداڵێ
دەبا ببین بەژێی دەنگی
ئەو کۆیلەیەی کە هیچ ناڵێ
با پەیامی ئاشتی بەرین
بیدەین بە گوێی دونیای بەرین
بۆ یەکگرتن بانگەواز بین
بۆ ئازادی هەم گۆرانی و هەم ئاواز بین

با گوڵە گەنم بەرین بۆ

من تەنیا نیم  تۆش وەرە تۆ

با ڕەگی کۆیلەتی ببڕین

با بەرگی ستەم دادڕین

با پەیامی ئاشتی بەرین

بیدەین بە گوێی دونیای بەرین

بۆ یەکگرتن بانگەواز بین

بۆ ئازادی هەم گۆرانی و هەم ئاواز بین

بچین بەگژ ستەم و جەور

دەست کۆتا کەین تفەنگ و تەور

بڵێین گۆرانی بۆ ژیان

دوور لە زوڵم و دوور لە گریان

ڕەنگیتر کەین ژینی ئینسان

با پەیامی ئاشتی بەرین

بیدەین بە گوێی دونیای بەرین

بۆ یەکگرتن بانگەواز بین

بۆ ئازادی هەم گۆرانی و هەم ئاواز بین

٢٠١٤

کەنەدا

## لە هەشتی سێدا

لەچی بڕوانم لە هەشتی سێدا
لە ستەمی پیاو
باڵاپۆشی ژن
نەریتی ڕزیو
تەماشای چی بکەم
سووتان لووت بڕین
یان فرۆشتنی ژن بە زێر و زیو

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پراوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لەهەشتی سێدا
ڕۆژی خەباتی جیهانی ژنان
چیت پێشکەش بکەم
ماچ
گوڵ
سۆز

وەفا

یان پەیمان بدەم ئەی جەنگاوەری ئاڵای سوور بەدەست

بچمەوە بە گژ ستەم و جەفا

لە هەشتی سێدا

دڵی ژنان و پیاوانی عاشق

دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی

دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی

پڕاوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لە هەشتی سێدا

هەناسەی ژانی ستەمی ژنان

دووکەڵی ئازار هەڵدەمژێ و جیایە

چونکە ژنانی ئەم سەر زەمینە

هەشتی مارس نەبێ یاد دەکرێنەوە

دەنا هەمیشە ئافرەت تەنیایە

لە هەشتی سێدا

دڵی ژنان و پیاوانی عاشق

دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی

دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی

پڕاوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لە هەشتی سێدا
لەبەر پیرۆزی پێکەوە خەبات
دەمەکە دیاری گوڵێکی سوور جوان
هەر وەک ڕوخسارت قەشەنگ ڕازاوە
ئاخر ئەی هاوڕێی ڕێی بەرخوردانم
لەڕۆژی ژنان هەر چاوی منی خەباتگێڕەوە وا
ئەسرینی عەشقی ئازادی ژن و پیاوی تیازاوە

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پڕاوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لە هەشتی سێدا
زەنگی پڕ لەزری بڕیاری خەبات
گوێی بورژوازی کۆمەڵ کاس دەکا
پێکەوەبوونمان لە جەنگی ستەم
گۆرانییەکە دونیای یەکسانی ژینمان باس دەکا

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پڕاوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لە هەشتی سێدا
دڵم لێوانلێو بەرخوردانێکە
عەشقی ڕزگاری لێ پڕە و دەڕژێ
شیعرم دەبێتە ئاگردانێک و
چی چەوسانەوە و کۆیلەیی و خەمە تیایدا دەبرژێ

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پڕاوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لە هەشتی سێدا
دەستم لە دەستی ژنی خەباتکار
سەودای بانگەواز وەک هەور بڵندە
مەلێ تێکۆشان بۆ دادپەروەری لەئاسمانی ژین
شەقەی باڵی دێ هەروەک باڵندە

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پراوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

بۆ من گشت ڕۆژێ هەر هەشتی سێیە
ژنانی ئینسان لووتکەی ئاوات و
ترۆپکی هیوای سەنگەری بوونن
ئاخر ژنانن ئەگەر بخوازن گڕی زنجیرن
ڕووباری ئاوی سازگار و ڕوونن.

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پراوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

لە هەشتی سێدا
هەردووک بۆ ژیان دەڵێین گۆرانی
دڵ ڕێژاو دەکەین لێوڕێژ لە جوانی
هەشتی مارس ڕۆژی دەنگ هەڵبڕین و بڕیاری جەنگە
ڕۆژی بینینی ئاواتەکان و
ڕۆژی گڕدانی شوورەیی و نەنگە

لە هەشتی سێدا
دڵی ژنان و پیاوانی عاشق
دەبن بە کانکای شادی و خرۆشی
دەبن بە دەریای بانگی یەکسانی
پراوپڕ هەستی ئینسان پەرۆشی

مارسی ٢٠١٥ تا مارسی ٢٠١٦

# گۆرانی کۆیلە

من کرێکارم
بە ئاگام لە گشت کۆسپ و دەردەکان
لەگەڵ هەنگاوما
زریانی مەرگی سەرمایە دێنم
وەک بڵێسەی گڕ دەچم بە ئاسمان
مەینەتی و زوڵم و زۆر دەسووتێنم
داری ستەم و چەوسانەوە و ژان لە ڕەگ دەردێنم

من کرێکارم
نەخشەڕێگای من بەرەو ئازادی تەنها شۆڕشە
ڕووخانی حوکمی سەرمایەدارە
وەک بەلشەفییەکی سەدەی بیست و یەک
ئامانج و ئومێد
دامەزراندنی بناغەی حوکمی جیهانی کارە

بە ڕێگای لینین
لەژێر ڕۆشنایی بیرۆبۆچوونی مارکسی مەزن
ڕیزم یەکدەخەم هەروەک یەک جەستە

من کرێکارم خەمی کۆیلەتیم بۆتە گۆرانی و لاوک و بەستە
من کرێکارم
ئەو دەست شەقارەم گشت ڕۆژێ برسیم
من ناوەڕۆکی ئەو پرسیارانەم کە لە مێژوودا لە مارکس پرسیم

من کرێکارم
نەخشەڕێگای من بەرەو ئازادی تەنها شۆڕشە
ڕووخانی حوکمی سەرمایەدارە
وەک بەلشەفییەکی سەدەی بیست و یەک
ئامانج و ئومێد
دامەزراندنی بناغەی حوکمی جیهانی کارە

لام ڕوونە هەروەک مانگی ساماڵی شەوێکی هاوین
کاتی هۆشیاری چینایەتیمان بەرەو سەر بچێ
باڵای قازانجی سەرمایەداران
بەناخی مەرگ و نابوودبوون دەچێ
هەرکات یەکگرین
ئەوا سەرکەوتن سەر ڕێی موژدەیە
ئێمە دەچینە سەر دووندی ئاوات
سەری سەرمایەش لەڕێی سوژدەیە.

من کرێکارم

نەخشەڕێگای من بەرەو ئازادی تەنها شۆڕشە
ڕووخانی حوکمی سەرمایەدارە
وەک بەلشەفییەکی سەدەی بیست و یەک
ئامانج و ئومێد
دامەزراندنی بناغەی حوکمی جیهانی کارە

شوباتی ٢٠١٦

## زریان

لەو جێگایەوە هەڵدەکەم
کە تاریکیی باڵای بەقەد باڵای دوندە
لەو شوێنەوە دێمە لرفە
کە ستەم و چەوسانەوە چەتری سەری شار و گوندە
لەگەڵ هەورا دەچمە لووتکەی سەرفرازی
بێستانی ژین گوڵڕێژ دەکەم
خەندەش دەنێمە سەر لێوان
ناهێڵم چیتر منداڵی سەر گۆی زەوی برسن بن و
سەر لە سەرین کەن بێ شێوان
بە مانگەوە
بەتریفەی خۆشنوودییەوە
دەپچڕێنم چی زنجیری کۆت و بەندە
ژیان دەکەم بە بەهەشت و
ڕوخسارەکانی ئینسانیش بە هاوەڵی بزە و خەندە
لەگەڵ هەورا دەچمە لووتکەی سەرفرازی
بێستانی ژین گوڵڕێژ دەکەم
خەندەش دەنێمە سەر لێوان
ناهێڵم چیتر منداڵی سەر گۆی زەوی برسن بن و
سەر لە سەرین کەن بێ شێوان

من باهۆزی یەکگرتنم
ئەچمە نێو کەلێنی کات و قڵشتی با
زریانی مەرگهێنەرم
دەبا لرفەم ڕوحی تەزیوی سەرمایە و سوودی ورد و درشتی با
لەگەڵ هەورا دەچمە لووتکەی سەرفرازی
بێستانی ژین گوڵڕێژ دەکەم
خەندەش دەنێمە سەر لێوان
ناهێڵم چیتر منداڵی سەر گۆی زەوی برسن بن و
سەر لە سەرین کەن بێ شێوان

پۆڵووی گڕم دەسووتێنم پەڕوباڵی ناتەبایی
ئەو مەشخەڵەم
لەژێر ئالآی ڕزگاریدا دەقرچێنم زێدەبایی
لەگەڵ هەورا دەچمە لووتکەی سەرفرازی
بێستانی ژین گوڵڕێژ دەکەم
خەندەش دەنێمە سەر لێوان
ناهێڵم چیتر منداڵی سەر گۆی زەوی برسن بن و
سەر لە سەرین کەن بێ شێوان

تشرینی دووەمی ٢٠١٥

## توورڕدان

ئەی ژنی ژێر سێبەری غەدر و کۆیلەتی
تۆ پاڵپشت و هۆکاری بۆ برا و باوک لە سەرکەوتن
تۆ کە بە چاوێکی تازەوە دەبێ بڕوانیتە ژیان
کە لێوڕێژە لە مەینەتی و لە هەژاری و لە دواکەوتن

چۆن دەتوانی سەربەستانە ئازادانە تێبکۆشی
گەر توورڕ نەدەی عەبا و لەچک و باڵاپۆشی

کە پیاو لەبرت قسە دەکات و دێتەگۆ
کە یاسایەک دادەڕێژرێ وەکو زنجیر
دەست و پێت تووند شەتەک دەدا بە بێ بواری گفتوگۆ
بیرکەرەوە..یەکەم هەنگاو لەیاخیبوون لە نەریتی کۆن و ڕزیو
لە نۆرم و داب لە بوون بە بووکی خشڵ و زیو
بیرکردنەوە دەتگەیێنێ بەو مەنزڵەی یەکسانییە
دەبێ عەزم و باوەڕ یەکخەین ڕێگا هەروا ئاسان نییە

چۆن دەتوانی سەربەستانە ئازادانە تێبکۆشی
گەر توورڕ نەدەی عەبا و لەچک و باڵاپۆشی

گەر لەگەڵ پیاو هەردوو پێکڕا گۆرانی بۆ یەکتر نەڵێن
هەردوو بۆ یەک ئامانجی بەرز دەم پڕ لە سروود و بەڵێن
خەباتکردن شانبەشان و دەست لەناو دەست تۆ لەگەڵ پیاو
بۆ دەربازبوون لە قەفەسی ژێردەستەیی
تەکان هەنگاو نێن بە پرتاو
بنێنە چاڵی مەرگەوە زنجیری دەست و کۆتی پێ
با چەوسانەوە نەمێنێ کۆیلەتی با کۆتایی بێ

چۆن دەتوانی سەربەستانە ئازادانە تێبکۆشی
گەر توورِ نەدەی عەبا و لەچک و بالاپۆشی

گەیشتن بە ئامانجەکان بە ڕووخانی ئەم سیستەمە چەوتە بەندە
بۆ بنیادنانی دونیایەک پڕ لە بزە وپڕ لە ئاسوودەیی و خەندە
گشت کاربکەین هەموو بژین بەختەوەر بین بێ جیاوازی
داهێنەر بین بۆ داهاتوو بۆ ژیانی کەیفسازی

چۆن دەتوانی سەربەستانە ئازادانە تێبکۆشی
گەر توورِ نەدەی عەبا و لەچک و بالاپۆشی

حوزەیرانی ٢٠١٦

## ئێمە و ئێوە

بووین بە گەمەی نێو دەستی مناڵ و مەزن
پێمان وترا مێگەل بێدەنگ ئاژەڵ پەزن
گاە ڕوو لەسەر گاە ڕوو لەخوار
ئێمە خوراو ئەوانیش هەردەم داشیان سوار
خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

سکمان هەڵگووشی و برسی بووین
هێشتا بەدەم بانگەواز و داوای ئێوەی ستەمکار چووین
لە دیرۆکی دوێنێی نزیک ئێمە ڕەمزی دژ بە بەعس و بە کوشتن بووین
ئێمە ناوکی شیعرەکانی بەرگری و ئازارچەشتن بووین

خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

گوناهی ئێمە چییە کە جیاواز بێ خوداکانمان
بۆ دەبێ دژی یەکتر بین
کەوێک نەچن بیروبڕوا و نیگاکانمان
ئێمە لانکەی شارستانین لە بابل و سۆمەرەوە تا ئێستاکە
زۆریش سەیرە دەڵێن حوکمی ئێمە بێ وێنەیە و تاکە

خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

تەنکەر تەنکەر عەمبار عەمبار
ژێر ماڵ و ژێر مێژوو و ژێر کلتورمان دەبەن و دەیدزن
سەیر لەوەشە ئەگەر داوای مافێکی ڕەوای خۆمان کەین
کێچ دەچیتە کەوڵتانەوە و
دەڵێن ئەمانە ئیرهاب و فیتنەباز و جەردە و دزن
ئێمە خۆمان دەخۆینەوە
ئێوەش دەلێن ئەمانە کێن برسی و ڕووتن
با لە مەنگەنەی زوڵمیان دەین
لەناویان دەین مووی ناو لووتن

خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

مەسیحی ئاشووری و ئیسلام
جوولەکە زەردەشت یا کلدان
چ کوردو  چ عەرەب و چ تورکمان لەسەر ئەم خاکە ژیاوین
لەیەک گۆڕستان نێژراوین
ئێمە دەستی یەکتر دەگرین دەستی خەبات و تێکۆشین
نەک ببینە بووکەڵەکەی دەستی ئێوە و
ڕیسوا بین و ببینە مەڕ لەبۆ دۆشین

خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

ئێمە برسین دژی یەکتر نین و براین
بۆ شەوەزەنگی ستەم و نایەکسانی مۆمین چراین

ئێمە ئیتر بە زوڕنای ئێوەی ستەمکار هەڵناپەڕین
بۆ مەلی خۆزگە و ئاواتمان
باڵین پەڕین

خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

ئەوەی ئێمە لەیەک دەکا ئەوە ئێوەن
دووژمنی ڕاستەقینەمان یەک دانەیە
بەڵام بە چەندەها شێوەن
گۆرانی ئایندەی ئێمە گۆرانییە لەبۆ ژیان
خەباتمان چڕ دەکەینەوە
لەپێناو ڕزگاری ئینسان
خنکاین لەنێو دەریای نەوتا
ڕیسوا بووین بە سیاسەتی خوار و چەوتا
نەهامەتی بوو بە بەشمان
لەبازاڕی سیاسەتدا مەرگ بوو بە چارەی ڕەشمان

حوزەیرانی ٢٠١٦

## قەڵەم

ناچێتە سێبەر دۆلار و زەوی
ناچەمێتەوە لەبەردەم گرگن
چی ڕاستی هەیە هەر ئەوە دەڵێ
دوور لە ستایشی مەسئولی گرگن

قەڵەمم چەکە بۆ خەبات هێزە
قەڵەمی ئاوام لەلا بەڕێزە

وەختێ دەنووسم هەر بەرژەوەندی
کرێکارانم لەبەرچاودایە
بە تێکۆشانم موتوربەم کردووە
دونیای قەڵەمم بەگڕ ئاودایە

قەڵەمم چەکە بۆ خەبات هێزە
قەڵەمی ئاوام لەلا بەڕێزە

دژ بە ستەم و ملکەچی و زوڵم
شاڵاو دەهێنێ بەردەوام قەڵەم
دژ بە سازش و ڕووخان و تەسلیم
لەڕێگای بۆسەم هەوێنی تەڵەم

قەڵەمم چەکە بۆ خەبات هێزە
قەڵەمی ئاوام لەلا بەڕێزە

لەژێر ئاڵا سوور خاراو بە خەبات
یەک یەک وشەکان دێنە سەر پەڕە
گەر وەک جەنگاوەر شەڕ نەکەن ئیتر
چی لە قەڵەم کەم بێسوود بێفەڕە
قەڵەمم چەکە بۆ خەبات هێزە
قەڵەمی ئاوام لەلا بەڕێزە

دڕ بە تاریکیی دەدا و ڕووناکی
دەکاتە دیاری دەستی بۆ خوێنەر
ئا لەم دونیایەی دوو بەرژەوەندی
قەڵەم بۆ کارگەر دەمڕاستە و نوێنەر
قەڵەمم چەکە بۆ خەبات هێزە
قەڵەمی ئاوام لەلا بەڕێزە

تەمموزی ٢٠١٦

## هەستان

من لەشکری بەرهەمهێنەری جیهانم
ڕوحم لەنێو یەکپارچەیی جەستەم دایە
ژینم شەلاڵ لە ئارەقە و
گیانم لە خوێن
ماندووبوون لێی بردووم هەستم
دەبینم گەلێ درەنگە
بۆیە دەبێ ئێستا هەستم

لە دژی کۆیلەتی کاری کرێگرتە
بەرپا دەکەم گڕی شۆڕش دێمە هەستان
خەبات دەکەم هەتاکو سەر بەبێ وەستان

ڤایرۆسەکانی هەژاری و بێبڕوایی بە بازووی خۆم
لە برینی ژینیان داوم
بۆیە پەیمانم بەستووە هەدا نەدەم
دژ بە کاری کرێگرتە هەتا ماوم
لە کوێ تاریکیی خەونێکم لەبار ببا
من بۆی دەبم بە زریان و بە ڕەشەبا

لە دژی کۆیلەتی کاری کرێگرتە
بەرپا دەکەم گڕی شۆڕش دێمە هەستان
خەبات دەکەم هەتاکو سەر بەبێ وەستان

لێرە و لەوێ دژ بە خەون و بە خولیای خۆم
هەنگاو دەنێم دەکەومە چاڵ
گەر بشمەوێ بیرکەمەوە نیشتمان و ئایین چوار دەورم دەتەنن
بە وەهمی ڕزگاری دەمسپێرن بە خەیاڵ
بەڵام دواجار هەر گۆرانییە جیهانییەکەم دەڵێمەوە
هەرچی ڕێیەک بگرمە بەر
هەر بۆ شارێی سۆسیالیزم و یەکسانی دەگەڕێمەوە

لە دژی کۆیلەتی کاری کرێگرتە
بەرپا دەکەم گڕی شۆڕش دێمە هەستان
خەبات دەکەم هەتاکو سەر بەبێ وەستان

ئیتر دەبێ بەردەبازەکان ببینم
بەنێو کێڵگە گەورەکانی هەوڵدانا
ڕێگا ببڕم بەرەو ئامانج
باکم نەبێ لە تەشەرە و لە تیر و توانج
باوەڕ بکەم بە قەڵغان و

ئالآی دەستیشم شەکاوە و بڵند و بەرز

نە (نەخێر) ی تووڕەبوون و

بزەی گەیشتن بە هیوا

ڕابماڵم هەرچی توخمی چەوسانەوە و نا یەکسانییە لەسەر ئەرز

لە دژی کۆیلەتی کاری کرێگرتە

بەرپا دەکەم گڕی شۆڕش دێمە هەستان

خەبات دەکەم هەتاکو سەر بەبێ وەستان

لە یەک کاتدا گڕ و ئاوم

خەون و زریان و ڕەشەبام

چرا و نووتەکی تاریکیی و

لێکدابڕاو و هەم تەبام

هەم گۆرانیم ..هەمیش ناڵەی پڕ لە ئێشم

هەم سەنگەری پڕ لە گڕ و

هەم هێرشبەری لە پێشم

من کرێکاری چینێکی سەراپا جەنگا و ناڕازیم

سووتێنەری خەم و وەهم و

بەرژەوەندی چینایەتی بورژوازیم

لە دژی کۆیلەتی کاری کرێگرتە

بەرپا دەکەم گڕی شۆڕش دێمە هەستان

خەبات دەکەم هەتاکو سەر بەبێ وەستان

ئابی ٢٠١٦

## گۆرانی میللی کرێکاریی

چی نەما پێمان نەکەن لەبەر تەماحی خۆیان
سووک و ڕیسوایان کردین هەتاکو کرا بۆیان
هێند ڕەزا قورس و قەڵپن گشت بە تاک و بە کۆیان
مەحاڵە سارێژ ببێ دەرد و زامی بە سۆیان
هاکا کەوتە بەر گۆییان فیغان و باوکەڕۆیان

کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

کارگوزار بم فەرمانبەر پیشەوەر یان مامۆستا
کەوتووینەتە بەر هێرش هەم بە چەپ و بە ڕاستا
گەر بایکۆتی کار بکەین دەڵێن دونیا ڕاوەستا
ئێمەیان لا نەزانە و خۆشیان شارەزا و وەستا
گەر جوان لێی ورد بیتەوە خاڵین لە عەقڵ و هەستا

کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

ناڕازی و ڕادیکاڵین ڕووخانیان ئەرکی سەرشان
هیچ ساتێ ناگوزەرێ بە بێ هەوڵ و تێکۆشان
لە خەباتی سوورماندا کەس نییە شان بدا لە شان
ئێمە ڕاپەڕینمان کرد بۆرژوا دەستی خۆی وەشان
کۆیلەتیمان تۆخ بۆوە لە بن دەست مەلا و قەشان

کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

تاقە ڕێیەک کە دڵت پێی خۆش بێ لەم دنیایە
هەر ڕێی مارکس – لینینە کەوا ئومێدی تیایە
ئەم ڕێیە زۆر پیرۆزە و هەتا بڵێی جیایە
دژ بە ستەم و زۆرە دژ بە فیتنە و ڕیایە
هەر بژی چینی کرێکار ئالآت لە لووتکەی چیایە

کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

جەنگاوەری دلێری ڕێی چینی کرێکارین
دەجەنگین هەتا ماوین دژ بە سەرمایەدارین
دنیای جەنگ و کۆیلەتی تێک دەدەین لێی بێزارین
بۆ مافی زەوتکراومان هەتا بڵێی بەکارین
شەڕێکە و یەخەی گرتووین دێینە دەست و ناچارین
کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

ڕۆژێ دێ ڕادەماڵین تەخت و سەرای فیرعەون
دنیایەک بنیاد دەنێین بێ وێنە بێ لە کەون
دێتە دی سەرجەم خولیا و هیوا وئاوات و خەون
ئازادی سەرتاپای ژین یەکانگیر کا وەک تەون
چاویان بە خۆر هەڵنایە شەمشەمەکوێرەی شەون
کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

منداڵی سەرمایەدار بە ڕابواردن سەرقاڵە
نیعمەتی دنیا بۆ ئەو ئێمەش دەممان بۆی ئاڵە
بۆ هەر هەوڵێک کە دەیدەین بەردەممان کەند و چاڵە
خەباتمان بە بێ ژنان وەکو باڵندەی تاک باڵە
گەر دەست بە شۆڕش نەکەین ڕزگاربوونمان مەحاڵە

کار دەکەین ڕەنج دەدەین
ئێمەین خاوەنی دونیا
ژیانمان چاڵی مەرگە و
خۆشمان هاین وا لە بنیا

سەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠١٦

تێبینی : زۆربەی جار گۆرانییە میللییەکان، ئەوانەی تەژین لە ڕق و بێزاری و نەفرەت خۆڕسکانە لەلایەن گۆرانیبێژە میللییەکانەوە دادەنرێن و ڕێکدەخرێن و دەوترێنەوە، هەندێجاریش شاعیری میللی یان نووسەرێک ئەو کارە ئەنجام دەدات. من ئەم تەجرەبەیەم وەک یەکەم تەجرەبەی گۆرانی نارەزایی چینایەتی نووسیوە.

## ئێمەی کرێکار

ئێمەین دڵی کارگە و ژینین
ڕوحی دەرد و ژان دەبینین
بۆ پسانی زنجیری دەست
پڕ لە وزە و گوڕ و تینین

ڕێبواری ڕێین بۆ ڕزگاری
لە ستەم و لە زۆرداری
بەڵێ ئێمەین گۆڕ هەڵکەنی
نیزامی سەرمایەداری

ئێمە شارەزاین لە بینین
لە ناسینی دەرد و برین
ئێمەین چارەسەر بە عەزمی
پۆلایینی هاوڕێ لینین

مارکس ڕێ نیشاندەرمانە
مانیفێست لەنێو دڵمانە
مارشی خەبات بەرز و بڵند
تاجێکە و لەسەر سەرمانە

ئێمە ئەو هێزەین ناترسین
هەنگاو هەڵدەگرین ناپرسین
ئێمە لەشکری ڕزگارین
ئاسوودە نین، ڕووتین، برسین

ئێمە ئێستا بانگەوازین
لەکار و ژیان ناڕازین
ئێمە موژدەی دونیای تازەین
بۆ گشت جیهان جێی شانازین

ئێمە ئەو هێزە گەورەیەین
ڕزگارکەرە بە ورەیەین
دەنگمان گەرچی خنکێنرابوو
بەڵام سەدای ئەم دەورەیەین

٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨

## لە ئەیارا..دەبم بە دەریای خەونی نوێ

ئەمڕۆ دەستی هاوکارەکەم لە دەستمایە
وا بڕیارە دابڕێژم نەخشەی تازەی ئەم دونیایە
لەمڕۆ بەدوا هەر گوێ لە دەنگی خۆم دەگرم
بێئەوەی ژێوان ببمەوە تێدەکۆشم هەتا دەمرم

لە ئەیارا دەبم بە دەریای خەونی نوێ
دەبمە ئەو هەتاوەی گشت ڕۆژ
بۆ ئینسان سەرلەنوێ هەڵدێ

ئەمڕۆ جیاوازتر لە دوێنێ ڕێی ڕزگاریم لا ڕوونترە
بڵاچەی بیرم لەجاران گەلێ زیاتر توندترە
گوێم لە هات و لەهاواری بۆرژواکانە تۆقیون
وەکو قارچک لەسەر ڕێی ژین هەڵتۆقیون

لە ئەیارا دەبم بە دەریای خەونی نوێ
دەبمە ئەو هەتاوەی گشت ڕۆژ
بۆ ئینسان سەرلەنوێ هەڵدێ

دەبێ کۆمۆنەی پاریسێکی نوێ ساز کەم لە ئایارا
ژیانێک پڕ لە یەکسانی چێکەم لەگەڵ دۆست و یارا
دەبمە ئەو دەریا بەرینەی پڕ لەهیوا و پڕ لە هێزە
دەگێڕمەوە بۆ ئینسانییەت هەرچی بەها و هەرچی ڕێزە

لە ئەیارا دەبم بە دەریای خەونی نوێ
دەبمە ئەو هەتاوەی گشت ڕۆژ
بۆ ئینسان سەرلەنوێ هەڵدێ

نە ترسێکم لە دڵایە و نە باکم بە مردنیشە
نە سڵ لەهیچ دەکەمەوە لەم هێنان و بردنیشە
ئەوەی مەبەستمە ژیانە هەموو بژین کۆیلە نەبین
فڕ کەین شەرابی یەکسانی هەتا سەرخۆش ئەبین یەک بین

لە ئەیارا دەبم بە دەریای خەونی نوێ
دەبمە ئەو هەتاوەی گشت ڕۆژ
بۆ ئینسان سەرلەنوێ هەڵدێ

نیسانی ٢٠١٨

## گۆرانی ئایار

لەسەر ئاوازی (چاوت جوانە لەیلا) دانراوە

هەموو ساڵێ ئایار
هێزی خۆ دەنوێنین
بۆ گەیشتن بە ئامانج
بێوچان دەخوێنین ( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

جەژنی چینایەتی
گشت کرێکارانە
زەنگی مەرگی زوڵم و
سەرمایەدارانە( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

مەرجی سەرکەوتنمان
دەست لەناو دەست بوونە
بە شەرابی خەبات
سەرخۆش و مەست بوونە( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

دەگەین بە ئاواتمان
گەر بگرین پشتی یەک
وەک یەک جەستە بژین
نەوەک دوو دوو یەک یەک( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

ژیان شەوەزەنگە
با هەڵبێ هەتاومان
هەموو بخۆین بەری
تێکۆشان و تاومان( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

با لەژێر ئاڵای سوور
شەقام بلەرزێنین
کۆیلەتی و ژێر دەستی
لە مەرگ بگەوزێنین( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

ئەوسا بۆ هەمیشە
ئازاد بین تا هەتا
دونیایەک بنیاد نەین
دوور لە دەردو پەتا( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

ئایاری خوێناوی
پەیژەی ڕزگارییە
هەوێنی ئومێد و
خەونی یەکجارییە( هێی هێی هێی هێی هێی هێی)

٣٠ ی نیسانی ٢٠١٨

## کارگەری چەکدار

لەهەناوی زەلکاوی ئەم ژینە تاڵە
منی ئینسان وا دەخنکێم
بووم بە سووتووی نێو کوانووی تەماعی قازانج پەرستان
بێ وەی کەس پێمبڵێ من کێم
من هەر خۆمم
وا ئاهەنگی ئینسانیبوونم ئەگێڕم
بۆ ڕۆمانی سەرفرازی سەرجەم بەشەر
دوایین دێڕم

من کارگەرم
چەکی بەرگریی و خەباتم لە شاندایە
تاکە ئومێدی ڕزگاریم
لەهەوڵ و تێکۆشاندایە

وەک چۆن دار لە وەرزی بەهار
گەڵای تازە و لق و پۆپی نوێ دەردەکا
وەک چۆن زەوی کراسی سەوز لەبەر دەکا
ئاوا لەنێو بیابانی کۆیلەتی ژین

گەڵای ئومێد لق و چڵی خەون دەردەکەم
هەر وەک زەوی
کراسێکی ڕێک بەبەری خۆزگەکانم لەبەر دەکەم

من کارگەرم
چەکی بەرگریی و خەباتم لە شاندایە
تاکە ئومێدی ڕزگاریم
لەهەوڵ و تێکۆشاندایە

تێگەیشتم سەرمایەدار
تەماحکارانی خاوەن کار
چەند ئاشتییانە بیان دوێنی
ئەوان بێترس دڕ تر ئەبن
کرێکاریش لەژێر ڕەتڵی بیروبڕوای دەسەڵاتدار
هەتاکو دێ ورتر دەبن
بۆیە هەنگاو بۆ دەسەڵاتی کارگەر و سۆشیالیزم
تەنها شۆڕش و خەباتی چەکدارییە
ڕاماڵینی کۆیلەتییە و
بەم جۆرە دەردیان کارییە.

من کارگەرم
چەکی بەرگریی و خەباتم لە شاندایە
تاکە ئومێدی ڕزگاریم
لەهەوڵ و تێکۆشاندایە

منی کارگەر
منی جەنگاوەری ڕێگای سۆشیالیزم
لە یەککاتدا تفەنگێک و چەکی بیروبڕوام پێنە
هەردوو چەکیش
دژ بە هەر هەنگاوێکی سەرمایەداران لەسەر پێنە
بۆ ئامانجی بەرزی ئینسان
هەتا ماوم تێدەکۆشم
من هاواری حیکایەتێکی نوێی مێژووم
لەم بەستەڵەکی شۆڕشە
پاڵتۆی ڕەنج و قوربانی خەبات ئەپۆشم

من کارگەرم
چەکی بەرگریی و خەباتم لە شاندایە
تاکە ئومێدی ڕزگاریم
لەهەوڵ و تێکۆشاندایە

کۆتایی ئایاری ٢٠١٨

## گۆرانی میللی مەگری

مەگری مەگری ئازیز مەگری
گریان بۆ بێدەسەڵاتە
ڕامالینی ئەم حکومەتە
ئاسانە هەروەک زەڵاتە

خۆشباوەڕی لەسەر دەرکەن
کۆببنەوە تاک و کۆمەڵ
دوور بن لە یەکێتی و پارتی
گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ

ڕاو تەکبیر کەن چۆن یەکگرن
لە یەکێتی دایە هێزتان
هەر ئەو هێزەیە بەتەنها
مایەی گێڕانەوەی ڕێزتان

کۆببنەوە لەدەوری یەک

دڵۆپ دڵۆپ تا بە دەریا
ئەوسا ڕاپەڕن شۆڕش کەن
دێتە دی گشت خۆزگە و بریا

خۆشباوەڕ مەبن بە وەعد و
بە پەیمانی ئەو دزانە
کەس ناتوانێ ڕزگارت کا
جگە لە خۆت دەی بیزانە

ئەوان و ئێوە برا نین
ڕاستیت دەوێ دووژمن یەکن
ئێوە خۆتان هەزار پارچە
ئەوانیش ڕێک تەبا و یەکن

مەگری ئازیز دەرد زۆرە زۆر
بەڵا دەبارێ لای ئەوان
بۆ مەرامی پیس و ڕەشیان
ئێوە تیرن و خۆشیان کەوان

تەماحی بۆرژوای چاوتەنگ

سنووری تێپەڕاندووە

تەکانی ئێوەی چەوساوە

هەنگاوی سست و ماندووە

گەر دواڕۆژی ڕوونتان ئەوێ

ژین پڕ بێ لە خۆشی و خەندە

هەڵهاتنی خۆری ئەو خەونە

بە هەوڵی کرێکار بەندە

تشرینی دووەمی ٢٠١٧

## سروودی سۆشیالیزم

هەڵقرچاوین بە گڕی برسێتی و خەم
ژێر دەستەین تەزیوین بە ژان و ستەم
سەرمایە ئاوێنەی تەمەنی شکان
دلۆپ دڵۆپ خوێنی دڵمانی تکان

سۆشیالیزم خواست و هیوای پیر و گەنجی
سۆشیالیزم هەوێنی تەقەللا و ڕەنجی

ڕوونە کۆتی کۆیلەتی کاتێ ئەپسێ
چینی کرێکار لە تێکۆشان نەترسێ
نەمانی ئەم زنجیر و کۆت و بەندە
تەنها بەخەباتی ئێمەوە بەندە
ئەوسا دونیا دەبێ بە باخی ڕەنگین
تامی ژیان دەبێ بە تامی هەنگوین

سۆشیالیزم خواست و هیوای پیر و گەنجی
سۆشیالیزم هەوێنی تەقەللا و ڕەنجی

ئاڵای دەست ئاڵا سوورەکەی لینینە
مارکسیزم دەروازەی خۆری بینینە
تێک دەدەین دونیای ڕزیوی سەرمایە
زیان ناکەین سەروەرییە دەستمایە

سۆشیالیزم خواست و هیوای پیر و گەنجی
سۆشیالیزم هەوێنی تەقەللا و ڕەنجی

چینی ئێمە بەپانی گۆی زەوییە
گەر بخوازێ سەری خواش بۆی نەوییە
لەناو دەبەین مۆتەکەی گشت ترسەکان
خاوەن وەڵام دەبین بۆ گشت پرسەکان

سۆشیالیزم خواست و هیوای پیر و گەنجی
سۆشیالیزم هەوێنی تەقەللا و ڕەنجی

هەڵگری بیرکردنەوەی مارکسیزمین
ڕێبواری ڕێگای سەختی سۆشیالیزمین
بەرچاو ڕوونی ئێمە هەر مانیفێستە
بۆ تێکۆشان چرایە و پڕ بەپێستە

سۆشیالیزم خواست و هیوای پیر و گەنجی
سۆشیالیزم هەوێنی تەقەللا و ڕەنجی

٢٠١٨-١٢-٢

تێبینی : ئەم سرووده بە دوو کێشی جیاوازی  پەنجەی یانزە و دوانزە برگەیی نووسراوە و لەسەر ئاوازی سروودی مەشخەڵانی یەکێتی دانراوە.

## بەستەی سۆشیالیستێکی خاراو

جەنگاوەرانی ڕێی سۆشیالیزمین
بەرەو ڕزگاری هەنگاومان ناوە
ئەو تێکۆشەرەین دونیا دەگۆڕین
دژ بە کۆیلەتین کارگەرمان ناوە

ئاسۆی خەباتمان بە خوێن سوور دەکەین
خۆری ڕزگاریی هەڵدێ یەکجاریی
شتێک نامێنێ ناوی ستەم بێ
ژێرەوژوور دەکەین سەرمایەداریی

لەژێر بەرداشی جووڵەی هەنگاومان
ورد و خاش دەکەین ئاستەنگ و بەربەست
ڕۆژی سەردەکەوتن ئەو کات دەزانین
چەند خۆشە ژینی ئازاد و سەربەست

هێزی لەشکری برسییەکانین دێین
قڵپ دەکەینەوە دونیای ئاوەژوو
جیهانێکی نوێ دادەمەزرێنین
پڕ بە پانتایی حەز و ئارەزوو

زەوی دەکەینە شوێنی خەونەکان
بە ئاسوودەیی دەژین تا ماوین
لەو پێناوەیا ئێستا شەو و ڕۆژ
لەکوورەی خەبات کۆک و خاراوین.

٥ تشرینی دووەمی ٢٠١٨

## کلیل

کلیلی چارەنووست
لای خۆتە بیر کەرەوە
دەرگای دواڕۆژێکی نوێ
بەڕووی خۆت بکەرەوە

کلیلی دواڕۆژی ڕوون
یەکبوون و یەکگرتنە
هاتنە مەیدانی خەبات
گرەوی سەرکەوتنە

هۆشیاربوون مەرجە تاکو
نەکەوی لە تێکۆشان
گرنگە خۆت بناسی
پێش هەستان و خرۆشان

دەبێ ئاشنا بیت بە ڕێ
بە کۆسپەکان ، ناخۆشی
تەکان دەی لێوڕێژ بیت لە
تامەزرۆیی و پەرۆشی

نەوەستی تا دوا ئامانج
کۆیلەداری بنبڕ کەی
ئەوسا بادەی خۆشنوودی
بۆ هەتا هەتا فڕ کەی

٢٠١٨-١١-٢٩

## دیکتاتۆری پرۆلیتاریا

بۆرژواکان چەند دڕندەن
دەنگ هەڵبڕین تیرۆر کراوین
باسی شۆڕش کەین یان خەبات
هەتاکو ماوین ڕاو نراوین

زیندان و سوپای هاروهاج
ئامادەن بۆ فەوتاندنمان
میدیای چەواشەکاریشیان
کار دەکەن بۆ گەوجاندنمان

تا دەسەڵات لە دەستیان یێ
هەر شەقارە دەست و پلمان
باسی دونیای تازە بکەین
پەتی مەرگ دەخرێتە ملمان

ئەوان سەرمایەیان دەوێ

دەسەڵاتی زەبەند و زۆر

تەماحکارن قەت تێر ناخۆن

زەلوون خوێنمژن مشەخۆر

سبەی ڕاپەڕینیش بکەین

دەسەڵاتیش بگرینە دەست

ئەوان هەر خەمە گەورەکەن

ئێمەش لەناو داوی مەبەست

بۆیە دەبێت لەوان توندتر

دیکتاتۆری خۆمان چێ کەین

گەلێ لەوان بە تۆکمەتر

گڵۆپی سەرکوتیان پێ کەین

دیکتاتۆری کرێکاران
زامنکەری دەستکەوتەکان
ڕێ خۆشکەرە بۆ داهاتوو
هەوێنە بۆ سەرکەوتنەکان

بۆ دیکتاتۆری کارگەران
لە ئێستاوە دەڵێم بەستە
بۆ سبەێنێی ئەو ئامانجە
لەم ساتەوە شیعرم مەستە

بژی دیکتاتۆری کارگەر
بژی پارێزەری ژیان
زامنکەری سۆشیالیزمیت
بۆت گیانبازە لەو ڕێیە گیان

تشرینی دووەمی ٢٠١٨

## پێڕست


پێشکەشه به: ٣
گزنگ تەنیایه وەک شاعیر ٤
لەودیوی زەریاکانەوه ژیان بێڕەنگە وەک عاشق ٧
وەرە و نەجیبزادانه لەدەرگای خەیاڵ بدە ١١
بەوێدا تێپەڕیم ١٦
ئەوان لەپەنای ژینەوە وەک گوڵەباخ سوور دەچنەوە ١٩
من بەشی خۆم ناکەم ٢٣
کتێبی سەفەر ٢٦
مەنفا جوان جوان خۆی بادەدا وەختێ بەشەقامی ژیان تێدەپەڕێ ٢٨
سێوێک لەباخەڵی شیعردا ٣٢
دواجار ئەچمەوە لای ڕووتیی ٣٥
پیاوێک لە ئەفسانە ٣٨
کچە پرچ درێژەکەی مایکۆفسکی ٤٠
پیاوە گەورەکان ٤٢
لەژێر لێزمە خەیاڵ دەیبرد بەڕێوە ٤٤
مەرگ بوەستە..جارێ سەرقاڵی ژیانم ٥٠
جوان گوێم لێیە..غەریبێک لە دەرگام دەدات ٥٢
من چیتر دەست بە بنچکەگیای ژیانەوە ناگرم ٥٦
فەرزەندەیەک ناخی کردووم بە دەلاقەی حەزەکانی ٥٨
کتێبی بەفری شین ٦١
من کۆمەڵێ ژمارەم ٦٣
فەنائنامەی خۆشەویستی ٦٦
من و براکەم ٦٩
لەناو مانای ژیان ٧٣
وێڵبوون ٧٦

لەدوا هەناسەدا وتی ——— ٨٠
گۆڕانی کەش و هەوا ——— ٨١
مامەحەمە ——— ٨٣
نەوەکەشم لە ئێستاوە کرێکاری چاوەڕوانییەتی ——— ٨٦
هەردوو یەکین و یەکیش نین ——— ٨٧
سێ دەنگ و ژنێک ——— ٩٠
چاوەڕوانی ——— ٩١
تەرم ——— ٩٢
فیرعەونی هەزارەی سێ ——— ٩٣
دەستگێڕ ——— ٩٥
ئەز دخازم ——— ٩٧
مەرگی شیعر ——— ٩٩
ڕەتبوون ——— ١٠١
لار بوونەوە ——— ١٠٢
لە جەنگەوە ——— ١٠٣
من زیادەم ——— ١٠٤
گریان ——— ١٠٥
ماڵی مەشخەڵ ——— ١٠٦
دەڵێم ——— ١٠٨
کۆشک ——— ١١٠
چرا ——— ١١٢
شەقام نیشتمانی منە ——— ١١٣
لەشکرێک لە خۆم ——— ١١٥
دوومەڵ ——— ١١٧
سەرسام ——— ١١٩
یاسای بەرد ——— ١٢٠
بۆن و چەشە ——— ١٢٢

کۆنەفرۆش ——— ١٢٣
حیکایەتی تەنیایی و من ——— ١٢٦
ئاخ سروشت چەندە غەدداریت! ——— ١٢٩
هەتا ——— ١٣١
من ژیانم تەجاوزە ——— ١٣٢
من کچێکی ڕۆژهەڵاتیم ——— ١٣٤
من و هاوار ——— ١٣٧
ئێوە چیبوون؟ ——— ١٣٨
کرێکارێک لە یادەوەری کوڕەکەی ——— ١٤٢
تەرازوو ——— ١٤٥
دەستەسڕی سواڵ ——— ١٤٧
پەیکەری خەون و حەسرەت ——— ١٤٨
چەند دێرێک لە دوانامەی گیانبەختکردوو ئاراس ——— ١٥٠
نیگاکانی سەفەری شاعیرێک ——— ١٥٢
خەونی دەستگێڕێک ——— ١٥٤
من و هاوسەرەکەم ——— ١٥٦
بێکاریی ——— ١٥٨
جەمسەرەکانی ئەوین ——— ١٥٩
پەخشانەشیعر ——— ١٦١
تەمەن و شیعر و تێکۆشان ——— ١٦٥
سەخت و دژوار ——— ١٦٧
مەراقەکانی مایکڵ ——— ١٦٩
لە نیگای وشەوە ——— ١٧٢
دەنکە مرواریییەکەی شیعرم ——— ١٧٤
ئێمە و ئەوان ——— ١٧٦
ئەبستراکتی خەیاڵ ——— ١٧٩
کە جێت هیشتین ——— ١٨١

لە بەهارێکدا ڕۆیشتن ــــــ ١٨٣
یەکی ئەیار لەنێوان من و گۆرگیدا ــــــ ١٨٦
نووسینی سەر تابلۆیەک ــــــ ١٩٠
هەموو ڕۆژێک ڕەش دەچمەوە ــــــ ١٩١
هەڵدانەوەی دۆسیەیەکی لەیادکراو ــــــ ١٩٤
تەحەددا ــــــ ١٩٨
لۆری و شەقشەقەکەی ــــــ ٢٠٠
من و سێبەرەکەم ــــــ ٢٠٤
سێ دەیەیە ــــــ ٢٠٦
کچە پاسکیل سوارەکەی جادەی گرانقڵ ــــــ ٢٠٨
پێکەنین ــــــ ٢١١
کوشتنی شیعرێکی یاخیی ــــــ ٢١٣
چیم لێت دەوێ؟ ــــــ ٢١٦
سروودی بەلشەفیکێکی نێو جەهەنمی سەرمایە ــــــ ٢١٨
تەوژمی بانگەواز ــــــ ٢٢٠
ژیلەمۆی خەونێکی نوێ ــــــ ٢٢٢
سروودی کۆڵبەر ــــــ ٢٢٥
سەدەیەکە شۆڕشێکم لە نێوخۆمدا هەڵگرتووە! ــــــ ٢٢٨
ئێوە چ شیعرێکتان دەوێ؟ ــــــ ٢٣٢
گیانبازی ــــــ ٢٣٦
تیرۆریست ــــــ ٢٣٨
نیو سەدەیە ــــــ ٢٤٠
لەدەرەوەی جوغزی تەنیایی ــــــ ٢٤٢
ئاڵا ــــــ ٢٤٤
سووتەمەنی ــــــ ٢٤٥
هەتاوەکە دواجار هەڵهات ــــــ ٢٤٧
تۆ خۆش هاتی ئەی مێوانە بچکۆلەکە ــــــ ٢٤٩

کۆچە ناوادەکەی شیعر ——— ٢٥١
شەرمەزاری ——— ٢٥٣
دەخوازم ——— ٢٥٤
کێڵگەی خەیاڵ ——— ٢٥٥
ماتەمینێکی درەنگ وەخت ——— ٢٥٩
ئێمەی تووڕەی ئاڵا بەدەست ——— ٢٦٠
لە یەکی ئەیار ——— ٢٦٣
جەنگ ——— ٢٦٤
پێناسە شیعر ——— ٢٦٦
کەرکووک ——— ٢٦٩
عەبدوڵا سڵێمان مەشخەڵ ——— ٢٧٠
نێرگز ——— ٢٧١
خۆشم دەوێی ——— ٢٧٢
نووسەر ——— ٢٧٣
کتێب ——— ٢٧٤
شەڕڤان ——— ٢٧٥
کارل مارکس ——— ٢٧٦
ئەنگڵس ——— ٢٧٧
شۆڕشی ئۆکتۆبەر ——— ٢٧٨
ترامپ ——— ٢٧٩
دز ——— ٢٨٠
ئەردۆغان ——— ٢٨١
لینین ——— ٢٨٢
مەرگی ئەو ——— ٢٨٣
بەسەرهاتی من و کچە جەنگاوەرە بەلشەفییەکە ——— ٢٨٥
چەند وێنەیەک لە پێشانگای برینەکانی هەڵەبجە ——— ٢٨٧
تابووت ——— ٢٨٩

بیرتە هاوچینم بیرتە! ــــــــ ٢٩٠
مسەلەحە ــــــــ ٢٩٢
سەکن ــــــــ ٢٩٣
ئێمە و ئێوە ــــــــ ٢٩٥
کسپەیەک ــــــــ ٢٩٦
چەند کرێکارانە دەژیم!! ــــــــ ٢٩٧
تەنیایی ــــــــ ٣٠١
ونبوونی منداڵی ــــــــ ٣٠٢
شارێک لەدەرەوەی دیرۆک ــــــــ ٣٠٤
ڕوانینێک ــــــــ ٣٠٦
جامی ئارامی لێی دەڕژێ ــــــــ ٣٠٨
ئەوێ ڕۆژێ ــــــــ ٣١٣
سەفەر لە ئۆکتۆبەری ساردد ــــــــ ٣١٥
دوا دێڕی سەرزاری زامێکی بێئۆقرە! ــــــــ ٣١٨
ئاسوودەیی ــــــــ ٣٢٠
لینین ــــــــ ٣٢١
ئاوێنە ــــــــ ٣٢٣
هێلەک زەردەکان ــــــــ ٣٢٤
سروودە کرێکارییەکان ــــــــ ٣٢٧
کرێکارێکی تووڕە ــــــــ ٣٢٨
داچۆڕانی ئومێد ــــــــ ٣٣١
یەکبوون مەرجی سەرکەوتنە ــــــــ ٣٣٣
سەد و سی ئەیارە ئەمڕۆ ــــــــ ٣٣٦
بەرەو شوراکان ــــــــ ٣٤٠
جەنگاوەرانی یەپەژە ــــــــ ٣٤٢
حکومەتی کرێکاری ــــــــ ٣٤٥
پڕجۆش بێ کوورەی خەباتم ــــــــ ٣٤٨

شەپۆڵی دەریا ——— ٣٥١
بەگژا چوون ——— ٣٥٤
یەکگرتن ——— ٣٥٧
لە هەشتی سێدا ——— ٣٥٩
گۆرانی کۆیلە ——— ٣٦٥
زریان ——— ٣٦٨
تووڕدان ——— ٣٧٠
ئێمە و ئێوە ——— ٣٧٢
قەڵەم ——— ٣٧٦
هەستان ——— ٣٧٨
گۆرانی میللی کرێکاریی ——— ٣٨١
ئێمەی کرێکار ——— ٣٨٥
لە ئەیارا..دەبم بە دەریای خەونی نوێ ——— ٣٨٧
گۆرانی ئایار ——— ٣٨٩
کارگەری چەکدار ——— ٣٩١
گۆرانی میللی مەگری ——— ٣٩٤
سروودی سۆشیالیزم ——— ٣٩٨
بەستەی سۆشیالیستێکی خاراو ——— ٤٠١
کلیل ——— ٤٠٣
دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ——— ٤٠٥
پێڕست ............................................................... ٥٠٨